
# نەبی ئیبراهیم ناوێکی گەورە و ماڵێکی وێران

سەلاح ڕێبوار



# نەبی ئیبراهیم ناوێکی گەورە
# و ماڵێکی وێران

سەلاح ڕێبوار

نووسەر : سەلاح ڕێبوار
ناوی پەرتووک : نەبی ئیبراهیم ناوێکی گەورە و ماڵێکی وێران
بابەت :لێکۆڵینەوەیەکی تیورییە، سەبارەت بە نەبی ئیبراهیم و دۆزینەوەی شوێن
پێی لە مێژووی مرۆڤایەتی لە نێوان ڕاستی و ئەندیشەدا
تایپ و دیزاین : سەلاح ڕێبوار
وێنەی بەرگ: کۆچی ئەبرەهام
هونەرمەندی هەنگاری (جۆزیف مۆلنەر)ساڵی ١٨٥٠زاینی
ساڵ: ٢٠٢١

## پێشکەشە

بەو مرۆڤانەی هەمیشە بە هزر و کاری ڕۆژانەیان، وەک چرایەک دەبنە ڕەچەشکێن، لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی ئارام، مرۆڤدۆست و دوور لە خورافات. کە تێیدا پیکەوەژیان و لەیەک تێگەیشتن بەبێ ڕەچاوکردنی بیروباوەڕ، ڕەگەز، دین و نەتەوایەتی، بۆ هەموان مسۆگەربێ، جا لە هەر کوێیەک بن.

ئەم پەرتووکە بریتییە لە دوو بابەت:

١ دین و هزری مرۆڤ   ل١٣

٢ نەبی ئیبراهیم ناوێکی گەورە و ماڵێکی وێران  ل٣٨

# پیرستی ناوەڕۆک


ووشەیەک بۆ بەرچاوڕوونی ........................................................ 10

بابەتی یەکەم ....................................................................... 13

دین و هزری مرۆڤ ................................................................. 13

١. دین بەرهەمی دوورەپەرێزی مرۆڤ ............................................ 14

٢. سەرهەڵدانی دین .................................................................. 20

٣. دینە یەکتاپەرستەکان وسێ بنچینەکانیان ..................................... 30

بابەتی دووەم ........................................................................ 38

نەبی ئیبراهیم ناوێکی گەورە و ماڵێکی وێران ................................. 38

بەشی یەکەم ......................................................................... 39

ئیبراهیم کەراکتەری سەرەکی سێ دینە سامییەکان............................ 39

بەر لە دەستپێکردن ................................................................. 45

ئەبرام لە ناو دەقەکانی تەورات .................................................. 47

بەشی سێیەم ......................................................................... 52

ئیبراهیم و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان ........................................ 52

ئیبراهیم و پەیوەندی لەگەڵ ژن ................................................... 52

چیرۆکی ئەبرام و سارا و هاجەر ................................................. 53

چیرۆکێکی تری ئەبرام و سارا و هاجەر ........................................ 56

لەدایکبوونی ئیسحاق ............................................................... 59

ژن هێنانی ئیسحاق ................................................................. 60

بەڵاگێڕکردنی ئیسحاق ............................................................. 62

چەند ووشەیەک دەربارەی کولتووری بەڵاگێڕکردن .............................. 64

بەشی چوارەم ....................................................................... 67

ئەبرەهام (ئیبراهیم) .......................................................... 67
ناکۆکی نێوان پەرتووکەکانی یەهودی ................................ 67
ناکۆکی نێوان دەقەکانی تەورات ..................................... 68
ناکۆکییەکانی نێوان تەورات و تالمود .............................. 72
چەند خاڵی گشتگیر لەسەر کەسایەتی ئەبرام ..................... 74
ڕیشەی ناوی ئەبرام و سارا .............................................. 76
نیشتیمانی ڕەسەنی یەهودی لە ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبیە، نەک خاکی کەنعان.................................................................... 78
بەشی پێنجەم...................................................................... 82
ئەبرەهام............................................................................ 82
پێنج کەسایەتی لە ژێر یەک دەمامک ................................ 82
١. ئەبرامی ئارامی............................................................ 84
٢. ئەبرامی عیبرانی ........................................................ 91
٣. ئەبرامی یەمەنی ......................................................... 94
٤. ئەبرامی شەباعە ....................................................... 101
٥. ئەبرامی شەدای......................................................... 107
بەشی پێنجەم.................................................................... 113
ئەبرەهام لە ئینجیلی کریستیانی.......................................... 113
بەشی شەشەم.................................................................... 116
ئیبراهیم لە قورئان، بە بەراورد لەگەڵ دەقەکانی یەهودی ................. 116
ژیانی ئیبراهیم و ناکۆکی لە نێوان قورئان.......................... 117
و پەرتووکەکانی یەهوودی ............................................... 117
ئەبرام و هزری یەکتاپەرستی ........................................... 119
کیشەی ئەبرام ئیبراهیم لەگەڵ باوکی ................................ 121

موژدەی لەدایکبوونی ئیسحاق............................................................ 127
ئیبراهیم و بەڵاگێڕکردنی یەک لە کوڕەکانی ............................................ 129
بەڵاگێڕکردن  لە تالمود.................................................................. 130
موسوڵمانان و کێشەی بەڵاگێڕکردنی یەک لە ........................................... 135
کوڕەکانی ئیبراهیم......................................................................... 135
کێشەی لوت و خەڵکی سەدوم و لەناوبردنیان............................................ 138
بەشی حەوتەم ............................................................................. 143
سەفەر و دەربەدەرکردنی هاجەر و ئیسماعیل لەلایەن ئەبرەهامەوە ...... 143
سەفەری ئیبراهیم و هاجەر و ئیسماعیل بۆ باشوور ........................ 143
دەربەدەرکردنی ئیسماعیل و دایکی هاجەر لە تالمود ....................... 147
بەشی هەشتەم ............................................................................. 150
ئیبراهیم و کێشەی ساخکردنەوەی کەراکتەری ........................................ 150
بەشی هەشتەم ............................................................................. 151
ئیبراهیم (ئەبرەهام) و تەمومژی پاشخانی ................................................ 151
لە ڕێگای ئاوریشمەوە، بە شوێن پێی نەبی ............................................. 155
ئیبراهیم بەرەو ڕۆژهەڵات ................................................................ 155
خاڵە هاوبەشەکانی نێوان براهما و (ئەبرەهام) ئیبراهیم .................... 160
بەشی نۆیەم.............................................................................. 169
پوختەی باس.............................................................................. 169
بۆ ڕەواندنەوەی تارمایی ئەبرام، ئەبرەهام................................................ 169
سەرچاوەکان: ............................................................................. 176

# ووشەیەک بۆ بەرچاوڕوونی

بۆ لێکۆڵینەوە لە دین، و تێگەیشتنی لە ڕووی مێژوویی، و کۆمەڵایەتی و شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ، بەبێ شارەزایی لە بیرە سەرەتاییەکان. و چۆنییەتی سەرهەلدان و دروستبوونی کەراکتەرە سەرەکییەکانی. و شێوەی بڵاوبوونەوەی ئەو دینە, ئەستەمە بتوانی ئەو دەرفەتە وەربگری. تا بە قووڵی و شێوەیەکی لۆژیک سەبارەت بە سەرهەڵدان، و چەکەرەکردنی بیری پەرستن و پەرەسەندنی تێبگەی. بە پێچەوانەی ئەوەش، بە تێگەیشتن لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی دینیان لێ وەدی هاتووە. وەک لەسەر دۆندێکی بەرز، مەودایەکی فراوان و بێ ئەندازە، لە خەرمانی زانین و ڕۆچوون بەناو هزر و نەرێتی ئەود دینەمان دەخاتە بەردەم. کە دەبێتە مەیدانێکی کراوە، بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکردن لە گۆشە نیگای جیاجیا، سەر بیرکردنەوەی مرۆڤ و بیروباوەڕی. کە ڕێگا بۆ دۆزینەوەی وەڵامی، پرسیارە شاراوەکان ئاسانتر دەکا. بەوەش دەتوانین پەردە لەسەر ئەو هۆکار و بنەمایانە هەڵماڵین، کە لە بنەڕەتدا دەبنە سەرچاوە بۆ سەرهەڵدانی دین. هەروەها هەوێنن بۆ پەرەسندن و وەدیهاتنی شێوە و ئاکاری کەراکتەراکانی و پیرۆزکردنیان. ئەوەش بە مەرجێ بە چاوێلکەی مۆدێرن و هاوسەردەم تێی بڕاونین. و بەبێ خۆ گیرکردن لە قاوخی بیروباوەڕێکی جەقبەستوو.

لە زانستی مێژوودا، ناکرێ بۆ سەلماندنی باسێکی زانستی و قووڵی مێژوویی، بە تەنیا لە چوار چێوەی یەک ڕەهەند، خۆت دووبارەکەیتەوە و لە دەرەوی ئەو چوارچێوەیە هیچ نەبینی و نەبیستی. جا بەهەر هۆیەکەوەبێ.

ئەو باسەی لەبەر دەستت دایە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دین و سەرهەڵدانییەوە هەیە. بۆیە بەر لەوەی بچینە ناو باسەکە، دەبێ باسێکی دین خۆی بکەین. چونکە ئەوە دینە کەراکتەراکانی دروست دەکا و بەپێی پەرەسندن ڕۆڵیان دەداتێ و پیرۆزیان دەکات.

به بەهەمان بۆنەوە دەمەوێ ئەوەش ساخ کەمەوە، کە ئەو پەرتووکانەی لەو لێتۆژینەوەیەدا، وەک سەرچاوە بەکارهاتوون، بەیەک چاو سەیردەکرێن. ئەگەر پەرتووکێکی دینی وەک تەورات، ئینجیل و قورئان، لای باوەڕداران سەرچاوەی پیرۆزن. ئەو بۆچوونە بۆ لێتۆژینەوە ناتوانێ ڕەچاوبکرێ. لێتۆژەرەوە وەک باسێکی زانستی، ئەو پەرتووکانە وەک هەر سەرچاویەکی تری مێژوویی، کۆمەڵایەتی، لە لیتۆژینەوە و بەدواداچوون دەبینرین. بەهیچ شێوەیەک ڕەچاوی پارێزراوی یان پێگا دینیەکانیان ناکرێ. نووسینەکانی ناو توێی ئەو پەرتووکانە کۆمەڵێ سەرچاوەن لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویی، ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیانن. و لەلایەن کەسانی وەک ئێمە نووسراون. بۆیە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو نووسینانە و نووسینەکانی تری مێژووی هاوسەردەم نییە.

چۆن هیچ مێژوو نووسێک لە هەر ڕوانگەیەک، لە ڕەخنە بەدەر نییە. بەهەمان شێوە پەرتووکە دینییەکانیش لە لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆمەڵایەتی، بریتین لە ئاستی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە. چۆن ڕەخنەو هەڵسەنگاندن بۆ پەرتووکەکانی مێژووی هاوسەردەم ڕەوایە، بە هەمان شێوە بۆ ئەو پەرتووکانەش. هەڵسەنگاندنەکانیش دەتوانێ لەبواری لۆژیکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و بەراوردکردنیان لەگەڵ پەرتووکەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی هاوسەردەم.

ئەو نووسینانەی لەبەردەستت دان! لیکۆڵینەوی زانستیی مێژوویین، سەبارەت بە دین و کەراکتەرەکانی. بۆیە ڕەچاوی ئەوە مەکە باسێکی بێلایەنبێ. لە بنەڕەتدا بۆچوون و پرسیاری دیاریکراوی خۆی هەیە، کە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن.

ئامانجی بنەڕەتی ئەو لیکۆڵینەوەیەش، گەڕانە بەدوای وەڵامی بنبڕ و گونجاو. کە بتوانن پرسەکان بە زانست پشتڕاست کەنەوە.

پاشخانی نووسینەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بە گومان بوون لە ڕاستی بوونی دیاردەی دین و کەراکتەرەکانی، کە لە ناو پەرتووکە دینییەکان وەک شتێکی بەڵگەنەوێست دەیخەنەڕوو.
هەر ئەوەش بە درێژایی چەندین ساڵ بۆتە هۆی پەیجووری و ئارەزووی بەدواداچوون بۆ ساخکردنەوەی ووردەکاری ژیان و کەسایەتی.
بۆ ناوەرۆک و ووردەکاریەکانی، بەپێی مێتودی زانستی کاری لەسەرکراوە و هەوڵدراوە تا ئەو ئاستەی لە توانادابێ مافی خۆی بدرێتێ.
ئیتر تۆش وەک خوێنەر ئازادی لە هەڵوێست و ڕەخنەکانت. ئەوەی گرنگە ئەوە پەرتووکیکی باوەڕ(عقیدە) نییە. بەڵکوو نووسینێکی زانستی مێژووییە. بۆیە ئەگەر بۆچوونی باوەڕت هەبێ. ئەوە دەکەوێتە دەروەی چوارچێوەی ئەو تێکستە. لەگەڵ ڕێزم

سەلاح ڕێبوار

# بابەتی یەکەم
# دین و هزری مرۆڤ

# ١. دین بەرهەمی دوورەپەرێزی مرۆڤ

لەوەتەی مرۆڤ چاوی هەڵێناوە و بیری کردۆتەوە. هەمیشە بە دوای خۆیدا وێڵ بووە. هەر لە سەردەمەکانی سەرەتایی وبیرکردنەوەی، بەدوای ناسنامەی خۆی دا گەڕاوە. ئەوەش هەنگاو بە هەنگاو، بەپێی گەشەسەندنی مێشک و دۆزینەوەی ئاقارە شاراوەکانی ژینگەی نزیک و دوور، هەڵوێستەی تێدا کردووە. و فۆرمی بیرکردنەوە و ئەفرێنەرێکی بۆ خۆی دارشتووە. دوایی بەپێی ئەو فۆرمێک هەوڵیداوە، خۆی لەناو دیمەنەکانەکانی ئەندێشە و هۆکارەکانیدا بناسێتەوە، تا بتوانێ خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ. هەر بەو خۆ گونجاندنەش توانیویەتی لەلایەک تەکان بە شێوەی بیرکردنەوەی بدا. و لەلایەکی تریش فۆرمێکی نوێتر بۆ خەیاڵەکانی سەبارەت بە پرسە گەورەکان دروستبکا. ئەوەی جێگای سەرنجە، زۆربەی ئەو پەرەسەندنانەش لە دوورەپەرێزی مرۆڤ و خەڵوەتی تاکە کەسی وەدیهاتوون. لەبەر ئەوەی خەڵوەتی تاکەکەسی باشترین و کاریگەرترین شێوەیەکی لۆژیکی قووڵبوونەوە، و خەملاندنی ئەو ئەندیشانەی، کە لە مێشکی دەسووڕێنەوە. هەر ئەو تەنیاییەشە بۆتە هۆی پڕبوونەوەی سەرجەمی بیری سەرەتایی، و بێ ئەزموون، و نەزانینی مرۆڤ بە دیاردەکانی سرووشت و ئەفسانەی دوور لە لۆژیک. ئەو دیاردە و ئەفسانانەش بە شێوەیەکی کاریگەر، شوێنەواریان لە ناو مێشک و دەروونی مرۆڤ کردۆتەوە. لە هەمان کاتدا، هزر و دەروونی بەو کاریگەرییە قووڵانە. لە شێوەی بیرکردنەوە بۆتە هۆی وەدیهێنانی پیرۆزییەک لە خۆشەویستی و ترس و ئیرەیی .شێوەی ڕووداوی میتافیزیکی، مرۆڤ دەخەنە ناو ئاقارێکی تەماوی بێ لەمپەر. هەر ئەوەش وایکردووە کە لە ناو بازنەی خۆ دووبارەبووکردنەوە. و لە گێژەنی تارماییەکانی ناو ئەفسانەکان بەردەوام بخولێتەوە. بۆیە دیاردەیەکی ئاساییە گەر بڵێین، دین و دینداری، دیاردەیەکە مرۆڤ هەمیشە لە دوورە پەرێزی خۆی پێ فۆرمات دەکات. و

وەک پەیامێکی نوێ دەیخاتە کار. ئەو پەیامەش بەپێی تێپەڕبوونی کات، چوارچێوەیەک بۆ بیرکردنەوە و پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەفرێنەرێک دروست دەکا. کە دەبێتە شێوەیەک لە ئاڵوودە بوون و خۆخواردنەوە و چەقبەستن لە گۆشەیەکی تەنگ دا.

یەکەم هەنگاوی لێتۆژرەوە بۆ دەستکردن بەپرۆسەی بەدواداچوون، دەبێ هەوڵ بدا، دین و ڕەهەندەکانی لە پێناسەیەک دا دابڕێژێ. ئەوەش بۆ ئەوەی بتوانێ فۆرم و چوارچێوەیەک بۆ لێتۆژینەوەکەی دابنێ. تا بە ئاسانی نەکەوێتە ژێر کاریگەری بابەتی لاوەکی و دوور لە ئامانجی پرۆسەی لێتۆژینەوەکە. و دابرین و دروستکردنی چوارچێوەیەکی بابەتی دیار. گرنگترین هەنگاوی دەستپێکردنی پرۆسەکەیە بۆ ناسینەوە و ئاراستەی بابەتی سەرەکی. کە ئامانجی لێتۆژینەوەکەیە. بۆ ئەو مەبەستەش، کارێکی گونجاوە، ئەگەر سەرنجێ لە پێناسەیەکی سادەی فەیەلسوف و دەروونناسی ئەمریکی ولیام جەیمس (١٨٤٢ – ١٩١٠) دەربارەی دین بدەین، کە دەڵێ:

> "دین بریتییە لەو هەست و ئەزموونەی کە مرۆڤ لە دوورەپەرێزی تووشی دەبێ. و دەیگەیێنێتە هەندێک هەڵسوکەوت. ئەو هەست و ئەزموونەش شێوەیەک پەیوەندیە لە نێوان خۆی و ئەو شتەی بە خودای دادەنێ" [1].

دووره پەرێزی و چوارچێوەی ئاستی بیرکردنەوەی کۆمەڵ، بنەمایە بۆ گەڕان بەدوای خۆ دۆزینەوە و ئەفراندنی ناسنامەیەک. کە وەڵامدەرەوەی ئەو هەست و تێگەیشتنە بن. کە لە چوارچێوەی ئاستی هزر و باوەڕی کۆمەڵ دەردەکەون. و دەتوانین ناوی لێ بنێین )دین .(بە هۆی نەبوونی پەیوەندی هزری بیرکردنەوەی مرۆڤ لە دوورەپەرێزی بە ڕیالیزم و ژیانی

[1] William, James ( ) The varieties of Religious Experience pp31- 32

ڕۆژانه، دەبێته هەوڵدان بۆ بیرکردنەوە لەو شتانەی کە ناتوانرێ بەشێوەیەکی لۆژیکانە بیری لێبکرێتەوە. هەر بۆیەش دەبێتە کۆتێکی بێ کۆتایی و چمکێکی ئەفسانەیی کە ناتوانرێ گوزارەی لێبکرێ .[2] مرۆڤ دەکەوێتە بازنەیەکی داخراو. ئەو شتانەی کە بەڕاستی بوونیان نییە. کەچی باسیان دەکەین. وەک ئەوە وایە، کە لەگەڵیان بژین و باوەڕمان بە بوونیان هەبێ. کەچی ئەوانە لە ڕاستیدا تەنیا ئەندیشەی مرۆڤ خۆیەتی. کەچی ئەندیشەکانی باسی ئەو جیهانە دەکەن، کە مرۆڤ ئازاری لەو ژیانە بۆ دەچێژێ. ئەندیشەیەک سەرجەم توانای بەخۆیەوە خەریک دەکا. و گشت هیوا و خۆزگەکانی خۆی پێ دەسپێرێ. ئامادەیە لە پێناوی، هەموو شتێک پشت گوێ بخا. و خۆی ئاودیوی بێ ئاگایی بکات. بەوەش بەرگری لە شتانێک دەکا، کە لە ڕاستیدا بوونیان نییە و ناکرێ بشبن. دەرئەنجامی ئەو ئەندیشانە و خۆزگەکانی، بە گشتی کۆمەڵگە بەرە و ڕووی ئازار و مەینەتی دەکاتەوە [3] .

بە لێکدانەوەیەکی وورد، تێدەگەین کە هەستی مرۆڤ بە شتە نامۆکان، بریتیە لە هەستی مرۆڤ بەخۆی و ئەو ئەندیشانەی کە مێشک و دەروونیان گەمارۆداوە. شتانێک فۆرمۆلە دەکا. کە تەنیا لە ئەندیشە وێنایان دەکا. کەچی ئەو شتانە بریتین لە مرۆڤ خۆی. هەستی ئەون بەرامبەر ئەو شتانەی بە ئەندیشەی بەردەوامی، دروستی کردوون. و پەیوەندییەکی قووڵی دەروونی لەگەڵیان دروستکردووە. کە بۆتە باوەڕێکی ڕەها. و لە جیهانی بیرکردنەوەی بەتاکە باوەڕی ڕاستی دەزانێ. ناتوانێ لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەو باوەڕە، شتێکی تربیبنێ. یان بتوانێ وەریبگرێ. یان بیر لە ئاڵترنەتیڤێکی تر بکاتەوە.

خۆ ئاشناکردن یان بوون بە شتە نامۆکان، یەکەمین گوزارەکردنی بەکۆمەڵە لەسەر دینی تاک. کە لە هەڵچوونی سۆزەوە، بەرەو هیوای ئەندیشەکانی گوزەردەکا. بۆیە پەیدابوون و

---

[2] Max Müller (1882) Introduction to science of Religion pp.18

[3] القصیمی عبدالله (٢٠٠١) فیرعون یکتب سفر الخروج. الطبعه الثانیه. ص ١٥٧

چەکەرەکردنی باوەڕ پێویستییەکی سایکۆلۆژی قووڵە، تا بتوانێ فۆرمی ئەزموونی دینی لە جەستەدا وەبەربێنێ. ئەوەش دوای بەرەو ڕووبوونەوەی هەڵچوونی دەروون لەگەڵ پیرۆزی و دروستبوونی هەستێکی قووڵ. تا دەگاتە ئەو ئاستەی مێشکی مرۆڤ، کاردانەوەی لەپێناو داڕشتن و بەرجەستەکردنی هەژموونی ناوەوەی لەسەر جیهانی دەرەوە. و سەقامگیرکردنی پیرۆزی دین لێی. بەو شێوەیە باوەڕی دینی دەبێتە گرنگی کۆمەڵ . چونکە ژیری کۆمەڵ کار لەسەر داڕشتنی دەکات و دەبێتە چمکێکی وا، کە نەوە دوای نەوە هەم پارێزگاری لێدەکەن و هەم پەرەی پێدەدەن. بۆیە هاتنی دین لە ڕێی ئەفسانە و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی، بەردەوامییەکی ئاساییە. چونکە کاری ئەفسانە ڕوونکردنەوە و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی باوەڕە. هەر ئەو هەژموونە توندەیە، کە یارمەتی دەدا لەسەر پەیرەوکردنی نەوە دوای نەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنێکی ئەندیشە و سۆزێکی قووڵ دەداتە باوەڕ و شێوەی بیرکردنەوە. کە کاریگەری لەسەر نەست و هەڵچوونی دەروونی مرۆڤ هەبێ. لێرەدا ئەرکی سەرەکی ئەفسانە ئەوەیە کە دیاردەی بیری خودایی، بە ڕەنگ و شێوەی زیندوو بڕازێنێتەوە. و سیمای دین وەک کاریگەریی دەروونی نیشان بدا. بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە دینی جیاجیای تێدایە، یان دینێک فرە خودای هەبێ [4]

ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، بمانەوێ لە هەستی سەرەکی مرۆڤ، سەبارەت بە پەیوەندی خۆی بە خوداوە تێبگەین. بە تایبەتی لە سێیەری سێ دینە ئیبراهیمییەکان. دەبینین تەنیا لە سەر بنەمای خۆشەویستی و ڕق و ترس دامەزراون. خۆشەویستی و ترس لە خودا، بریتییە لەو دەستەڵاتە ئەفسوناویەی، کە ئەفسانە بە بەری دابڕیووە و ترسێکی بێ ئەندازەی لە دەروونی باوەڕدارانی دروستکردووە. مرۆڤ دەکاتە کۆیلەیەکی گوێڕایەڵ. لە نێوان پاداشت و سزا. پەیوەندی نێوان ترس و خۆشەویستی، ڕێسایەکی زۆر ئاڵۆز دروست دەکا.

---

[4] فراس السواح ( ٢٠٠٢) دين الإنسان. بحث في ماهية الدين و منشأ الدافع الديني. ل ٥٨-٥٩

مرۆڤ دەگەیێنێتە ئاستێکی دەروونی قووڵ. کە وێڵە بەدوای پرسیارێکی تەماوی. ئەنجامی گەڕانێکی بێهوودە، وەڵامەکەی دەبێتە ڕقێکی بێکۆتایی دژی دوژمنەکەی کە ئەهریمەنە (شەیتان) [5]. هەر ئەوەشە چەقی باوەڕی دین، لای هەر سێ دینە ئیبراهیمیەکان. بریتییە لە پێداگرتن لەسەر هەر شتێک پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤ و گشت ئەو زانینە (معرفە) هەیە، کە پەیوەندیان بە چارەنووسی جیهان و ڕۆژی هەڵسانەوە (قیامە) هەیە. یەک جار و لە یەک خاڵی دیاریکراو. وبە شێوەیەکی لێبڕاو، ئەفرێندراوە و درکی پێکراوە. ئەو درک پێکردنەش، لە مێژووی دەرکەوتنی پەرتووکە پیرۆزەکانی ئەو سێ دینەوە دەست پێ دەکا. هەر بۆیەش دەبینین نیگای باوەڕداران بەردەوام کز و ڕەشبین و بەرەو دواوەیە. بۆ ئەو ماوەیەی کە باوەڕیان وایە. ئەو ڕاستیانە بە شێوەیەکی ڕەها، لەلایەن خوداوە و لە ڕێگای فریشتە بۆ مرۆڤ دابەزیون [6]

هەرچەندە هەندێک لەو کەسانەی بە ناوی مۆدێرن و نوێکردنەوە، بەرگری لە دین دەکەن. وا دەردەبڕن کە بیروباوەڕی دین بە پێی هەڵومەرجی هاوچەرخ. لەسەر بنەمای نوێ، سەبارەت بە پرۆسەی ژیان و پەرەسەندن، بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ تیوری زانستی بنیاتنراوە. بەڵام ئەو هەوڵانە چۆن لە ڕابردوو شکەستیان هێناوە. بە دڵنیاییەوە ئێستاش بە هەمان شێوە شکەست دێنن. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی:

بیروباوەڕی دین تا ئاستێکی بەرز سیستەمێکی ئاڵۆز پێکدێنێ، کە گشت ڕەهەندەکانی پێکەوە بەستراونەتەوە. ئەگەر بە بەشێکی ڕازی بی، ئەوە ناچاردەبی بە بەشەکەی تریش ڕازیبی. بەمەرجێ مرۆڤ لەگەڵ خۆی سەڕاستبێ. و لۆژیکانە لێکدانەوەی بۆ بکا. بۆ نموونە ئەگەر لە بەشێکی خورافات دابیەزێ، ئەوا بەپێی لۆژیک، بنەما پیرۆزەکانی دین لاسەنگ دەبن و ناتوانرێ ببێتە پێوەر بۆ بیروباوەڕ.

---

[5] Joseph Campbell (1968) The masks of God. London

[6] العضم، دکتورسادق جلال ( ١٩٧٠) نقد الفكر الدینی ص ٨١

با وای دابنێین له پێناوی گونجان لەگەڵ زانست و ئەگەرەکانی لەوە دابەزین کە چیرۆکی ئادەم و حەوا هەبووبێ. ڕەچەڵەکی مرۆڤ تەنیا لەو دوو کەسە هاتبێ. دەڵێین ئەوە چیرۆکێکی ئەفسانەی دروستکراوە. لە جیاتی ئەوە باوەڕ بە زانست بێنن کە مرۆڤ ئەنجامی پەرەسندن (ئێڤلوشن) دروستبووە. لەو دەمە پرسیارێکی تر سەر هەڵدەدا.ئەی بۆچی لەوەش دانەبەزین کە بەهەشت و دۆزەخ بوونیان نییە؟ ئەگەر چیرۆکی ئادەم و حەوا ڕاست نەبێ و دروستکراوبێ، بۆ بەهەشت و دۆزەخ ڕاستبن؟ بەو پێیەی هەردووکیان لە قوڕئان دا ئایەتیان لەسەرە. کەواتە ئەو ڕەهەندانەش هەرچەند بن تەواوکەری یەکترین. ئەو چمکانە بەگشتی چەقی باوەڕی دینن. و بنەڕەتن بۆ تێگەیشتن و پەیڕەوی دین، بە پێی پەرتووکە پیرۆزەکان. باوەڕدارانی دینی تەنیا دوو ڕەگایان لەبەردەمە، یان تەواوی چیرۆک و ئەفسانەکانی ناو پەرتووک و پاشخانی ئەفسانەکانی لا پیرۆزبێ و باوەڕی پێ هەبن. یان دەبێ گشتیان ڕەتکاتەوە. لەو کاتەشدا دین مانایەکی نامێنێ. هەر ئەوەشە کردوویەتییە شتێکی ئەستەم بۆ ئەوەی بتوانین دین و پاشخانی پەرەسندنی لەگەڵ سەردەم بگونجێنین [7] ئەو هاوکێشەیەش سەرجەمی بیروباوەڕی دین و تێگەیشتنی دیندار دەگرێتەوە. مرۆڤ دەخاتە ناو بازنەیەکی داخراو و بێ سەرەتا و کۆتایی.

---

[7] هەمان سەرچاوە ل ٢٢

# ٢. سەرهەڵدانی دین

گومان لەوەدا نییە، کە هاتنی دینەکان پەیوەستە بە قۆناخیکی دیاریکراوی میژووی مرۆڤایەتی. کە دەکري گریمانەی ئەوە بکري، میشکی مرۆڤ لەو قۆناخەدا گەیشتوتە ئاستی بیرکردنەوە. و گەڕان بەدوای ناسنامەی خۆی. دووەم هەمیشە مرۆڤە تاک و تەراکانی خاوەن بیری قووڵتر لە دووەرپەریزی و دوور لە ئاوەدانی کەوتوونەتە بیرکردنەوەیەکی قووڵ، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە بۆ ئەو سەردەمە، ئەستەم بووە وەڵامێکی لۆژیک و بنبریان دەستکەوێ. ئەگەر بۆ تاویکیش بێ، با بیر لە پەرەسەندنی هزری دین لە هەرە سەرەتاکانی تا دەگاتە هاتنی سرووش (وحی) بۆ پەیامبەران و سەرهەڵدانی دین وورد بینەوە. ئەوا بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوي:

لە سەردەمە سەرەتاییەکان، کە بە نزیکەی ٣٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر مەزەندە دەکرێ، مرۆڤ بە دوای نیشانەکانی سرووشت دادەگەڕا. خەریکی گەڕان بووە بەدوای، دۆزینەوەی هۆکارەکانی بوون، و ئەفرێنەریک. بە دوای دۆزینەوەی نیشانەیەک، سەرەداوێک. تا ببێتە وەڵامی پرسیارە گەورەکانی من کێم و بۆ لێرەم؟!! بە بەردەوام سەرقاڵی دیاردەکانی سرووشت وەک ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و... هتد بوو. لەو سەردەمانە بوو مرۆڤ هەستی بە گەورەیی خۆی کرد بەرامبەر سرووشت، و ئەوەشی لەڕێگای دروستکردنی تەوتەم وەک نیشانە بۆ ئەو دەستەڵاتە و بە پیرۆز زانینی دیاردەکانی سرووشت. دواتر هەنگاو بە هەنگاو بۆ بوت بۆ پەرستن. ئەوەش ماوەیەکی زۆری خایاندووە، تا گەیشتوتە ئەو ئاستەی دامودەزگای دینی و دەستەڵاتی خودایی وەک باوەڕی یەکتا پەرستی، ببێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. لە دوای ئەوەش، ببێتە بەشداری لە دەستەڵاتی ڕۆژانە و خۆسەپاندن.

دین بەرهەمی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، لە ئاستێکی دیاریکراوی پەرەسندنی. دەکرێ بە شێوەیەکی تر بڵێین هیچ دینێک ناتوانێ لە دەرەوەی هزری ئەو مرۆڤانەبێ کە

دروستکەری پیرۆزییە کانینی. کەواتە دین ڕەنگدانەوەی هزری مرۆڤ و تێگەیشتنییەتی لە چوارچێوەی سەردەمێکی مێژووی کۆمەڵایەتی.[8]

لێکدانەوەی ئەو چمکەش دەکرێ، وەک دیاردەیەکی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە، لە قۆناخێکی مێژوویی لێی قووڵبینەوە. ئەوەش لە ڕوانگەی دوو خاڵی بنەڕەتی:

١ لەگەڵ یەک گونجانی ئەو دیاردە و تێگەیشتنانەی قۆناخەکانی پێشتر و دواتر لە پەرەسەندنی مرۆڤ. واتە سەردەمی پێش بە دیاردەکەوتنی پیرۆزییەکە. کە بەردەوامی قۆناخی پێشتری خۆیەتی. و هەمیش ڕەچاوی قۆناخەکانی دواتری مێژووی و کۆمەڵایەتی بکرێ. کە درێژە پێدەری پیرۆزییەکەیە.

٢ پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە، بە ژینگە و سرووشتی دەرەوبەر. و پەیوەندییەکانی ناوخۆی کۆمەڵگە. واتە لە ڕوانگەی زەمینەی تاکەکان و دەوروبەریان. کە دەتوانرێ کولتوورێکی دینی تایبەت بە خۆی بەرهەم بێنێ و ئەندامەکانی پابەندبن پێی.[9]

هۆکاری ئەوەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دروستبوونی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی بە ژیان و پەیوەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەبێ، پابەندە بە پێکهاتەی ناوەوەی پەیوەندییە دیالیکتیکییەکانی کۆمەڵگە. کە دەتوانن بنەڕەتەکانی پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیە و شێوەی بیرکردنەوەیان. یان بە دیاردە و ڕۆڵ و کاریگەرەکانی سەر ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە دینی تێیدا چەکەرەی کردووە.[10]

---

[8] Michel Meslin (1973) Pour une Science de Religion pp 72

[9] هەمان سەرچاوە ل ٧٤

[10] هەمان سەرچاوە ل ١٠٥

بە ڕای دورکهێیم دین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە هێزە، کە بەشداربووانی پارێزگاری لە پیرۆزییەکانی دەکەن. بەو پێیەش دین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە. کاتێ مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵک بەشداری لە پەرستنی بوونەوەرێکی دیارکراو دەکا. بەو مانایە دێ، کە پەرستنی ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو تێیدا دەژی، پەرستنێکی هاوبەشە. هەر بەو پێیەش ئەندیشەی بوونی خودا، ئەندیشەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆ پارێزگاری لە پیرۆزی ئەو بوونەوەرە. ئەوەش بە ڕۆڵی خۆی ژیانی ماتریالی سەرەتاییە بۆ پەیدابوون و گەشە سەندنی دین. بەڵگەی کە ئەو گریمانەیەش دەسەلمێنێ، ئەوەیە کە دینی تاک بوونی نییە. هەروەها دەتوانین بڵێین، بە بەدیارکەوتنی کۆمەڵگە، دینیش بەدیارکەوت[11].

نووسەری سوری فراس سواح وەک دورکهێیم باوەڕی وایە کە دیاردەی دین هەمیشە نیشانەی بە کۆمەڵ وەردەگرێ. کاتی تاکەکان، زانیارییەکانیان دەگۆڕنەوە، لە هەوڵی ئەوەدان لە ڕێگای بەشداربوون، و گوزارەکردن لە ئەزموونی تایبەتی تاک لە ڕێگای زانیاری گشتییەوە. ئەوەش لە ڕێگای بەکارهێنانی زێدەڕۆیی لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە. بۆ چالاکی جۆراوجۆری دین لە کاروباری هاوبەشدا. ئەوەش دەبێتە هەنگاوێک کە کۆمەڵگە بۆ بنیاتنانی باوەڕێکی هاوبەش. کە ببێتە بەردی بناخەی دینی کۆمەڵ. لێرەدا جێگای خۆیەتی، ئاماژە بەوە بکەین کە دینی کۆمەڵ کۆی باوەڕی تاکەکانە. بەو شێوەیە دەبێتە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان باوەڕی تاک و دینی کۆمەڵ. بە پەرەسەندنی هەر یەکەیان ئەویتریش گۆڕانی بەسەر دادێ. بۆیە تاکی کۆمەڵگە هەمیشە پەیوەندییەکی دوو فاقەی هەیە. لەلایەک وەک تاکێکی ئازاد و لەلایەکیتر لە چوارچێوەی کۆمەڵگە و پابەند بە نەرێت و یاساکانی کۆمەڵگە و دین. ئەوەش مەرجێکی بنەڕەتی دروستبوون و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی دینییە[12].

---

11 Durkheim, Emile (1912) The Elementary forms of the Religous life

12 فراس السواح (٢٠٠٢) دين الإنسان، بحث فى ماهية الدين و منشأ الدافع الدينى ص ٣٨- ٣٩

دورکهێیم لەوەش زیاتر دەڕوا، دەڵێ: دینە سەرەتاییەکان زیاتر گونجاو و گشتگیرتربوون، لە دینەکانی دواتر (پەرەسەندووتر). لەلای ئەوان ویژدانێکی بەکۆمەڵ هەبوو. ئەوەش ڕەوشتی کۆمەڵ بوو، بۆ هەر بواریکی ژیانی کۆمەڵایەتی. تا دین بەرەو پێشتر چوو، زیاتر تێکشکێندرا. لەبەر ئەوەی دەستی لە کاروباری تر وەردا، وەک زانست، فەلسەفە و یاساکانی ژیان. بەڕای دورکهایم کۆمەڵگە بنەڕەتی دینە، هەر ئەویشە دین دروست دەکا. لەبەر ئەوەی بە ڕێکەوتن، دیاردە و شتەکان دەگۆڕێ بۆ پیرۆز یا سادە و ڕۆژانە..... ئەوەش سەرەتای دینە[13].

ماکس مولەر کاریگەری و دروستبوونی دین بۆ دیاردەکانی سرووشت دەگێڕێتەوە. بەڕای ئەو پەرسەندنی هزری دین، بە دوو قۆناخدا دەڕوات. یەکەمیان سەرسامی و حەپەسان و خۆزگە. کە وای لە مرۆڤکردووە، بیربکاتەوە لەوەی هێزی دەوروبەری لە دەرەوەی ویست و توانای ئەودایە. قۆناخی دووەم، قۆناخی گوزارەکردنە، لە هێزی ڕاکێشانی سرووشت و کاریگەری لەسەر مرۆڤ. کە وای لێدەکا، بە زمانێکی دوور لە گوزارەی ڕاستەوخۆ. ئەوەش لە ڕیگای زێدەڕۆیی ودەربڕینی نالۆژیک سەبارەت بە دیاردە سرووشتیکانی دەروبەری. ئەو زێدەڕۆییانەش، لە خۆیانەوە دەبنە بنەما، بۆ تێڕوانینی مرۆڤ. و دەگۆڕێن بۆ کاری خودایی.

بەو شێوەیە زمان لەسەر سرووشتیکی پڕ ئەندیشە. و چاڵاک بە بوونەوەری دوور لە ڕاستی و ئەندێشەی سەپێندراوە. ئەوانەش بوونەتە بزوێنەری مێشکی مرۆڤ بەرامبەر سرووشت. لەهەمانکاتدا، کرۆکی باوەڕی دین[14].

---

[13] هەمان سەرچاوە ل ١٤٥

[14] Max Müller (1875) Lectures on the science of Language. pp45

کەچی لێکۆڵەورەوەی تر لەوەش زیاتر دەڕۆن و بە ووردەکاری زیاتر باسی کاریگەری سرووشت، بۆ بەرهەمهێنانی باوەڕی دین دەکەن. و دەڵێن کاریگەری سرووشتی ئاسایی بەس نییە، بۆ خرۆشاندنی باوەڕی دین. بەڵکوو ئەوەی کاریگەری هەیە، سرووشتی ناوێزە و سەختن. کە بە ڕوودانیان مرۆڤ دەحەپەسێنن و ترس و تۆقین دەخەنە دەروونی. کە وای لێدەکا، بیر لەسەرچاوە و هۆکارەکانی بکاتەوە. لەو کاتەی کە وەڵامیکی نییە. بە هێزێکی نادیاری سەرسرووشتی دادەنێ. ئەو هێزە نادیارە دەبێتە ئازار و دڵەڕاوکێ. و وای لێدەکا، بەخشینی دیاری و بەڵاگێڕی خزم و نزیکانی بۆ بکا.

لە ڕاستیدا دامودەزگا دینییەکان، وەک چەقی پەرستنی بەکۆمەڵ، بە بەراورد لەگەڵ مێژووی شارستانیی مرۆڤایەتی. داهینانیکی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەک نوێیە. مرۆڤی سەرەتایی لە پرۆسەی پەرەسەندنی هزری دین، بە دەیان هەزار ساڵ بە پێی باوەڕی خۆیان دەژیان و پەیڕەوی پیرۆزییەکانی دینی و سەما ئەفسانەییەکانیان دەکرد. بەبێ ئەوەی دامودەزگایەک سەرپەرشتی و ئاڕاستەیان بکا. یان خۆی بکاتە دەمڕاست و دەستەڵاتێکی بڕیاردەری بەرز و پیرۆز بۆیان.

مێژووی دامودەزگای دینی، لەگەڵ گواستنەوە لە قۆناخی لادێی بەرەو شار سەری هەڵدا. واتە بە دروستبوونی دەستەڵات لەناو کۆمەڵگە، دیاردەی پیرۆزیش فۆڕمێکی تری وەرگرت. دواتر بە شێوەیەکی لەسەرخۆ، هەنگاو بەهەنگاو پەرستگا دروستبوون. سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە هەزاران ساڵ خەڵک بە شێوەی تاک و کۆمەڵ خوداپەرستی بەبێ ڕێبەر دەکرد. دیاردەی پەرستگا وەک دامودەزگای دینی هەر زوو بووە مۆڵگە بۆ ڕێبەرانی دین و وەک بارێکی قورس بەسەر کۆمەڵگەدا. تەنیا لە شاری لاگەشی سۆمەری ژمارەی ڕێبەرانی دینی گەیشتە ٧٣٦ کەس و لە شاری بابل لە سەردەمی نەبو خدنسر ژمارەی پەرستگا گەیشتە ٥٨ پەرستگا. جا بیری لێبکەرەوە دەبێ لە شاری بابل چەندین هەزار پیاوی دینی لە خزمەتی

پەرستگا دابووبن. و چ بارگرانییەک بووبن بەسەر کۆمەڵگەی ساوای شاری تازە دروستبوو. [15]

لە بەرامبەر ئەوە، دینە یەکتاپەرستەکان. بە بەراورد بە تەمەنی هوشیاری مرۆڤ بە گشتی، مێژوویکی دووری نییە. هزری مرۆڤ بۆ تاکە خودایەک کە گەردوونی ئەفراندبي. بریتییە لە قۆناخی مێژووی نیوان پێنج هەزار تا هەزار سال لەمەوبەر بەدیارکەوتوون. لە دوای ئەو قۆناخە مێژووییە. بانگهێژی دینێکی نوێ، بەیەکجاری وەستا و ئاستی هوشیاری مرۆڤ گەیشتە فەلسەفە و زانست و سەلماندنی گریمانەکانی. بە پیی لۆژیک و بەڵگەی زانستی. [16]

هەرچەندە سەرجەمی پەیامبەرانی دینە یەکتاپەرستەکان، شێوەی بیرکردنەوە و ڕەنگدانەوەی سرووشت و کۆمەڵگە بووین، و چوارچێوەی بیرکردنەوەشیان ئەندیشەی هەمان سەرچاوە بووە. تاکە گۆڕان لە بانگهێژەکەیان ئەوەبووە، لەجیاتی فرەخودایی بانگهێژی پەیامی یەک خودای تاک و تەنیایان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبینین پەیامی خوداییان لە چۆلەوانی بۆ هاتووە. تا ئێستا نە بیستوومانە و نە بینیومانە پەیامبەرێک لە شوێنێکی شارستانی پەیامی خودایی بۆ هاتبێ؟ تەنیا لە دوورەپەرێزی، و جێگای چۆلەوانی و هەرە دواکەوتووی جیهان نەبێ. ئەگەر دین بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵگە و سروشت بێ، دەبوایە لەو شوێنانە دابەزێ، کە لە ڕووی شارستانییەوە پەرەسەندووبن و بەشێوەیەکی ڕیالیستی و بەرچاو ئەو سرووشە بۆ ئەو گەلانە هاتبایە. وببونایە ڕەچەشکێن بۆ قۆناخیکی تری پیشکەوتنی کۆمەڵگە. کەچی دەبینین شتەکان پێچەوانەن.

خودا خۆی پیشانی ئیبراهیم نەدا تەنیا لە بیابانی حاران نەبێ تەورات، ئەفراندن ۱۲: ۱-۲

---

[15] فراس السواح (۲۰۰۲) دين الإنسان، بحث فى ماهية الدين و منشأ الدافع الدينى ص ٤٠-٤٢

[16] Illustrerad vetenskap nr 3, 1999. Från Apa till människa, Bilaga

تەورات ئەفراندن ١٢: ١-٢

> ١ یەزدان بە ئەبرامی فەرموو: خاک و کەسوکار و ماڵی باوکت بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم ٢ جا دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن، بڕشت و بەرهەمت دەدەمێ، ناوت مەزن دەکەم، دەبیتە بەختەوەر [17]

سەرەڕای ئەوە، بە پێی دەقەکانی تەورات ئیبراهیم پێش کۆچی بۆ حاران خۆی و سەرجەم بنەماڵەکەی، لە شاری ئوری کلدانی بووین. کە لە سەردەمێکی شارستانی بەرز دابوو. کەچی دوای کۆچی بۆ حاران، ئەوسا ئیبراهیم بە دیداری خودا ئاشنابوو. ئێل فەرمانی پێدا بەرەو خاکی کەنعان کۆچ بکا.....

خودا بۆ یەکەم جار لە کێوی هۆریب لە سینا، قسەی لەگەڵ موسا کرد (تەورات، دەرچوون ٣: ٤) کەچی موسا بەر لە کۆچی بۆ خاکی کەنعان، بە پێی دەقەکانی تەورات، هەر لە منداڵی و هەرزەکاری و لاوی لە میسر بووە. ئەوکاتە شارستانی میسر لە شارستانییە هەرە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمەی جیهان بووە. سەرەڕای ئەوەش موسا خۆی زۆر لە فیرعەون نزیک بووە. کەواتە لە چەقی شارستانییەتی میسر هەم ژیاوە و هەمیش شارەزایی، لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دیاردەکانی پیرۆزی، ئەو سەردەمە هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا خودا تا نەگەیشتە چۆلەوانی لە بیابانی سینا و کێوی هۆریب خودا خۆی پیشان نەدا.

تەورات دەرچوون ٣: ١-٦

> (١) موسا بووە شوانی مەڕەکانی یەترۆی خەزووری، کە کاهینی میدیان بوو. مەڕەکانی بردە ئەو پەڕی دەشتودەرەکە هەتا گەیشتە کێوی خودا (هۆریب) (٢) لەوێ لەناو گڕی ئاگرێک لە دەوەنێک فریشتەی یەهوا بۆی

[17] تەورات ئەفراندن ١٢: ١-٢

دەرکەوت. کە موسا تەماشای کرد، بینی وا دەوەنەکە گڕی گرتووە، کەچی ناسوو .(٣) موسا گوتی: لا دەدەم و سەیرێکی ئەو دیمەنە سەیرە دەکەم. بۆچی ئەو دەوەنە ناسووتێ؟

(٤) کاتێک پەروردگار بینی موسا لایدا، بۆ ئەوەی سەیر بکا. خودا لە دەوەنەکەوە بانگی کرد و فەرمووی:

موسا. موسا

ئەویش گوتی: ئەوەتام

(٥) فەرمووی: نزیکی ئێرە مەکەوە. پێڵاوەکانت لە پێت داکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت خاکێکی پیرۆزە (٦) ئینجا فەرمووی: من خودای باوکتم، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم. موسا ڕووی خۆی داپۆشی، چونکە دەترسا تەماشای خودا بکات.

شەیتان مەیدانی لە یەسو (عیسا) نەخواست تەنیا لە دەشتایی جەلیل نەبێ (ئینجیلی مەتی ٤: ١-١١، ئینجیلی مەرقەس ١: ١٢-١٣، ئینجیلی لۆقا ٤: ١-١٣.) کەچی یەسو هەر لەسەردەمی منداڵی و گەنجی، هەم لە ناسەرێت و هەم لە ئۆرشەلیم، شارستانی لە ئاستێکی بەرزدابوو. بەتایبەتی لە ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم. کە یەسو خۆشی لە ڕەچەڵەکی داودە و باش لە ڕەوتی دین شارەزا بووە. کەچی تا نەگەیشتە ناوچەیەکی چۆلەوانی لە دەشتایی جەلیل. نەخرایە بەر تاقیکردنەوە.

مەتی ٤: ١-١١

(١) پاشان عیسا بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە بردرایە چۆڵەوانی، تاکو لەلایەن ئیبلیسەوە تاقی بکرێتەوە .(٢) دوای چل شەو و چل ڕۆژ

بەڕۆژوو بوون، برسی بوو(٣) تاقیکەرەوە لێی هاتە پێش، پێی
گوت :ئەگەر تۆ کوڕی خودایت، بەم بەردانە بڵێ با ببن بە نان.
(٤) بەڵام عیسا وەڵامی دایەوە :نووسراوە مرۆڤ تەنها بە نان
ناژییێت، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە دەمی خوداوە دێتە دەرەوە
(٥) ئینجا ئیبلیس بردییە شاری پیرۆز و لەسەر
گوێسەبانەی پەرستگا ڕایگرت و(٦) پێی گوت :ئەگەر تۆ کوڕی
خودایت خۆت هەڵدە خوارەوە .لەبەر ئەوەی نووسراوە
سەبارەت بە تۆ فەرمان بە فریشتەکانی دەدات لەسەر دەستیان
هەڵتدەگرن،
تاکو پێت بەر بەردێک نەکەوێت
(٧) عیساش پێی فەرموو :هەروەها نووسراوە :یەزدانی
پەروەردگارتان تاقی مەکەنەوە
(٨) دیسان ئیبلیس بۆ سەر شاخێکی زۆر بڵندی برد و هەموو
شانشینەکانی جیهان و شکۆی ئەوانی پیشان دا و (٩) پێی گوت :
هەموو ئەمانەت دەدەمێ ئەگەر کڕنۆش ببەیت و بمپەرستی
(١٠) ئینجا عیساش پێی فەرموو :شەیتان لێم دووربکەوە !چونکە
نووسراوە: کڕنۆش بۆ یەزدانی پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو
دەپەرستیت
(١١) ئینجا ئیبلیس وازی لێ هێنا و فریشتەش هاتن و خزمەتیان
کرد.

سەبارەت بە پەیامبەری ئیسلامیش، جوبرائیل قسەی لەگەڵ محمد نەکرد، تا نەچووە چۆلەوانیی بە دیارکراویش لە ئەشکەوتی حەڕا، ئەوسا جوبرائیل بۆ بە دیارکەوت .[18] کەچی محمد هەر لە مەککە لەدایک بووە و لەوێش تەمەنی هەرزەکاری و گەورەیی خۆی بەسەربردووە. هەر پەرتووکە دینییەکان خۆیان شارستانییەتی مەککە و بازرگانی محمد بۆ شاری بەسری لە شام و وولاتی بەنی ئیسرائیل باس دەکەن.

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ

بەناوی پەروەردگارت بخوێنە (ئەو وەرگێرانە بەپێی باوی ناو موسوڵمانانە)

ئەو دیاردەیە تەنیا دینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگرێتەوە، بەڵکوو دیاردەیەکە لە زۆربەی دینەکان دەرکەوتووە. دەبینین براهما یەکەم جار لە کێوی هیمالایە خۆی دەرخست. زەردەشت لە کێوی ساپلان ڕۆشنایی ئاهورامەزدای پێگەیی [19]

بەگشتی سروش (وحی) تەنیا لە شوێنە هەرە دواکەوتووەکانی جیهان بۆ پەیامبەران هاتووە، ئەو شوێنانەی کە نەزانی و دواکەوتوویی شارستانی لە هەرە قووڵی دابووە.

لەهەمان کات، لە شوێنەکانی تری نزیک و دوور شارستانی پێشکەوتوو هەبووین. و بەتایبەتی لە دینەکانی یەهودی و کریستیان و ئیسلام مرۆڤایەتی لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ یەکتاپەرستی و خودادا هەبووە.

---

[18] Stenger, Victor John (2007 ) God: The Failed Hypothesis. How Science Shows That God Does Not Exist. pp14

[19] العجمی، دکتور فالح شبیب (٢٠٠٦) صحف إبراهیم. جذور البراهمیه من خلال نصوص الڤیدا و مقارنتها بالتطبیقات و الروایات التاریخیه ص ١٤

# ٣. دینە یەکتاپەرستەکان و سێ بنچینەکانیان

دین بەرهەمی هزری مرۆڤە و ڕەنگدانەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی، دەروونیەتی، کە لە سنوورێکی جوگرافی دیارکراو گەشەدەستێنێ. بۆیە دین ناتوانێ لەدەرەوەی ئەو چوارچێوە جوگرافییەی کۆمەڵگە دەربچێ. هەر ئەوەشە وایکردووە کە دینەکان ئاکار و ڕەفتاری کۆمەڵگەیان بە ئاشکرا پێوەدیاربێ. تەنانەت هەمان دین، لە جێگای جیاجیا، ڕەوتی جیاجیا و ئاکاری لەیەک جیا وەردەگرێ .

کولتووری کۆمەڵایەتی و ژینگەی نزیک. ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر پەرەسەندنی دین و کولتووری پەرستن و بیرکردنەوەیان هەیە. دابڕانی ناوچەی جوگرافی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاشخانی پەرەسەندنی کۆمەڵگە بنەمان بۆ جۆنییەتی سیمای دین و دابڕانی لە بەشەکانیتری هەمان دین. بەوەش دەبنە بەشێک لە کەلەپووری ناوچەکە بە ئاسانی لەیەکتری دەتوێنەوە. کەلەپووری جیاوازی کۆمەڵایەتی، پاشخانی مێژوویی ناوچەکە لە ناوچەکانی تری دادەبڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا چەند خاڵێکی بنەڕەتی هەن، کە لە نێوان گشت دینەکان و ڕەوتە جیاوازەکانیشیان هاوبەشن. بەبێ ڕەچاوکردنی کۆمەڵگە و ئاستی پەرەسەندنیان، ئەوەش باوەڕ بە بوونی ئەفرێنەرێکە، کە مرۆڤ لە هزری خۆیدا دروستی کردووە. هەر ئەو شێوە دروستبوونەشە، بۆتە کۆت بۆ مرۆڤ. جا شکاندنی ئەو کۆتە ئەگەر ئەستەمیش نەبێ، ناتوانێ بە ئاسانی لێی دەرباز ببێ.

بە گشتی دین لە ڕوانگەی لێکۆڵەرەوان، لە چەند پێکهاتەیەک پێکدێ کە یەکتری تەواودەکەن. هەر ئەوپێکهاتانەش پەیکەری دین بەرجەستە دەکەن . زۆر لێتۆژەرەوە دینیان بە شێوەی جیاجیا شرۆڤەکردووە. بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لە سەر سێ خاڵی گشتی کۆکن. کە

وەک سێ بنچینەی سەرەکین بۆ دین . ئەوانەش: باوەڕ (عقیدە)، ئەفسانە (میتۆلۆژی) و پەرستن (ریتوال). وەک سێ ستوون دین لەسەریان وەستاوە .[20]

## آ. باوەڕ (عقیدة)

باوەڕ چەقی بیری دیندارە. کە تێیدا ئەندیشە و بیری هاوبەشی دینی تێدا داڕشتراوە. و دەبێتە سەرچاوەی یەکەم بۆ گشت دیندارانی یەک ڕێباز. ئەوەش پێکهاتەکانی بنچیەیی و لاوەکی تر، بۆ دیندار پێکدێنن. باوەڕ لای دیندار سەرچاوەی پیرۆزییە. لادان لێی، دەبێتە هۆی پەراوێزبوون و کەوتنە ژێر دڵەڕاوکێ. و هەستکردن بەتاوانێکی گەورە، بەرامبەر دین و کولتووری دینی. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، مرۆڤ بوونەوەرێکی بێ متمانەیە و ناتوانێ باوەڕی بە توانای خۆی هەبێ. بە شێوەیەکی ئازادانە لەگەڵ سرووشت و ناو ژینگە شوێنی خۆی بدۆزێتەوە و سەربەخۆ بەدوای خۆی و هۆکارەکانی بوونی خۆیدا بگەڕێ. هەر بۆیەش لەوەتەی مێژوو هەیە. هەمیشە وێڵ بووە بەدوای گەران بۆ ناسنامەیەک، کە ببێتە بنەمایەک بۆ دروستکردنی باوەڕ، تا وەک کلیل بۆ بوون و ناسینی خۆی و گەردوون بەکاری بێنێ. [21]
ئەوەش بنەڕەتی ئەو گرێکوێرەیە کە دین و پیرۆزییەکانی، بۆ مرۆڤ دروستی دەکەن و دەبیتە کۆتێک کە ئەستەمە بە ئاسانی لێی دەرچێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار. یەکەم پرینسیپ و بنەماکانی دین، لە بنەڕەتدا بەشێکن لە پرینسیپ و بنەماکانی کۆمەڵگە، کە بە کەمترین دابڕان لە کۆمەڵگەش پەراوێز دەخرێ. دووەم مرۆڤ لە ناوەرۆکدا بوونەوەرێکی بێ متمانەیە. لە ئەنجامی ئەو بێ متمانەییەش دینی دروستکرد. و دینیش ئەو بێ متمانەییەی کردە ئامرازێکی هەتا هەتایی بۆ کۆیلەکردنی.

[20] فم الذهب (٢٠١٧) تاريخ الخلق السومري و الخلق التوراتي.
[21] هەمان سەرچاوە

## ب. ئەفسانە( میتۆلۆژی)

ئەفسانە یان چیرۆکی خودایی، بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤن لە قۆناخە جیاجیاکانی سەرەتایی مێژووی مرۆڤایەتی. وبریتین لەو چیرۆکە خورافیانەی کە پڕن لە بەسەرهات. و بوونەتە کۆڵەگەی پیرۆزی لای مرۆڤ. ڕێکاری پەیوەندییەکانی بونەورە میتافیزیکییەکانن، لەگەڵ خودا لە جیهانی پیرۆزدا. ئەو ئەفسانانە سرووشتێکی جادوویيان دروستکردووە. کە کاریگەرییەکی بەتینیان لەسەر هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤ هەبێ. ئەوەش لە گەیاندنی بیری ئەبستراکت و بەرجەستەکردنی دیمەنی کاریگەر. کە دەتوانن بیروباوەڕ لە هزری مرۆڤدا، وا جێگیر بکەن کە نەتوانێ لێیان دەربچێ. یەکبوونێک لە نێوان باوەڕی ئەبستراکت و دیمەنە ئەفسانەییەکان بێنێتە دی. ئەو یەکبوونە چارەنووسسازەی نێوان دین و ئەفسانە، لە خۆیەوە دەبێتە ئەو زنجیرە، کە مرۆڤ شانازی بە کۆیلەیی و ملکەچی خۆی، پێوە بکات.

بە لێکدانەوەیەکی تر بۆ ئەفسانە و ڕۆڵی لە کاریگەری دیندا بکەین. ئەو پەیوندییە وەک پەیوەندی ساوا بە منداڵدانی دایکەوەیە. تا ئەفسانە بنبڕ و بەهێزبێ، کاریگەری دینیش قووڵتر و کاریگەرتر دەبێ. بەڵام ئەگەر ئەفسانە شکەست بێنێ، ئەوا دینیش شکەست دێنێ. و پێگای دەستەڵاتی دەروونی لە کۆمەڵگە لەدەست دەدا. هیچ لە دینەکانی یەهودی، کریستیان و ئیسلام نەیاندەتوانی دەست بە بانگهێژی دینەکەیان بکەن. و لە ناو دەروونی پەیرەوکارانیان ڕەگ دابکوتن. ئەگەر دووبارەکردنەوە و پیرۆزی ئەفسانەکانی خودایی سۆمەر و بابلی نەبوان. هەر بۆیەش دەتوانین بە لێبڕاوی بڵێین، ئەفسانە دینی سەرەتایی مرۆڤ بووە و مرۆڤیش بەردەوام پەرەی پێداوە [22]. جا ناوەرۆکی ئەفسانەکانی دین و قووڵی پەیوەندیان، بە گەردوونی ژیانی مرۆڤەوە هەیە. ئەوەش بەتەنیا لە ئەفسانەوە سەرچاوە دەگرن. یانیش هەر ئەفسانەکە خۆی دەبێتە دەقێک لە دین. جا ئەو ئەفسانانە پەرجووک (معجزە)، داستانی

[22] ضیف، الدکتور شوقی (١٩٦٠) تاریخ الادب العربی، جزء الاول العصر الجاهلی – دارالمعارف

بڵیمەتان بن، یان جادووی ڕووتبن. پڕن لە ئامۆژگاری، تۆقاندن و پەیمانی نێوان دیندار و خوداکەی. تا ئێستاش دیالۆگ لە نێوان لێکۆڵەرەوان هەیە سەبارەت بەوەی کە ئەفسانە و پیرۆزی. کامیان پێشتر لە سەرەتای دەرکەوتنی دین ڕۆڵی هەبووە. هەرچەندە دین بە پیرۆزی سادە دەستی پێکردووە. کەچی ئەفسانە پێکهاتەو ناوەرۆکی سەرەکی پیرۆزییەکانی دینە[23] لە خوارەوە هەشت خاڵ کە دەبێ لە ئەفسانە دابن بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی پیرۆزی دین و ئەفسانەی خودایی و لە چیرۆکی سادە جیایان دەکاتەوە:

١. ئەفسانە لە ڕووی شێوەو ژانری ئەدەبی بەرزدایە. چیرۆکێکە پەیرەوی یاساکانی پیلانگێڕی و کەسایەتی و ئاڵۆزی کێشەکان دەکات. شێوەیەکی سادە و ڕیتمی شیعری هەیە کە یارمەتی دووبارەکردنەوە، یان بە کۆمەڵ گوتنەوەی دەدا. بە ئاسانی لە نێوان خەڵکی بڵاو دەبێتەوە. و پڕیەتی لە سۆز و دڵنەوایی.

٢. چیرۆکێکی نەرێتیە. نەوە دوای نەوە پارێزگاری لە ناوەرۆکی خۆی بە هەمان دەق و ناوەرۆک دەکا .

٣. ئەفسانەی خودایی کاتێکی دیریکراوی نییە و لە یەک ڕووداویشدا ناگیرسێتەوە. بەڵکوو هەمیشە ئامادەیە و هەمان ناوەرۆک و سۆزی هەیە و دەبێتە پەند لە بوارەکاندا.

٤. بابەتەکانی گشتی و سەرڕاست وکاریگەرن. هەمیشە دەربارەی کێشە گەورەکانن، کە بیری مرۆڤ خەریک دەکەن.

٥. ڕۆڵی خودا و هاوشانەکانی سەرەکین. کاتی مرۆڤ لە شانۆی ڕووداوەکان دەردەکەوێ، هەمیشە ڕۆڵی تەواوکەرو لاوەکی هەیە نەک سەرەکی.

---

[23] الماجدی، الدکتور خزعل ( )علم الادیان

٦. ئەفسانە نووسەرێکی دیاریکراوی نییە. بەرهەمی ئەندیشەی تاکە کەسێکیش نییە. بەڵکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و گوزارە لە هیوا و خۆزگەی بە کۆمەڵ دەکا. ئەوەش بەو مانایە نایە، کە ڕێگە لە تاک بگرێ دووبارە دایڕێژێتەوە.

٧. ئەفسانە پیرۆزی دەستەڵاتێکی بەرزی هەیە، لەسەر بیر و دەروونی خەڵکی.

٨. ئەفسانە بە سیستەمێکی دینی دیاریکراوەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر لەگەڵ باوەڕی بنەڕەتی ئەو سیستەمە دینیە، و پیرۆزیەکانی ناکۆک بێ. ئەوا دەبێتە چیرۆکێکی سادەی ژیانی ڕۆژانە و هیچی تر.

بەپێی ئەو لێکدانەوەیە دەتوانین بڵێین ئەفسانە دەستەڵاتی خۆی هەیە، لەژێرکاریگەری هیچ فاکتەرێکی دەرەکی نییە. بەڵام شێوەی دارشتنی و دەربڕینی لەلایەن باوەڕدارە هەڵچووەکانی کاردانەوەیەکی دوور لە لۆژیکی دەبێ. ئەوەش تا ئەو ڕۆژگارەش هەر بەردەوامە.
هەرچەندە مرۆڤ خاوەنی دەستەلاتی ژیری بێ ئەندازەیە، کەچی هێشتا دەستەڵاتی ئەفسانە و کاریگەرییەکانی نقومی بیرکردنەوەی دەکا و مرۆڤایەتی لەناو چەپۆکی گیربووە، بەبێ ئەوەی درکی پێ بکا.

لە کۆتایی دا ئەفسانە چمکی کاتی هەیە نەک شوێن. خودا لە دەروونی ئەفسانە هەمیشە، بە دوای سەردەمی هاوکاتەوەیە. و خودایەکی گریمانەییە. بەڵام ئەفسانە بە دیمەنی کاریگەر، سروشتی فەلسەفەی پێدەدا. هەرگیز بوونی ڕاستەوخۆ و ڕیالیستی نییە. پەیوەندیشی بە جیهان لە ڕێگای ئەو چالاکیانەوەیە کە ئەفسانە پێی دەبەخشێ و شتێکی پێ دەئەفرێنێ. ئەوەش لە

سەردەمێکی دیاریکراو یان لەو کاتەی مرۆڤ بیری خودایی دەکاتە مێژووی بیر و کارەکانی خۆی [24], [25].

## ج. ڕیتوال ( پەرستن)

ڕیتوال بریتیە، لە بەرهەمی هەڵچوونی ڕاستەوخۆی مرۆڤ، بەرامبەر پیرۆزییەکانی. کاتی هەڵچوونی مرۆڤ پێویستی بە هەندێک ڕەفتار هەیە. ئەوەش وەک پێویستیەک بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی لە نێوان هەڵچوونی دەروون و جەستە. لەبەر ئەوەی هەڵچوونی توندی دەروون لە باری ئاساییەوە دەگۆڕێ بۆ بارێکی ناوێزە. گێڕانەوەشی بە ڕیتمی مۆسیقا و سەمای ئازاد هاوسەنگ دەبێ. سەمای ساکار و ڕیتم، شێوەی هەرە سەرەتایی ئەو هەڵچوونەبووین. دوایی هێدی هێدی بوونەتە ڕیتوالی هاوسەنگ و ڕێکخراو. کە لەگەڵ چوارچێوەیەکی سنووورداری جێگیر بۆ ڕیتوالی دینی. ئەوەش بەپێی ناوچەی جوگرافی و کولتووری دین ڕێکدەخرێ. بۆیە دتوانین بڵێین، ڕیتوال لایەنی پراکتیکی دینە، لە پەیرەوکردنی پیرۆزییەکانی لە ڕێگای ڕیتوالەوە. دیندار ڕازە حەشاردراوەکانی ناوەوەی لە خەیاڵ، هۆش و دەروونی بەشێوەی کردەوە پیشاندەدا [26].

لە لای دورکهێیم جادوو دیاردەیەکی ترە لە ڕیتوالەکانی دین. و دەڵێ پەیوەندی جادوو بە دینەوە شێوەی سەرەتایی ڕیتوالی دینە. بەوەش دەتوانین بڵێین دین، لە سەرەتاوە بە جادوو و ڕیتوالی سادە دەستی پێکردووە. بۆیە لە نێوان جادوو و دین هاوکێشەیەکی ئاڵۆز هەیە. وهەمیشە دوو جیهانی هاوتەریبی یەکترین. کە لە هەردووکیان ڕووناکی بە خودا یان هێزی چاکە و بڕشت دادەنرێ. بەرامبەر بەوەش تاریکی بە خودای خراپە و هێزی شۆم دادەنرێ.

---

[24] فراس السواح (٢٠٠٢) دين الإنسان. بحث في ماهية الدين و منشأ الدافع الديني. ص ٥٨

[25] Cassierer, Ernst. The philosophy of symbolic forms vol 2.Yale, New Haven. Pp 104-105

[26] فراس السواح (٢٠٠٢) دين الإنسان. بحث في ماهية الدين و منشأ الدافع الديني. ل ٥٣

ئەوەی جێگای سەرنجە، تاریک و ڕووناکی لە هەردووک دین و جادوو هاوسێی یەکترن و هیچ ناوبڕێکیان لە نێوان دا نییە. ڕووناکی بێکۆتاییە و تاریکێیش هەروا . ئەوەش وادەکات کە هیچ شتێک هەتا هەتایی نییە. هەمان مرۆڤ چاکەو خراپە لە ڕێگای ڕیتوالی تایبەتی و بۆ ئامانجی تایبەتی ئەنجام دەدا. ڕەنگە زۆرجار هەردووکیان هاوکات و هاو ئامانج بن [27] .

بە شێوەیەکی پوخت ڕیتوال بریتییە لە پێکەوە بەستنەوەی باوەڕ و ئەفسانە خوداییەکانی دین، گشت ئاکارەکانی مرۆڤی دیندار لەڕێگای ڕیتوالەوە بەدی دەکەین. کە بریتیین لەو سرووتانەی، کە ڕۆژانە دیندار بۆ ڕازیکردنی خوداکەی پەیرەویان دەکات. شێوەیەکە دیندار تێیدا کۆیلایەتی و ملکەچی بۆ پەروەردیگاری، بە شێوەیەکی سیستەماتیک و یەک فۆرمی دووپاتە دەکاتەوە [28]. ئەوەش بە هەزاران ساڵە هەر دووبارە دەبێتەوە. بەبێ بیرکردنەوە و گۆڕانکاری چ لە ڕوخسار یان ناوەرۆکی دین. دینداریش وەک پەیڕەوکارێک بێ بیرکردنەوە ئەرکەکانی پەرستن جێبەجێ دەکات. لە زۆربەی کاتدا تاکەکان پەیرەوکارێکی کوێرانەن. بەبێ تێگەیشتن و قووڵبوونەوە بەردەوامن لە ڕیتوالەکانیان.

هەر بۆیە شتێکی سەیر نییە کە لە مێژووی تیووری دین ، هەمیشە داهێنان و قووڵبوونەوە لەسەر ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی دەقەکۆنەکانی بە هازاران ساڵ سواوە دووبارە دەکرێتەوە. بەبە هیچ داهێنان یان شتێک، ئەرکێکی نوێ. واتە ڕوونکردنەوە بۆ ڕوونکردنەوەیەکی پێشتری خۆی ...... هتد. ئەوەش وادەکات کە نەتوانرێ بە گیانی زانستی و لۆژیک لێکدانەوەی بۆ بکرێ. تەنیا دەبێتە خولانەوە بەدەوری هەمان بازنەدا و بەشەوەیەکی زیاد لە پێویست، دووبارەکردنەوەی بێ کۆتایی[29] .

---

[27] هەمان سەرچاوە ل ٥٨

[28] الماجد، الدكتور خزعل ( )علم الاديان

[29] العضم، دکتۆر سادق جلال (١٩٧٠) نقد الفكر الدينى ص ٢٣

# بابەتی دووەم

# نەبی ئیبراهیم ناوێکی گەورە و ماڵێکی وێران

# بەشی یەکەم
# ئیبراهیم کەراکتەری سەرەکی سێ دینە سامییەکان

نەبی ئیبراهیم وەک کەراکتەرێکی ناسراو و پیرۆز، ناو و ڕۆڵی لە هەرسێ دینەکانی یەهودی، کریستیان و ئیسلام دیارە. هەم وەک باوک و هەم وەک نەبی، بۆ هەر سێ دینەکە بەبێ جیاوازی. ئاستی پیرۆزی خۆی هەیە. بێجگە لە گەورەیی لە سێ دینەکان. هەر لە سەردەمە هەرە کۆنەکان، ڕەنگدانەوەیەکی قووڵ و فرە ڕەهەندیشی لە سەر کەلەپوور و ئەفسانەکانی میسۆپۆتامیا و وولاتی کەنعان هەبووە.

هەر ئەوەشە وایکردووە، کە هەموو کەس زۆر یان کەم، ناوی باوک و نەبی ئیبراهیمی بیستووە. هەر لە چیرۆک و داستانەکانی ناو کەلەپوور و فۆلکلۆری میسۆپۆتامیا، تا دەگاتە شام و خاکی کەنعان. دواتر شۆڕدەبێتەوە ناو دەقە پیرۆزەکانی هەر سێ دینە سامییەکان. لەلای یەهودیەکان بە گرنگترین و دەمەزرێنەری دینی یەهودی و باپیرە گەورە دادەنرێت. هەر ئەویشە بێجگە لە باپیرە گەورە، یەکەمین پەیامبەری خودایە وپەیمانی لەگەڵ خودا بۆ یەهودیەکان بەستووە. بەو هۆیەشەوە گەلی بەنی ئیسرائیل بە (گەلی هەڵبژاردەی خودا) ناو دەبرێن. کریستیانەکانیش بە باپیرەی خۆیانی دادەنێن و یەسو کە پەیامبەری کریستیانییە. بەپێی ئینجیل دەچێتەوە سەر بنەماڵەی داود و ئیبراهیم و درێژە پێدەری ڕەچەڵەکی داودە (ئینجیلی مەتی ١: ١ - ١٧، ئینجیلی لۆقا ٣: ٢٣- ٣٨). هەروەها باوڕیشیان بە پەیمانی کۆنە و بە پەرتووکی پیرۆزی خۆیانی دەزانن. لە دینی ئیسلام بە هەمان شێوە. ئیبراهیم لە ڕێگای

ئیسماعیلی کوڕی وەک باپیرەگەورە و وەک نەبی دەناسرێ. لای موسوڵمانان هەر نەبی ئیبراهیمە بەردی بناخەی کەعبەی داناوە.

ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە، چەند پرسیارێکە. ئیبراهیم کێیە؟ خەڵکی کوێ بووە؟ ئایا ئیبراهیم مرۆڤێکی ڕاستی و مێژوویی بووە؟ لەو سەردەمە ژیاوە کە باسی دەکەن؟ وەک لە سەرچاوەکانی دینی، بەتایبەتی یەهوودی؟ یان کەسێکی ئەفسانەییە و هەر لەسەردەمی چاخە تاریکەکانەوە، وەک ئەفسانەیەک هێنراوەتە ناو دینە سامییەکان؟ و چەندین پرسیاری تر سەرهەڵدەدەن و وەڵامەکانیش لەناو تاریکایی مێژوودا بزرن.

کەسایەتی و ڕۆڵی نەبی ئیبراهیم بە درێژایی مێژوو، بە تایبەتی ئەو چەند سەد ساڵەی دوایی، لە نێوان لێکۆڵەرەوە و پێشڕەوانی دین و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپی، بۆتە جێگەی مشت ومڕ. ئیبراهیم لەلایەک وەک کەسایەتییەکی مەزن و ناسراو، وەک کەسایەتییەکی ڕەچەشکێن، بۆ دینە یەکتا پەرستەکان دەبینرێ. کەچی ژیان و پاشخانی کەسایەتی نادیار و پڕ تەمومژە.

ئەوەی سەبارەت بە مێژووی ژیان و کردەوەکانی ئیبراهیم جێگای هەڵوێستەیە، ئەوەیە بێجگە لە سێ پەرتووکە دینییەکان تەورات، ئینجیل و قورئان لەلایەک. لەلایەکی تر داستان و بەسەرهاتی ناو کەلەپووری ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و کەنعان و ئیسرائیل بەولاوە. بەڵگەیەکی تر سەبارەت بە بوون و ژیانی ئیبراهیم نادۆزرێتەوە. چ لە بواری زانستی مێژوو یان لە بواری شوێنەوارناسییەوە (ئەرخیۆلۆژی). تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت، نەتوانراوە هیچ پاشماوەیەک بدۆزرێتەوە، کە بتوانێت بوونی بسەلمێنێ. دکتۆرف.ب مایەر کە ڕۆژهەڵاتناسێکی دینناسە، و شارەزاییەکی بێ هاوتای لەسەر دینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، دەڵێ: تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت نەتوانراوە دۆکۆمەنتێکی شوێنەوارناسی بدۆزرێتەوە، کە وەک بەڵگە دەستنیشانی بوونی کەسایەتی ئیبراهیم بکات. نە نەخش و نیگار، نە نووسین. نەهیچ دەقێک کە بتوانێت بە لێکدانەوە ئاماژە بە بوونی کەسایەتی ئیبراهیم بکا.

ئەوەش چ لە دۆڵی نیل یان میسۆپۆتامیا یان خاکی کەنعان (ئیسرائیل) [30] نووسەر و بیرمەندی عەرەب عصام الدین حفنی ناصف سەبارەت بە ئیبراهیم دەڵێ لەڕاستیدا زانستی مێژوو هیچ شتێک سەبارەت بەو مرۆڤە (ئیبراهیم) نازانێ. بەو شێوەیەش هەرگیز ناتوانین بگەینە دەرئەنجامێک. کە بوونی لە ڕێگای زانستەوە پشتڕاستبکرێتەوە. ئەو چیرۆکەش کە لەناو یەهودیەکان لە ساوڵی یەکەم کە پاشای عیبرییەکان بووە دەست پێدەکا. و پاشایەتییەکەی ١٥ ساڵی خایاندووە، لە نێوان ١٠٢٥-١٠١٠ پ.ز. کە لەدوای ئەو داودی کوڕی جێگای گرتەوە. بێجگە لەوانە سەرجەمی چیرۆکی پیاوە پیرۆزەکان. و ئەو نەبیانەی لە تێکستە دینییەکانی یەهودی. بە تایبەتی تەورات بەر لە ساوڵ و داود ژیاون، لە کۆی ئەوانەش ئیبراهیم، لوت، ئیسحاق، ئیسماعیل، یاقوب، یوسف و موسا و..... هتد. بەپێی زانستی مێژوو و زانایانی مێژووناسی. تەنیا ئەفسانەیەکی ڕووتن و دوورن لە ڕاستی[31].

گەلی بەنی ئیسرائیل لە مێژوودا لە سەرەتای سەدەی سێیەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین بەدەرکەوتن. دوای ئەوەی بە پێی گێڕانەوەی تەورات، چوونە میسر و بەسەرکردایەتی موسا لە دەوروبەری ساڵی ١٢٣٤ پ.ز لێی دەرچوون. دواتر بەمەبەستی دامەزران لە خاکی کەنعان (ئیسرائیلی ئێستا) بەڕێکەوتن. توانیان لە دەوروبەری ساڵانی ١٠٠٠ پ.ز دەوڵەتێک دابمەزرێنن کە بەناوبانگترین پاشاکانیان ساول، داود و سولەیمان بوون [32]، [33]

مێژووی گەلی بەنی ئیسرائیل بەگشتی، هەم کارێکی نادیار و ئاڵۆزە و هەمیش تەورات وەک پەرتووکی پیرۆز و تاکە سەرچاوەی دین، ناکۆکی زۆری تێدایە. کە گومانی گەورە لای خوێنەر دروست دەکەن (ئەوە دواتر دەگەڕێینەوە سەری).

---

[30] F.B.Mayer (1936) Abraham, or the obedience of Faith.

[31] عصام الدین حفنة ناصف، الیهود بین الاستور و الحقیقه ص ١٣١

[32] سید محمود القمنی. قصه الخلق او منابع سفر التکوین ص ٧

[33] تەورات -دووەم ساموێل١٦: ١٤-٢٤

له لایەکی تر هێرشی بابلییەکان بە سەرکردایەتی نەبوخدنەسر. کە لە ساڵی ٥٨٦ پ.ز بۆ سەر باشووری ئیسرائیل و داگیرکردنی. لەو هێرشەدا شارستانیەتی ئۆرشەلیم و یەهودایان خاپوورکرد. خەڵکەکەیان ڕاپێچکردن بۆ بابل و بەدیلی بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە بە زەلیلی و و کۆیلەیی دەژیان. تا ساڵی ٥٣٨ پ.ز پاشای فارس کۆرشی مەزن، بابلی داگیرکرد و یەهودیەکانیش ئازادکران. لە ناو دیلەکان حاخامێک هەبوو بەناوی ئەزرا. کە بە ئەزرای نووسەر ناسرابوو(عذرا الكاتب) Ezra ئەوحاخامە، تا پێی کرابێ ئەو ئەفسانەو چیرۆک و بەسەرهات و بۆنە و شێوەی ژیانی سۆمەری و بابلی تۆمارکردبوون.

دوای ئازادبوون و گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل، توانیان نووسینەوەی ئەو کەلەپوورە گەورەیەی، کە ئەزرای نووسەر تۆماریکردبوون. و لەگەڵ خۆیان هێنابوونیانەوە بۆ خاکی ئیسرائیل، هەر بە سەرپەرشتی ئەزرا خۆی، بیانکەنە بنەمایەک بۆ ئەوەی پەیتا پەیتا وەک پاشخانێکی ئەفسووناوی تێکەڵ بە سەرچاوە پیرۆزەکانی دینی و سرووتەکانی پەرستنی خۆیان بکەن. ئیتر گریمانەیەکی بەهێز ئەوەیە، کە ئەفسانەکانی پێش ساوڵ و داود، لە ئەفسانەکانی میسۆپۆتامیاوە هاتبن[34]. واتە ئەو کەسایەتییانەی پێش ساوڵ کەسایەتی ئەفسانەیین. وەک تارمایی، کراونەتە کەسایەتییەک، تا وەک پەرجو (معجزە) بۆ ڕاگیرکردنی توانای دەروونی و کۆمەڵایەتی دین بەکاربێن.

سەیری چیرۆکی موسا کە لەناو سەبەتەیەک لە ڕووباری نیل دۆزرایەوە. و کچی فیرعەون هەڵیدەگرێتەوە و بەخێوی دەکات، تا گەورە دەبێ. بە بەراوردی لەگەڵ چیرۆکی سەرجۆنی یەکەمی ئەکەدی کە زۆر پێش موسا بوو. لە ناو سەبەتەیەک لە ئاوی فورات دۆزراوەتەوە و رزگار کراوە. دوای ئەوە خودای عەشتار چاوی پێدەکەوێت و ئەینداری دەبێ و هاوسەرگیری

[34] عصام الدين حفنى ناصف (١٩٨٥) اليهوديه بين الاسطوره و الحقيقه ص ٦٠

لەگەڵ دەکات. کردوویەتییە پاشای وڵات و یەکەمین پاشای سامییەکان بووە. و ٤ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە [35]

ویلیام رۆبەرتسۆن سمیث (١٨٤٦ – ١٨٩٤) پرۆفێسورێکی سکۆتلەندی بوو لە بواری عیبری و دینی یەهودی. دەڵێت: یەهودیەکان بەشدارییان لە تێکەڵکردنی یەکتاپەرستی بۆ ناو باوەڕی دینەکەی خۆیان دەکرد. ئەوەش دەتوانین بڵێین ئاراستەیەکی یەکتا پەرستی، لە هەمان کاتدا یەکێتی بوو لە نێوان دین و دەستەڵاتی پاشایەتی. ئەوەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دینی یەهودی لەسەرەتا دا دینێکی یەکتا پەرستی نەبووە. بەڵکوو دواتر بەپێی تێپەڕبوونی کات، تێکەڵکردن و سوود وەرگرتن لە کولتوور و کەلە پووری گەلانی تری ئەو سەردەمە. بە ئاراستەی یەکتا پەرستی ڕۆیشتوون.[36]

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەش دکتور کمال الصلیبی دەنووسێ لەسەرەتای پەیدابوونی دینی یەهودی، چەن خودایەک هەبوون کە ئەرکی جیاوازیان هەبووە. ئەوانە گشتیان لە دەوری خودای چیا کۆبوونەوە، لەوانە:

یەهوە: پەروەردگار
ألهە صبءوت: خودای سەربازان
شلم: خودای ئارامی (سەلام)
شدی: خودای ڕێزگرتن
علیون: خودای گەورە (اللة العلی)

---

[35] هەمان سەرچاوە ص ٤٦

[36] William Robertson Smith. The Prophets of Israel and their place in history, to the close of the 8th century B.C. 1882, 1895. 60

بە ڕەچاوکردنی ئەرکەکانیان وا دادەنرا کە هەموویان یەک خودان. ئەوەش وەک بنەڕەتێک بۆ پەرەسەندنی یەکتا پەرستی. و بۆ پشتیوانی بەنی ئیسرائیل دەبینرێ و نیشانەی یەکەمیش بووە، بۆ لەدایکبوونی دینێکی یەکتاپەرستی لە ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی[37]
هەر ئەوەش وایکرد کە دواتر بە پەیدابوونی دەوڵەتی بەنی ئیسرائیل و پاشایەتی بنەماڵەی داود. لە ناو دین وەک کولتوورێکی یەکتاپەرستی ئەفسووناوی سەیربکرێ. ئەوەش نەک تەنیا بۆ یەهودییەکان، بەڵکوو بۆ کریستیان و ئیسلامیش هەمان ڕۆڵی کاریگەر ببینێ.

جا ئەو تەمومژ و ناکۆکییەی لەسەر مێژووی ئەو سەردەمە. بەتایبەتی ژیان و ڕۆڵی نەبی ئیبراهیم هەیە! وامان لێدەکا، کە بۆ ساخکردنەوەی کەسایەتی و ڕۆڵی ئەفسووناوی. بەر لەوەی هەر هەنگاوێک هەڵێنینەوە. دەبێ بزانین پەرتووکە پیرۆزەکانی ئەو سێ دینە، چۆن باسی نەبی ئیبراهیم دەکەن. ڕۆڵی لە باوەڕی دینی و ڕەچەڵەکی بنەماڵە دامەزرێنەرەکان چی و چۆن بووبێت. ئەوسا بتوانین بە شێوەیەکی ڕوونتر بە سۆراخی ئەگەرەکانی تردا بگەڕێین. بۆ لێک دانەوە و بەراوردکردن. تا بتوانین سەرەداوێکیترمان دەستکەوێ. کە بتوانێ دەرفەتی ترمان بۆ برەخسێنێ، بۆ ئەوەی بیکەینە گریمانە بۆ دەرئەنجامێک.

---

[37] الصليبي دكتور كمال (١٩٩٧) توراة جاءت من جزيرة العربية ص ٢٨

# بەشی دووەم
# ئیبراهیم (ئەبرام) لە تەورات

## بەر لە دەستپێکردن

لەو باسانەی دواتر زۆر جار کێشەی نێوان ئەبرام (ئیبراهیم) و کەنعانییەکان دێتە پێش. و ڕەنگە وەک خوێنەر پرسیاری جۆراوجۆر، لە مێشک دروست ببێ. جا بۆیە هەوڵ دەدەم، پێش ئەوەی بچمە ناو باسی تەورات و ئەبرام. باسی ناکۆکی نێوان ئەبرام و کەنعانییەکان بە پێی تەورات بکەم. ( بەڵام ئەو باسکردنە هیچ پەیوەندی بە شوێنەوارناسی یان زانستی مێژووەوە نییە. بەڵکوو تەنیا، لە ڕوانگەی دینە ئیبراهیمیەکانە) بە هەر حاڵ با بزانین تەورات سەبارەت بە سەرچاوەی ئەو کێشەیە هەر لە سەردەمی نوح دوای دابەزینیان لە کەشتی دەستپێدەکا چی دەڵێ:

تەورات. ئەفراندن دەقی ٩: ١٨ - ٢٩

(١٨) کوڕانی نوح کە لە کەشتییەکە هاتنە دەرەوە، سام و حام و یافێت بوون .حام باوکی کەنعان بوو .(١٩) ئەمانە سێ کوڕەکەی نوح بوون، لەمانەوە ڕەچەڵەکی مرۆڤ لە سەرتاسەری زەوی لێکەوتەوە.
 (٢٠) نوح جوتیار بوو و دەستی بە چاندنی ڕەزەمێویێک کرد .(٢١) ئینجا کە لە شەرابەکەی خواردەوە، سەرخۆش بوو و لەناو چادرەکەیدا بە ڕووتی ڕاکشا. (٢٢) حامی باوکی کەنعان، باوکی بە ڕووتی بینی و لە دەرەوە بە هەردوو براکەی ڕاگەیاند. (٢٣) بەڵام سام

و یافەت پۆشاکێکیان هێنا و خستیانە سەر شانیان، ئینجا پشتاوپشت چوون باوکیان داپۆشی، ڕووشیان بەرەو دواوە بوو، ئیتر گەڵو گونی باوکیان نەبینی.

(٢٤) کاتێک نوح لە سەرخۆشییەکەی بەئاگا هاتەوە، زانی کوڕە بچووکەکەی چی پێکردووە (٢٥) ئینجا گوتی نەفرەت بێت لە کەنعان! دەبێتە کۆیلەی کۆیلەکان، بۆ براکانی.

(٢٦) هەروەها گوتی: ستایش بۆ خودا، پەروەردگاری سام! با کەنعان ببێتە کۆیلەی سام.

(٢٧) با خودا دەرگا بۆ یافەت بکاتەوە و لە چادرەکانی سام جێنیشین بێ. با کەنعانیش ببێتە کۆیلەی ئەو.

(٢٨) دوای لافاوەکە نوح سێ سەد و پەنجا ساڵ ژیا.

(٢٩) هەموو تەمەنی نوح نۆ سەد و پەنجا ساڵ بوو، ئیتر مرد [38].

ئەوە دەقی تەوراتە، سەبارەت بە سەرچاوەی ناکۆکی ڕەچەڵەکی دوو لە کوڕەکانی نوح، سام و حام. جا کەنعانییەکان دەچنەوە سەر کەنعانی کوڕی حام. پرسیارەکە لەوەدایە کەنعان و ڕەچەڵەکەکەی، بێجگە لە باوکایەتی و پەیوەندی بایۆلۆژی هیچ پەیوەندییەکی تریان بە حامەوە نیە. تا ببنە نەفرەتلێکراوی هەتاهەتایە. دووبارە بە بینینی گەڵوگونی نوحی باوک، بۆ دەبێ مرۆڤایەتی هەتا هەتایێ دوژمنی یەک بن. و بە ملیاران مرۆڤ ببنە قوربانی تاوانی حام کە شتێکی بینیوە و پێکەنیوە. دواتر وەک گاڵتە بۆ دوو براکەی تری گێڕاوەتەوە!!

---

[38] تەورات، ئەفراندن ٩: ١٨ - ٢٩

# ئەبرام لە ناو دەقەکانی تەورات

تەورات، یەکەم و کۆنترین پەرتووکی دینییە کە لە ناو نەتەوە سامییەکان هاتبێت و باسی نەبی ئیبراهیمیش لە پەرتووکی یەکەمی تەورات (ئەفراندن ١١: ٢٧ تا ٢٥: ١٠) بە شێوەیەکی دوور و درێژ، لەسەر ژیان و ڕەچەڵەکی ئەبرام دەگێڕێتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە، ئێمە لە تەمەنی ٧٥ سالیدا، لە تەورات بە ئیبراهیم (ئەبرام) ئاشنا دەبین. کەچی باسێک لەسەر منداڵی و گەنجی ئەو کەراکتەرە مەزنە، لە ناو دەقەکانی تەورات دا نییە. بەپێی گێڕانەوەی تەورات دەبێت یەکەمین نیشتمانی ئەبرام (ئیبراهیم) شاری ئوری کلدانی بووبێت. کە دەکەوێتە بەری ڕۆژئاوای قەراخی ڕووباری فورات (کە دەکاتە نزیک شاری ناسرییەی ئێستای عێراق). هەر لەوێشەوە کۆچی لەگەڵ باوکی و لۆتی برازای و سارای ژنی بۆ خاکی کەنعان دەست پێ کردبێ.

لە تەورات، ئەفراندن دەقی (١١: ٢٧ ـ ٣٢) دەبینین تارەح باوکی ئەبرام (ئیبراهیم) لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا دەبێتە باوکی ئەبرام، ناحور و هاران. هاران کوڕێک و دووکچی هەبوون کوڕەکەیان ناوی لوت و کچەکانیش بە ناوی میلکە و یێسکە بوون. هەر لێرەدا باسی ئەوە دەکات کە ناحور هاوسەرگیری لەگەڵ میلکەی کچی هاران دەکا. وئەبرامیش هاوسەرگیری لەگەڵ سارای (نەک سارا) دەکات. هەر لێرە ئەوەش دەزانین کە تارەح لەگەڵ سەرجەمی بنەماڵەکەی. لە ئوری کلدانی بە مەبەستی کۆچکردن بۆ خاکی کەنعان بەڕێکەوتن. بەڵام کاتی گەیشتنە حاران، لەوێ گیرسانەوە و نیشتەجێبوون. باوکی ئەبرام تا دوا تەمەنی کە گەیشتە دوو سەد و پێنج ساڵ لە حاران دەمرێ.[39] واتە هەرگیز نەگەیشتە خاکی کەنعان.


[39] هەمان سەرچاوە ١١: ٢٧ـ ٣٢

لەو تێکستەدا دەبینین کە ناحور برای ئەبرام هاوسەرگیری لەگەڵ کچی هارانی برای کردووە. واتە ناحور مێردی میلکەی برازای خۆیەتی. لە دەقی ٢٢: ٢٠ ی ئەفراندن جارێکی تر بە ڕوونتر خودای یەهوا لە دیالۆگدا لەگەڵ ئیبراهیم دەفەرموێ:

تەورات ئەفراندن ٢٢: ٢٠

(٢٠) وا میلکەی برازاشت چەند کوڕەکی بۆ ناحووری برات بووە. [40]

بەپێی ئەو دەقەی سەرەوە، کۆچی هۆزی ئەبرام بۆ خاکی کەنعان. لە ئوری کلدانیەوە تا گەیشتنە حاران و لەوێش نیشتەجێ بوون، تارەحی باوک خاوەن بڕیار بووە. ئەبرام تەنیا گوێڕایەڵی باوکی بووە و هیچیتر. سەرەڕای ئەوە بە مردنی هاران لە ئوری کلدانی، لوت لەگەڵ تارەحی باپیرەی و ئەبرامی مامی لەو کۆچەدا بەشداربووە [41] لە تەورات هیچ باس لەوە ناکا بۆ لە ئورەوە ڕێگەی بەرەو باکووریان بۆ حاران گرت. کەچی ڕێگا بۆ خاکی کەنعان بەرەو ڕۆژئاوا کورتتر و ڕاستەوخۆبوو. هەر لە دەقی ١١ی ئەفراندن، کە پێشتر خرایە ڕوو.



وینەی ژمارە ١: کۆچی تارەح، لە ئورەوە بۆ خاکی کەنعان

تارەح بە ئامانجی خاکی کەنعان بەڕێ دەکەوێ، کەچی هیچ کەس فەرمانی پێنەکردووە و لە

40 هەمان سەرچاوە ٢٢: ٢٠

41 القمنی سید محمود. النبي ابراهيم و التاريخ المجهول ص٧٣

حاران دەگیرسێتەوە. لە حارانیش ئەبرام دوای مردنی باوکی، فەرمانی پێدەکرێ کە دەبێ ئەو خاکە بەجێ بێڵێ. ئێل (سەرنج بدە خودا لە یەهوا دەبێتە ئێل) خاکێکی بۆ دیار دەکات.

تەورات ئەفراندن ١٢: ١

ئێل بە ئەبرامی فەرموو. خاک و هۆز و ماڵی باوکت بەجێ بێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی بۆت دیار دەکەم.[42]

دواتر لە هەمان دەق لە ئەفراندن ١٢: ٤ ـ٥ دا هاتووە:

(٤) ئیتر ئەبرام ڕۆیشت، هەروەک ئێل پێی فەرموو، لوتیش لەگەڵی چوو. ئەبرام لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا بوو کە حارانی بەجێهێشت (٥) ئەبرام سارای ژنی و لۆتی برازای و هەموو ئەو دەستکەوتانەی دەستیان کەوتبوو، لەگەڵ ئەو کەسانەی لە حاران بەدەستیان هێنابوو، لەگەڵ خۆیدا بردنی، ئیتر ڕۆیشتن و چوونە خاکی کەنعان. گەیشتنە خاکی کەنعان. (٦) ئەبرام بە خاکەکەدا تێپەڕی هەتا گەیشتە دار بەڕووەکەی مۆرە لە شەخەم. لەو کاتە کەنعانییەکان لە خاکەکە بوون. (٧) ئێل بۆ ئەبرام دەرکەوت و فەرمووی: (ئەو خاکە دەدەمە نەوەی تۆ. ئەویش لەوێ بەڵاگێرگایەکی ) بۆ خودا دروستکرد کە بۆی دەرکەوت. [43]

بەپێی ئەو دەقەی تەورات ئەبرام لەگەڵ سارای ژنی و لوتی برازای، وەک ئاوارەیەکی سادە بە فەرمانی خودا هاتوون. بەڵام هەر لەگەڵ گەیشتنیان، خودا خۆی پیشاندا. ئەویش بە خزمەتی خودا گەیشت و سەرتاسەری خاکی کەنعانی پێ بەخشرا. دوای ئەوە ئێل (خودا) و

---

[42] تەورات. ئەفراندن ١٢: ١

[43] هەمان سەرچاوە ١٢: ٤-٥

ئەبرام لە خاکی کەنعان لەسەر گرێبەستێک ڕێککەوتن. ئەو گرێبەستەش وەک بەڵگەنامەیەک لە نێوان هەردووکیان، بریتی بوو لە (ئەو خاکە بووە خاکی پەیمان بۆ هەر یەهودیەک). ئەوەش لە ئەفراند دەقی ١٣ و دەقی ١٧ بە جوانی باسدەکات.

تەورات - ئەفراندن ١٣:١٤ -١٥

(١٤) یەهوا بە ئەبرامی فەرموو، چاوت هەڵبڕە و ئەو شوێنەی کە لێیت ، سەیری باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکە (١٥) چونکە ئەو خاکەی دەیبینیت بۆ هەتاهەتایە دەیدەمە تۆ و نەوەکانت. [44]

تەورات - ئەفراندن ١٧: ٩ - ١٤

(٩) یەهوا بە ئەبرامی فەرموو. تۆ دەبێ پەیمانەکەم بەجێ بێنی، خۆت و نەوەی دوای خۆت لە نەوەکانیان (١٠) ئەوەش پەیمانەکەمە کە دەبێ بەجێی بێنن لە نێوان من و ئێوە و نەوەی دوای خۆت، هەموو نێرینەکانتان خەتەنە دەکەن. (١١) خوتان خەتەنە دەکەن، ئەوەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و ئێوە. (١٢) هەموو نێرینەیەکی هەشت ڕۆژەش لە ناو ئێوە دەبێ خەتەنە بکرێ، لە نەوەکانتان، ئەوەی لە ماڵەکەت لە دایک بووە، یان ئەوەی بە زیو لە بێگانە کڕاوە و نەوەی خۆت نییە (١٣) دەبێ ئەوەی لە ماڵەکەت لە دایک بووە یان بە زیوکڕاوە، بە تەواوی خەتەنە بکرێ. جا پەیمانەکەم لەگەڵ ئێوە پەیمانێکی هەتاهەتایی دەبێت. (١٤) هەر نێرینەیەکی خەتەنە نەکراویش، ئەگەر خەتەنە نەکرابێت، ئەوە لە نەتەوەکەی دادەبڕێت. چونکە پەیمانی منی شکاندووە. [45]

---

[44] هەمان سەرچاوە ١٣: ١٤-١٥
[45] هەمان سەرچاوە ١٧: ٩-١٤

لێرەوە نووسەر یا نووسەرانی  تەورات چەند یاسایەک بۆ نەتەوەی بەنی ئیسرائیل دادەنێ. گرنگترینیان نەبی ئیبراهیم باوکی هەموو یەهودیانە و هەموویان لە ڕەچەڵەکی ئەون. بە هۆی ڕاستگۆیی لەگەڵ خودا خاکێکی سەربەخۆی پێ بەخشرا. کە لەمەوبەر هیچ خاکێکیان نەبووە. گەواهیش بۆ ئەو پەیمانە، هەر منداڵێکی نێرینەی یەهودی. هەر لەگەڵ لەدایکبوون، دەبێ خەتەنە بکرێ. هەڵبەتە ووشەی خەتەن واتە (ختم) وەک مۆر کە یەهودی بوونی ئەو نێرینەیە بسەلمێنێ. ئەگینا بە پەیمان شکێن دادەنرێ. [46]

یەهوا خاکی کەنعانی وەک دیارییەکی هەتاهەتایی پێشکەشی ئەبرام و نەتەوەکەی کردووە. کە نەوە دوای نەوە، بۆیان دەمێنێتەوە. ئەوەش بە دانانی چەند مەرجێکە. ئەو مەرجانەش بەپێی تەورات ئەفراندن دەقی ١٧، گرنگترینیان:

١ نەبی ئیبراهیم باوکی هەموو بەنی ئیسرائیلە. ئەوان لە پشتی ئەوەوە هاتوون و خاکی کەنعانیش لە بنەڕەتدا خاکی خۆیانە.

بۆ پشتڕاستکردنەوە و گەواهی ئەوەش، هەر نێرینەیەکی یەهودی دەبێ خەتەنە بکرێت. کە لە بنەڕەتەوە[47] وەک مۆری یەهوودی بوونی و سەربە بەنی ئیساڕائیلی دەسەلمێنێ. واتە مۆری سەر بە نەتەوی عیبری بوونە.

بەو پێیە هەر لە ڕووباری میسرەوە (ڕووباری نیل) تا دەگاتە ڕووباری گەورە (ڕووباری فورات) ئەو خاکە دەبێتە هی نەوەکانی ئیبراهیم، بۆ هەتاهەتایە. [48]

---

[46] القمنی سید محمود. النبي ابراهیم و التاریخ المجهول ص ١٢

[47] تەورات ئەفراندن ١٧

[48] سید محمود القمنی (١٩٩٩) الاسطوره و التراث. الطبعة الثالثة. القاهره

# بەشی سێیەم
# ئیبراهیم و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان

## ئیبراهیم و پەیوەندی لەگەڵ ژن

ئەوەی لە کەسایەتی ئەبرام (ئیبراهیم) جێگای هەڵوێستەکردنە، پەیوەندی بە ژنەوەیە. هەرچەندە تەورات ئەبرام وەک کەسایەتییێکی نموونەیی باسدەکا. کە خاوەن کەسایەتی و مرۆڤ دۆستی و هەمیشە بە هانای کەسانی ترەوە هاتووە. کەچی سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ ژناندا، دەبینین سەرەڕای دەربەدەربوونی، لە زێدی خۆی. و گیرسانەوەی یەکەم جار لە حاران. و دواتر لە خاکی کەنعان، پەیوەندی لەسەر بنچینەی چینایەتی و ئاستی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ژندا. لەلایەک بەرامبەر سارا زۆر بێدەستەڵاتە و ئەوەی ئەبرام دەیکا، تەنیا جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی سارایە. کەچی لە بەرامبەر ئەوەدا هاجەر کە کۆیلەیەکی خەڵکی میسرە. بە بێشەرم و زمان پیس سەیردەکرێ. بەردەوام سووکایەتی پێدەکرێ و جنێوی پێدەدرێ. هەڵسوکەوتی ئەبرام لەگەڵ هاجەر تا ئاستێکی بەرز پەیوەندی بە ئارەزووی ساراوە هەیە. تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، خودای ئێل ڕاستەوخۆ دێتە ناو کێشە خێزانیەکان. و بڕیاری دەرکردنی هاجەر دەدرێ [49] . لێرەدا یەهوا بە مەزنی خۆی دێتە ناو کێشەی خێزانی ئیبراهیم. سەرەڕای ئەوە دەبینین کە ئەبرام هاجەر بەبێ دەرەتانی دەداتە دەستی سارا. ساراش تا


---

[49] تەورات -ئەفراندن ٢١: ٩ -١٤

لەدەستی دێ سووکایەتی پێدەکات. لە کۆتایی هاجەر ناتوانێ چیتر بەرگە بگرێ و ڕادەکا. بە تەنیا، لەو بیابانە ئیسماعیلی دەبێ.

## چیڕۆکی ئەبرام و سارا و هاجەر

لێرەوە پرسیارێک دروست دەبێ. ئایا دەبێ ئیبراهیم لە دەستی سارا، چەند بێدەستەڵات بووبێ.



وێنەی ١: سارا هاجەر پێشکەشی ئەبرەهام دەکا

کە لەسەر خواستی ئەو (سارا) بۆ تەنیا وچاخکوێرنەبوون و وەچە دروستکردن لەگەڵ هاجەر جووت بوو. دواتر کە هاجەر سکی پڕدەبێ و هەندێک شانازی بەخۆیەوە دەکات. سەرەڕای ئەوەی کە سکی بە منداڵی ئەبرام پڕە. و تاکە هیوای ئەبرامە بۆ ڕزگاربوون لە وچاخکوێری. بەو شێوەیە سووکایەتی پێبکرێ. وتا دەگاتە ئەو ئاستەی، لەدەستی ئەو ناڕەواییە، بۆ چۆلەوانی ڕابکا. سەرەڕای ئەوە خودای ئێل دەبێ لەوە ئاگادار بووبێ. کە دواتر لە بیابان بەهانایانەوە دێ. با دەقی تەورات ئەفراندن ١٦: ١ - ١٦ بخوێنینەوە:

(١) سارای ژنی ئەبرام هیچ منداڵی بۆ ئەبرام نەدەبوو، بەڵام کەنیزەیەکی میسری هەبوو ناوی هاجەر بوو. (٢) سارای بە ئەبرامی گوت: خودا

ڕێی منداڵبوونی لێ گرتووم. لەگەڵ کەنیزەکەم بنوو، بەڵکو لەوەوە منداڵم بۆ ببێت.
ئەبرامیش بە قسەی سارای کرد. (٣) ئینجا سارای ژنی ئەبرام هاجەری کەنیزە میسرییەکەی هێنا، ئەمەش پاش دە ساڵ بوو لە نیشتەجێبوونی ئەبرام لە خاکی کەنعان، دایە ئەبرامی مێردی هەتا ببێتە ژنی.
(٤) ئیتر لەگەڵ هاجەر نوست، ئەویش سکی پڕ بوو.
کاتێک کە زانی وا سکی هەیە، خانمەکەی خۆی لەبەرچاو سووک بوو. (٥) ئینجا سارای بە ئەبرامی گوت: ئەو سووکایەتییەی بە من دەکرێ تۆ لێی بەرپرسی. من کەنیزەکەی خۆمم خستە باوەشی تۆ، ئێستاش کە زانی سکی هەیە، لەبەرچاویدا سووک بووم. با خودا دادوەری نێوان من و تۆ بکات.
(٦) ئەبرامیش بە سارای گوت: وا کەنیزەکەت لەبەردەستی خۆتدایە، چیت پێ باشە وای لێ بکە. ئیتر سارای هاجەری زەلیل کرد، ئەویش لە دەستی هەڵات.
(٧) ئینجا فریشتەی خودا هاجەری لەسەر کانییەک دۆزییەوە لە چۆڵەوانی. لەسەر ئەو کانییەی لە ڕێگای شوورە.(٨) فەرمووی: ئەی هاجەری کەنیزەی سارای، لەکوێوە هاتوویت و بۆ کوێ دەچیت؟
ئەویش گوتی: لەدەست سارای خانمی خۆم ڕامکردووە.
(٩) فریشتەی خودا پێی فەرموو: بگەڕێوە لای خانمەکەت و ژێردەستەی بە. (١٠) هەروەها فریشتەی خودا پێی فەرموو: وەچەکانت بێ ئەندازە زۆر دەکەم کە لەبەر زۆرییان لە ژماردن نەیەن.
(١١) دیسان فریشتەی خودا پێی فەرموو
ئێستا سکت پڕە، کوڕێکت دەبێت،
ناوی دەنێیت ئیسماعیل*

چونکە خودا گوێی لە زەلیلی تۆ بوو.
(١٢) ئەو دەبێتە مرۆڤێک وەک کەڵەکێوی لێ دێت.
دەستی لە دژی هەموو کەسێک دەبێت
دەستی هەموو کەسێکیش لە دژی ئەو.
بەرامبەر هەموو براکانیشی نەیار دەبێت.
(١٣) ئینجا ئەم ناوەی لە خودا نا کە لەگەڵیدا دوا، تۆ ئەو خودایەی کە دەبینیت، چونکە هاجەر گوتی: ئا لێرەشدا ئەوم بینی کە دەمبینێت. (١٤) لەبەر ئەمەشە کە ئەو بیرە بە بیری لەحەی ڕۆئی ناونراوە، ئێستاش دەکەوێتە نێوان قادێشو بەرەدە.
(١٥) ئیتر هاجەر کوڕێکی بۆ ئەبرام بوو، ئەبرامیش ئەو کوڕەی خۆی کە لە هاجەر بوو ناوی لێنا ئیسماعیل. (١٦) ئەبرام تەمەنی هەشتا و شەش ساڵ بوو کاتێک هاجەر ئیسماعیلی بۆ ئەبرام بوو [50]

هەڵاتنی هاجەر لە دەستی سارای و گیرسانەوەی لە بیابان. دوایی لەدایکبوونی ئیسماعیل لە بیابان، شتێک نییە باوکێکی ئاسایی بەرگەی بگرێ. بۆیە کێشەکە دەبێ بنەڕەتێکی تری هەبێ. و ئەو هەڵسوکەوتەی سارا، بە ئاگاداری و پشتیوانی ئەبرام ، بێجگە لە ڕەفتارێکی نامرۆڤانە، هیچیتر نییە، کە بەرامبەر کەنیزەیەکی بێدەستەڵات بکرێ . دوای ئەوە خودای ئێل سەرەڕای هەڵاتنی هاجەر، جارێکیتر لە بیابان دەیگێڕێتەوە ژێر چەپۆکی سارا. کە چاوەڕوانی ئەوە دەکرا دادوەرانەتر بجولابایەوە و سەرکۆنەی سارا و ئیبراهیمی لەسەر ئەو بێدادییە بکردایە. تا بە شێوەیەکیتر چارەسەری بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرابایەوە و هاجەریش وا زەلیل نەکرایە.

---

* ناوی ئیسماعیل لە بنەڕەتدا عیبرییە (یشمعیل)ە وەرگەڕانێکە لە نێوان تیپی سین و شین (یشمع - ئیل بۆتە یسمع - ئێل) کە دەکاتە (ئێل گوێی لێبوو) خودا بیستی. تێبینی ئەوە بکە کە لەمەوبەرخودا ناوی یەهوا بوو، بەڵام ئێستا بۆتە (ئێل)ە

[50] هەمان سەرچاوە ١٦: ١ - ١٦

سەرەڕای ئەوەش فریشتەی خودا هەر لەگەڵ لەدایکبوونی باسی دوژمی زۆر بۆ ئیسماعیل دەکا تەنانەت ناکۆکی لەگەڵ براکانیشیدا. ئەوەش جیاوازییەکە کە ئێل هەر لە سەرەتادا لە نێوان کوڕەکانی ئەبرام کردوویەتی.

## چیرۆکێکی تری ئەبرام و سارا و هاجەر

دوای ئەوەی ئیسحاق ئەوەندە گەورە دەبێ، کە لە شیر بکرێتەوە، جارێکی تر هاجەر لەگەڵ کوڕەکەی دەربەدەر دەکرێ. ئەوجارەیان، سارا لەوە دەترسێ لەگەڵ کوڕەکەی ببنە میراتگر. بۆیە ئەبرەهام (ئیبراهیم) ناچار دەکا، لە ماڵ وەدەریان بنێ. بۆ ئەوەی میراتی ئەبرەهام بە تەنیا بۆ ئیسحاق بێ.

ئەفراندن دەقی ٢١

(٨) کوڕە گەورە بوو و لە شیر کرایەوە. لەو ڕۆژەی ئیسحاق لە شیر کرایەوە، ئیبراهیم خوانێکی گەورەی ساز کرد. (٩) بەڵام سارا ککوڕەکەی هاجەری میسری بینی کە لە ئیبراهیم بوو، گاڵتەی دەکرد. (١٠) جا بە ئیبراهیمی گوت: ئەم کەنیزەیە و کوڕەکەی دەربکە، چونکە کوڕی ئەم کەنیزەیە لەگەڵ ئیسحاقی کوڕی من نابێتە میراتگر. (١١) ئەم بابەتە ئیبراهیمی زۆر سەخڵەتکرد، بەهۆی کوڕەکەی. (١٢) بەڵام خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: لەبەر کوڕەکە و کەنیزەکەت، خۆت سەخڵەت مەکە. هەرچی سارا پێت دەڵێت بە قسەی بکە، چونکە لە ڕێگەی ئیسحاقەوە نەوەی تۆ ناودەبردرێت. (١٣) هەروەها کوڕی کەنیزەکەش دەکەمە نەتەوە، چونکە وەچەی تۆیە.

(١٤) سبەی بەیانی زوو ئیبراهیم لە خەو هەڵسا و نان و مەشکەیەک ئاوی دایە هاجەر. خستییە سەر شانی لەگەڵ کوڕەکە بەڕێی کرد ئەویش ڕۆیشت و لە چۆڵەوانی بیری شابەع وێڵ بوو.

(١٥) کە مەشکەکە ئاوی تێدا نەما، کوڕەکەی لە ژێر دەوەنێک دانا.

(١٦) ئینجا ڕۆیشت و لە دوورەوە لە دووری تیرهاوێژێک بەرامبەری دانیشت، چونکە گوتی: با مەرگی کوڕەکە نەبینم. ئیتر بەرامبەری دانیشت و دەنگی بەرزکردەوە و گریا.

(١٧) خودا دەنگی کوڕەکەی بیست و فریشتەی خودا لە ئاسمانەوە هاجەری بانگکرد و پێی فەرموو: چیتە هاجەر؟ مەترسە، خودا دەنگی کوڕەکەی بیست لەو شوێنەی لێی دانراوە. (١٨) هەستە، کوڕەکە هەڵبگرە و دەستت بەهێز بکە، چونکە دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن.



وێنەی ٢: سارا و ئیسماعیل لە بیابان

(١٩) ئینجا خودا هەردوو چاوی هاجەری کردەوە، ئەویش بیرێکی ئاوی بەدی کرد. ئیتر چوو مەشکەکەی پڕکرد لە ئاو. و ئاوی دایە کوڕەکە.

(٢٠) خودا لەگەڵ کوڕەکە بوو، گەورە بوو و لە چۆڵەوانیدا دەژیا، بووە تیرهاوێژ. (٢١) لە چۆڵەوانی پاران نیشتەجێ بوو، دایکیشی لە خاکی میسر ژنێکی بۆ هێنا [51].

ئەو دەقەی سەرەوە زیاتر کێشەی چینایەتیە سارا نایەوێ ئیسماعیل کوڕی کۆیلەیەک، ببێتە هاوبەشی ئیسحاقی کوڕی لە میراتی ئەبرام (ئیبراهیم). هەرچەندە ئەبرەهام لە بێدەستەڵاتی لەدەستی سارا ناچارە هاجەر و کوڕەکەی دەربکات. بەڵام دەبێ خۆیشی تا ئاستێکی بەرز هاوڕا بووبێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە لەمیراتی خۆی بێبەشی دەکات. کەچی لەلای ئێل داوای بڕشت و بەختەوەری بۆ دەکا. ئەو دوو فاقەییەی ئەبرەهام، ڕەنگدانەوەی کولتوورێکی چینایەتییە، تا دەگاتە ئاستی ڕەگەزپەرستی. و لە ناو گشت دینە ئیبراهیمییەکان ڕەنگی داوەتەوە. لەلایەک پیشاندانی هاوسۆزی ڕووکەشانە بۆ بێدەستەڵات. و لەلایەکیتر لایەنگیری ودەتەپاچەیی چینی دەستەڵاتدار. ئەو کێشەیەی نێوان سارا و ئەبرەهامی عیبری و ئارامی و هاجەری کەنیزەیەکی میسری، وەک نموونەیەکی ڕێنوێن. کاریگەری کۆمەڵایەتی بە درێژایی مێژوو هەبووە و بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەی ڕێبەرانی ئەو سێ دینە دووبارە دەبنەوە. ڕەنگدانەوەیەکی توندی لە پەیوەندی ناو هەرسێ دینە ئیبراهیمییەکان تا ئێستاش هەیە. ئەوەش وایکردووە کە هەرچەندە هێزی پاڵنەری ئەو هەڵسوکەوتە بۆ نموونە سارایە، کەچی لە بنەڕەتدا کولتوورێکی ڕەگ داکوتاوە و هەر لە سەرەتادا بە درێژایی مێژووی پەرەسەندنی دینەکان. ئەو کولتوورەش نوێبۆتەوە و بەردەوامە. بۆیە ئەبرەهامیش و دوای ئەویش لە چینی سەروە و زۆردار کەمتر تاوانبار نیین!!

[51] هەمان سەرچاوە ٢١: ٨ ـ ٢١

# لەدایکبوونی ئیسحاق

لەدایکبوونی ئیسحاق زیاترنیشانەکانی ئەو جیاوازییە، ئاشکرادەکات. سەرەڕای ئەوەی ئیبراهیم (لێرە خودا ناوی ئەبرامی کردە ئەبرەهام) وەچاخکوێر نییە. و ئیسماعیل تەمەنی چواردە ساڵە [52]. کەچی خودا و ئیبراهیم هەردووکیان بە هاتنی ئیسحاق لە سارا، ئەوەندە دڵخۆشن کە ئیسماعیل وەک کەسێک هەر نەبووبێ وا دەبینن. دەبینین لە کۆتایی ووتووێژی ئەبرەهام لەگەڵ خودا. بەسەرپێیی و وەک شتێکی زۆر لاوەکی داوای بڕشت و بەختەوەری بۆ ئیسماعیل دەکا. خوداش بە هەمان شێوە دەڵێ گوێم لێبوو. بڕشتی دەدەمێ و بەختەوەری دەکەم

تەورات- ئەفراندن دەقی ١٧

(١٥) هەروەها خودا بە ئەبرامی فەرموو: سارای ژنیشت، ئیتر بە سارای ناوی مەهێنە، بەڵکو ناوی دەبێتە سارا.
(١٦) بە بڕشتی دەکەم و لەوەوە کوڕێکت پێ دەبەخشم. بەختیاری دەکەم و چەندین نەتەوە و چەندین پاشای نەتەوەکان لەوەوە دەبن.
(١٧) ئیبراهیم بەسەر ڕوویدا کەوت و پێکەنی، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئایا پیاوێکی سەد ساڵە منداڵی دەبێ؟ ئایا سارا لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا منداڵی دەبێ؟ (١٨) ئیبراهیم بە خودای گوت: خۆزگە ئیسماعیل لەبەردەم بڕشتی تۆدا ژیان بەسەرببات
(١٩) خوداش فەرمووی: بەڵێ، بەڵام لە سارای ژنت کوڕێکت دەبێت، ناوی دەنێیت ئیسحاق. پەیمانی خۆمی لەگەڵدا دەبەستم،

[52] هەمان سەرچاوە ١٧: ١٥ - ٢٢

پەیمانێکی هەتاهەتایی بۆ تەواوی نەوەکانی دوای خۆی. (٢٠) بۆ ئیسماعیلیش، گوێم لێت بوو، بێگومان بڕشتی دەدەمێ، بەرداری دەکەم و زۆر زۆری دەکەم. دەبێتە باوکی دوازدە سەرۆک، دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن. (٢١) بەڵام پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاق دا دەبەستم، کە ساڵێکی دیکە ئەم کاتە سارا بۆ تۆی دەبێت. (٢٢) کاتێک خودا لە قسەکانی بووەوە لەگەڵ ئیبراهیم، بەجێی هێشت و بەرزبووەوە[53] .

لێرەوە بە ئاشکرا دەبینین خودا، ئەو پەیمانەی کە دەیەویست لەگەڵ ئەبرەهامی ببەستێ. هەڵیگرتبوو تا ئیسحاق لە دایک دەبێ، تا لە گەڵ ئەو بیبەستێ. سەرەڕای ئەوەی ئیسماعیل هەم کوڕی نۆبەرەیە و هەم تەمەنی ١٤ ساڵە. ئەو باوەڕی ڕەگەز پەرستی و جیاوازیکردنەی ئەبرەهام لەنێوان ئیسماعیلی لەدایک میسری و ئیسحاقی ئارامی/ عیبری. و هەروەها کەنعانییەکان و ئارامیەکان لە زۆربەی بوارەکانی تری کۆمەڵایەتی و دینی، و ..... هتد ڕەنگی داوەتەوە.

## ژن هێنانی ئیسحاق

هەرچەندە ئیبراهیم بووەتە خاوەنی خاکی کەنعان، ژیان و گشت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ کەنعانییەکانە. کەچی هەڵوێستێکی ڕەگەزپرستانەی، بەرامبەر کەنعانیەکان هەیە. نایەوێت ئیسحاق ژنیان لێ بێنێ. کۆیلەکەی ڕادەسپێری، کە بچێتەوەووڵاتی خۆی، لەوێ کچێک لە خزمانی خۆی بۆ ئیسحاق بێنێ. کۆیلەکەش دە ووشتر لەگەڵ خۆی دەبا و دەڕواتە

---

[53] هەمان سەرچاوە ١٦:١٦

ئارام نەهرێن، بۆ شاری ناحور. واتە خاکی باوک و باپیرەی ئەبرەهام (ئیبراهیم). بەو پێیە بێت ئارام نەهرێن زێدی باوانی ئیبراهیمە.

ئەفراندن دەقی ٢٤

> ئیبراهیم پیر بووبوو و کەوتبووە ناو ساڵان. خوداش ئیبراهیمی لە هەموو شتێکدا بەختەوەرکردبوو. (٢) ئینجا ئیبراهیم بە خزمەتکاری گەورەی ماڵەکەی گوت، کە هەرچییەکیشی هەبوو بە دەست ئەو بوو: دەست بخەرە ژێر ڕانم. (٣) بە خودا سوێندت دەدەم ، خودای ئاسمان و خودای زەوی، کە هیچ ژنێک لە کچانی کەنعانییەکان بۆ کوڕەکەم ناخوازیت، کە خۆم نیشتەجێی ناو ئەوانم. (٤) بەڵکو دەچیتە خاکەکەم بۆ لای کەسوکارم و لەوێ ژنێک بۆ کوڕەکەم، بۆ ئیسحاق دەهێنیت [54] .

هەر دواتر ئەو کولتوورە کۆمەڵایەتییە کە ئەبرەهام دایهێنا، لای نەوەکانیشی، نەوە دوای نەوە بەردەوام دەبێ. ئیسحاقی کوڕیشی وەک باوکی سوورە لەسەر خوێنی یەهودی و نایەوێت لەگەڵ خوێنی کەنعانییەکان تێکەڵ ببێ. بۆیە داوا لە یاقوبی کوڕی دەکات و ڕایدەسپێرێ. کە ژن لە کچانی کەنعان نەهێنێ. و بڕۆا بۆ فدان ئارام ژنێک بۆ خۆی لە کچانی ووڵاتی باوانی بێنێ. یاقوب بەرەو فدان ئارام بەڕێ دەکەوێ. بۆ لای لابانی کوڕی بتوئێلی ئارامی برای رفقە ( ڕفقە ژنی ئیسحاقە. واتە یاقوب دەچێتە ماڵە خاڵوانی) [55] .

---

[54] هەمان سەرچاوە ١٧: ١٥ -٢٢

[55] هەمان سەرچاوە ٢٤: ١ –٤

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە تەورات ناوی (ئارام نەهرێن، فدان ئارام و حاران) هاتووە. کە سێ شاری ئارامین و وولاتی ڕەسەنی ئەبرەهامن. کەچی هەر سێکیان دەکەونە باکووری وولاتی شام و باکووری خۆرئاوای عێراق ناو سنووری تورکیا، نزیکەی ١٠٠ کم لە باکووری شاری کوبانێ کوردستانی ڕۆژئاوا. هیچ یەک لەو شوێنانە پەیوەندیان بە ئوری کلدانییەوە نییە. چونکە ئور وەک لە تەورات دا هاتووە، دەکەوێتە بەشی خوارەوەی میسۆپۆتامیا ( خوارووی عێراقی ئێستا نزیک شاری ناسرییە).

# بەلاگێڕکردنی ئیسحاق

تەورات ئەفراندن ٢٢: ١ ـ ٢

(١) لەدوای ماوەیەک پەروەردگار ئەبرەهامی تاقیکردەوە. پێی فەرموو: ئەبرەهام!

ئەویش گوتی: ئەوەتام

(٢) ئینجا پەروەردگار فەرمووی: کوڕەکەت، تاقانەکەت، ئەوەی کە خۆشت دەوێ، ئیسحاق. ببیە و بڕۆ خاکی مۆریا. لەوێ بیکە بەلاگێڕی سوتاندن، لەسەر کێوێک کە خۆم پێت دەڵێم [56].

لێرەدا جێگای سەرنجە، خودا ئیسحاق بە تاقانە دادەنێ. سەرەڕای ئەوەی ئەبرەهام (ئیبراهیم) دەمێکە ئیسماعیلی لە هاجەر بووە. کەچی خودا جیاوازی پێدەکا و دەڵێ کوڕە تاقانەکەتت. ڕاستە ئیسحاق کوڕی تاقانەی سارایە. بەلام ئیبراهیم، پێشتر

[56] هەمان سەرجاوە ٢٢: ١ ـ٢

ئیسماعیلی بووە. بۆیە نیشانەی پرسیار لێرەوەیە بۆ خودا بە ئیبراهیم دەڵێ: ئیسحاق کوڕە تاقانەکەت.

دواتر دەبینین کە ئەو جیاوازی پێکردنە، لە سەرتاسەری ژیان و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی هەردووک ئیسحاق و ئیسماعیل ڕەنگی داوەتەوە. لە شێوەی هەڵسوکەوتی خودا، ئیبراهیم. تێڕوانینی باوکانەی ئیبڕاهیم. تا دەگاتە سەرهەڵدانی ناکۆکی. و دواتر شێوەی چارەسەرکردندا. کە سارا هەمیشە دەستەڵاتی ڕەهای بەسەر ئەبرەهام دا هەیە. زۆر جار ئەبرەهامی ناچارکردووە، کە بە ناڕەوا ڕەفتاریان لەگەڵ بکا. لە سەرتاسەری دەقەکان، خوینەر هەست بەوە دەکا ئیسماعیل زڕکوڕی ئەبرەهامە. کەچی دەبینین خوداش ئەکتەرێکی بێدەستەڵاتە لە بەرامبەر ئارەزووەکانی سارا. هەر جارەی دێتە ناو کێشەکە. ناڕەوایانە دەجوولێتەوە. ئیسماعیل پشتگوێ دەخا. و ئیسحاق بە تاقانە ناو دەبا. دەزانێ کاریگەری دەروونی بەهێزترە لەسەر ئەبرەهام (ئیبراهیم). بۆیە بە تایبەتی داوای بەلاگێری ئەو دەکا.



وینەی ٤: ئەبرەهام ئیسحاق دەکاتە بەلاگێر

# چەند ووشەیەک دەربارەی کولتووری بەڵاگێڕکردن[57]

کولتووری بەڵاگێڕکردن، زۆر لەمێژە هەیە بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ دینە سەرەتاییەکان. بە بەڵاگێردن دەیانەویست ملکەچی و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ خوداکانیان دووپاتە بکەنەوە. ئەوەش هەر لەو سەردەمەی مرۆڤ تەوتەم و بوتیان دەپەرست. کاتی دینە یەکتا پەرستەکان هاتن وەک خۆی بەردەوامیان بەو نەرێتەدا. بۆیە ئیبراهیم و ئیسحاق نەیەکەم کەسن و نە تاکە کەسیشن کە کرابنە ماتریالی چیرۆکی بەڵاگێڕکردن.

بەشێوەیەکی گشتی ڕیتوالی بەڵاگێرکردن و پەرسەندنی پەیوەندی نێوان پەروەردگار و مرۆڤ، جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە. سەبارەت بە شێوە و پەرسەندنی، لێکۆڵەرەوان دەکەونە دوو بەرەی بەرامبەر یەکتری. هەر بەرەیەکیش هەڵوێستی پێچەوانەی گرووپەکەی تری هەیە دەربارەی چۆنییەتی پەیدابوونی بەڵاگێرکردن و پەرە سەندنی.

## گرووپی یەکەم:

هەڵوێستی یەکەم باوەڕی وایە کە بەڵاگێرکردن لە سەرەتادا، تەنیا بەرهەمی ڕووەکی دەگرتەوە. دوایی تا کاریگەری دەروونی پەرستن لەسەر مرۆڤ زیاتر دەبوو. مرۆڤیش ملکەچی بۆ خوداکەی زیادی کرد و دەستیکرد بە سەربڕینی گیانلەبەر. یەکەم جار بە مەڕوماڵاتی دەستیپێکرد. بەو پێیەی گۆشت پلەیەک لە ڕووەک بەرزترە.

دوای ئەوەی نەیدەتوانی گیاندار لەسەر سەکۆی خودا بکوژێتەوە. دەستی کرد بە کوشتنەوە و سوتاندنی بۆ ئەوەی دووکەڵی لێ بەرزبێتەوە و خودا بۆنی بکات، تا دەروونی هێوربێتەوە.

[57] offer، بەڵاگێڕ، بەراگێڕ یان بەڵاگەردان بەرامبەر (قوربانی) عەرەبی

دواتر ملکەچی و خۆ نزمکردنەکەی بەوەش نەوەستا. بۆ ڕاستگۆیی و ویژدانی بەرامبەر خودا. بەڵاگێرکردن بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕا بۆ خوێنی مرۆڤ. خۆیان بریندارده‌کرد و خوێنی خۆیان لە بەڵاگێرگا بەسەر سەکۆی خودا دا دەڕشت. بۆ ئەوەی پیشانییدەن، کە ئامادەن خۆیان لە پێناوی منداڵەکان و سامانیان بەڵاگێرکەن. دواتر کار گۆڕا بۆ بەخشینی یەک لە منداڵەکانی بە خودا. ئەوەش بۆ وەڵامدانەوەی خودا بەرامبەر پاڕانەوەکانی، یان بە دوورگرتنی لە خراپەیەک، کارەساتێک کە ڕەنگە ڕووبدات.

## گرووپی دووەم:

هەڵوێستی دووەم تەواو پێچەوانەیە. بەپێی پەرەسندنی بیری مرۆڤ، لە سەرەتادا مرۆڤ بەڵاگێردەکرا. لەو کاتەی هێشتا مرۆڤ هەر لەسەرەتای ململانێی دڕوندەیی دابوو. هەنگاو بە هەنگاو مێشکی پەرەی دەسەند. بەڵاگێرکردنیش بەپێی ئەو پەرەسەندنە، دە گۆڕا یەکەمجار لە مرۆڤەوە بۆ گیاندار. کە دوای کوشتنەوەی دەیسووتاند بۆ بەڵاگێری خۆی و بنەماڵەکەیان و ژینگەی. هەندێ جار، ئەگەر پێویستی بەو گیاندارە بوایا، لە جیاتی ئەوە بە ڕووەک کۆتایی دەهێنا.

وەک دەبینن مێشکی مرۆڤ لە پەرەسەندنی، نەبەستراوەتەوە بە یاسا و ڕێبازێکی دیاریکراو. یان دیاردە فیزیاییەکانی تر. بەڵکوو فاکتەری دیکە وەک هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ڕۆڵی گرنگیان هەبووە. ئەوەش لەسەر هێڵێکی دیاریکراو بەردەوام پەرەناستێنێ. بەڵێ مێشک وەک هەموو شتێکی تر پەرە دەستێنێ. بەڵام پەرەسەندنێکی بە پێچ و پەنا. هەندێک جار بەرزدەبێتەوە و بەڵاگێریش سیمبۆلی ڕووەک یان گیاندار. هەندێک جاریش مرۆڤ بە خوێنی خۆی و منداڵەکانی بەڵاگێری دەدات.

له قۆناخه هەره سەرەتاییەکانی مێژوو، مرۆڤ باوکی خوی سەربڕیوه بۆ بەڵاگێڕی خودا. ئەوەش سیگمۆند فرۆید ئاماژەی پێدەکات. ئەو ڕێوڕەسمەش له ناو سۆمەرییەکان دا هەبووه. که مرۆڤ گۆشتی مرۆڤی کردۆته بەڵاگێڕی ژیانی خۆی. هەر ئەوەشه دوای ٢٥٠٠ ساڵ عبدالمطلب بن هاشم، دەیەوێ عبداللهی کوڕی وەک بەڵاگێڕکردن ببەخشێته خودای اللات [58].

---

[58] القمنی سید محمود. النبي ابراهیم و تاریخ المجهول ل ٩٩-١٠٠

# بەشی چوارەم
# ئەبرەهام (ئیبراهیم)
# ناکۆکی نێوان پەرتووکەکانی یەهودی

لەو بەشەدا هەوڵ دەدرێ تەنیا باس لەسەر ناکۆکییەکانی ژیان و کردەوەکانی ئیبراهیم، لە نێوان دەقەکانی تەورات لەگەڵ یەکتردا بکرێ. ئەوەش دامانگەیێنێتە ئەو دەرئەنجامەی ئەو کەسایەتییە، لە ڕوانگەیەکی تر وهەڵومەرجی تر ببینین. وئەوەش دەرفەت دەڕەخسێنێ، کە بتوانین زیاتر لەسەر ڕەهەندە جیاجیاکانی قووڵببینەوە.

دوای بەراوردی دەقەکانی تەورات، بەراوردێکی دەقەکانی تەورات لەگەڵ دەقەکانی تالمود دەکرێ. ئەوەش بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر و دۆزینەوەی ناکۆکییەکان. و بەدواداچوونیان. هەڵبەتە تالمود، وەک پەرتووکێکی کەلەپووری و ڕاڤەی دەقەکانی تەورات، لە دوای تەورات بە پەرتووکی هەرە پیرۆزی یەهوودی دێ. بۆیە لێکۆڵینەوە و بەراوردکردن لەگەڵ دەقەکانی تەورات، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

لەبەر ئەوەی ژیان و ئاکارەکانی ئەبرام، ئاڵۆزی و فرەلایەنی لە ووردەکارییەکاندا هەیە. بۆیە بۆ ئاسانتر کردنی، تەنیا ئەو ناکۆکیانە دەخەینە ڕوو کە ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ژیان و کردەوەکانی ئەو کەسایەتیە (ئەبرەهام - ئیبراهیم) هەبووە. و لە ناو دەقەکانی ناو پەرتووکە پیرۆزەکانی دینی ڕەنگی داوەتەوە.

# ناکۆکی نێوان دەقەکانی تەورات

لەو بەشەدا تەنیا ئەو ناکۆکیانە دەخرێنە ڕوو کە لە ناو دەقەکانی تەورات سەبارەت بە ئەبرام هاتوون، ئەوەش بە مەبەستی ئاسنکاریە بۆ شرۆڤەی دواتر.

١- بەپێی لێکدانەوەی جوگرافی ڕێی تێناچێ کۆچی بنەماڵەی تارەح بۆ خاکی کەنعان بەو شێوەیە بووبێ، کە لە تەورات هاتووە. چونکە ڕێگای نێوان ئور و خاکی کەنعان زۆر نزیکترە، تا لە ئورەوە بۆ حاران کە دەکەوێتە باکووری شام. ئەوسا لەوێوە بۆ خاکی کەنعان (ئیسرائیل). ئەو ڕێگا دوورە (بڕوانە وێنەی ژمارە ١). لە تەورات هۆکەی بە هیچ شێوەیەک ڕوون نەکراوەتەوە. هەر بۆیە ئەو کۆچە نابێ بە فەرمانی خودای یەهودا بووبێ.

دووری نێوان ئور لە باشووری میسۆپۆتامیا تا حاران لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا بە دیوی تورکیاوە، بە پێی گووگڵ ١١٢٣ کم دەبێ. و لە حارانیشەوە بۆ ئورشەلیم ٩٩١ کم. ئەگەر هەردووکی کۆ بکەینەوە دەکات ٢١١٤ کم. کەچی ڕاستەوخۆ لە ئورەوە بۆ ئورشەلیم ١٣٦٨ کم. ئیتر بەبێ ئەوەی لە تەورات روونی بکاتەوە، بۆ ڕاستەوخۆ کۆچیان نەکرد. یەکەم ئەو ڕێگایە دوورەیان گرتە بەر. و دووەم لە حاران گیرسانەوە و تا دوای مردنی تارەحیش ناحوری کوڕی و سەرجەم هۆزەکەیان لەوێ مانەوە.

٢- لە تەورات دەنووسێ کاتی ئیبراهیم لە حاران بووە، خودا فەرمانی بە ئەبرام کرد لە حاران لەگەڵ سارای و لوت بەرەو خاکی کەنعان کۆچ بکات، ئەبرام تەمەنی ٧٥ ساڵ بوو. هەر لە خاکی کەنعانیش ئاشنایەتی بە خودا پەیدادەکا [59]. هەڵبەتە دوای مردنی باوکی بووە.

---

[59] تەورات ئەفراندن ١٢: ٤

کاتی ئیبراهیم لە دایک بوو تارح تەمەنی ٧٠ساڵی بوو. لەحاران لەتەمەنی ٢٠٥ ساڵی مردووە. بەو لێکدانەوەیە دەبێ ئیبراهیم تەمەنی ١٣٥ ساڵ بێ، نەک ٧٥ ساڵ.

٣- دوای ئەوە کاتی کە لە تەورات - ئەفراندن هاتووە: ئەبرام تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو. کە خودا بۆ ئەبرام دەرکەوت. ناوی گۆڕی بۆ ئەبراهام (ئیبراهیم) و ناوی (سارای) گۆڕی بۆ سارا. هەر لەو کاتەدا مزگێنی کوڕێکی دایە بە ناوی ئیسحاق. ئیبراهیم بەسەر ڕوویدا کەوت و لە دڵی خۆیدا گووتی: ئایا پیاوێکی سەد ساڵی منداڵی دەبێ؟ ئایا سارا لە تەمەنی نەوەد ساڵی منداڵی دەبێ؟ [60] ئەگەر بە ووردی سەیربکەین ئەو ڕووداوە لە دوای گەڕانەوەیان لە میسربووە. هاجەریش کەنیزەیەک بووە لە میسرەوە لەگەڵ خۆیان هێناویانە. لەو دەمەدا دەبێ ایسماعیل تەمەنی ١٤ ساڵ بووبێ. چونکە بەپێی تەورات کاتی هاجەر ئیسماعیلی بوو ئیبراهیم تەمەنی ٨٦ سال بوو. ئەگەر ڕەچاوی خاڵی ٢ پێشتر بکەین. ڕێگای تێناچێ تەمەنی ئیبراهیم ٩٩ ساڵ بێ. ئەگەر لەکاتی کۆچکردنی لە حاران بەرەو خاکی کەنعان تەمەنی ١٣٥ساڵ بووبێ. دوای ئەوە چەند لە خاکی کەنعان ماوەتەوە و دوایی کۆچی بۆ میسرکردووە. لەوێش بە هەمان شێوە، تا گەڕاوەتەوە خاکی کەنعان و ئیسماعیلی بووە. دواتر ١٤ ساڵ تێپەڕیوە تا ئیسحاق لەدایک بووە. بۆیە هیچ لۆژیکێک ڕێگە نادا لەتەمەنی سەد ساڵی دابێ. بەڵکوو زۆر لەوە گەورەترە.

٤- ئەوەی جێگای هەڵوێستەیە، بە قسەی ئیبراهیم سارا تەمەنی نەوەد ساڵ بووە. کەچی ئیبراهیم لەبەر جوانی سارا ترسی لە سەر کوشتنی خۆی هەیە. بۆیە بە سارا دەڵێ:

تەورات - ئەفراندن ١٢

> (١١) کاتێک نزیکبوون بچنە ناو میسر، بە سارای ژنی گوت: بەڕاستی من دەزانم کە تۆ ژنێکی ڕوخسار جوانیت (١٢) کاتێک میسرییەکان دەتبینن،

---

[60] هەمان سەرچاوە ١٧: ١

دەڵێن: ئەوە ژنەکەیەتی. ئەو کاتە دەمکوژن، بەڵام تۆ دەهێڵنەوە. بڵێ کە تۆ خوشکی منی، بۆ ئەوەی بە هۆی تۆوە، ڕەفتاری چاکم لەگەڵ بکەن. لەبەر تۆش گیانم بە زیندوویی دەمێنێتەوە [61].

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ژنێک تەمەنی گەیشتبێتە نەوەد ساڵ. هیچ لۆژیکێک ڕێگای ئەوە نادا باوەڕ بەوە بکەین، کە جوانی ڕوخساری لەو ئاستە دابێت، فیرعەون ئیمپراتۆری میسر ودواتر، ئەبیمالەخ پاشای گرار ئارەزوویان بۆی بچێ. و لە پێناوی سارای ٩٠ ساڵ ئەبرەهام بکوژن؟ بۆیە شتێکی زۆر نالۆژیکە.

٥- لەوەش زیاتر ئیبراهیم دان بەوە دادەنێ کەسارا زڕخوشکییەتی لە باوکییەوە و دایکیان جودایە. واتە سارا هەم خوشکی ئیبراهیمە. هەمیش ژنییەتی.

تەورات ئەفراندن ٢٠: ٨ - ١٥

(٨) سبەی ئەبیمەلەخ بەیانی زوو لە خەو هەستا و هەموو خزمەتکارەکانی بانگکرد و هەموو ئەم شتانەی بۆ گێڕانەوە، پیاوەکانیش زۆر ترسان.(٩) ئینجا ئەبیمەلەخ ئیبراهیمی بانگکرد و پێی گوت: ئەمە چییە بە ئێمەت کرد؟ چ گوناهێکم بەرامبەرت کردووە، تاکو خۆم و شانشینەکەم تووشی تاوانێکی وا گەورە بکەیت؟ ئەو کارەی کە ناشێت بە منت کرد (١٠) ئەبیمەلەخ بە ئیبراهیمی گوت: چیت بینی هەتا ئەم کارەت کرد؟«

(١١) ئیبراهیمیش گوتی: چونکە گوتم: لەم شوێنەدا هیچ لەخواترسی نییە، لەبەر ژنەکەشم من دەکوژن. (١٢) لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕاستیدا ئەوە خوشکمە، کچی باوکمە، بەڵام کچی دایکم نییە. ئیتر بووە ژنم.

---

[61] هەمان سەرچاوە ١٢: ١١ -١٢

(١٣) کاتێکیش خودا لە ماڵی باوکمەوە ئاوارەی کردم. بە ژنەکەمم گوت: ئەمە ئەو چاکەیە کە لەگەڵمدا دەکەیت، چووینە هەر شوێنێک، سەبارەت بە من بڵێ: ئەو برامە.
(١٤) ئیتر ئەبیمەلەخ مەڕ و مانگا و خزمەتکار و کەنیزەی هێنا و دایە ئیبراهیم، سارای ژنیشی بۆ گەڕاندەوە.(١٥) ئینجا ئەبیمەلەخ گوتی: زەوییەکەم وا لەبەردەمی تۆیە، هەرکوێیەکیت پێ باشە لەوێ دابنیشە [62].

٦- لە ئەفراندن دەقی ١١ سارا نەزۆکە و منداڵی نابێ. کەچی لە دواتر بەپێی تەوراتی عیبری ئەبرام نەزۆکە [63].

٧- بەپێی تەورات کاتی هاجەر ئیسماعیلی بوو، ئیبراهیم تەمەنی ٨٦ ساڵ بوو. لەتەمەنی ١٠٠ ساڵیدا ئیسحاق لەدایک بوو [64]. بەپێی ئەو دەقەی ئێرە، ئیسحاق ئەوەندە گەورە بووە کە لەشیر کراوەتەوە. کەواتە دەبێ ئیسماعیل لە تەمەنی ١٦ تا ١٧ ساڵی بێ. کەچی لێرەدا هاجر وەک ساوایەک لە ژێر دوەنێک دایدەنێ و خۆی دووردەخاتەوە، تا ئەگەر بشمرێ ئەو نەیبینێ [65].

تەورات ئەفراندن ٢١: ١٥ ـ ١٦

(١٥) کە مەشکەکە ئاوی تێدا نەما، کوڕەکەی لەژێر دەوەنێک دانا. (١٦) ئینجا ڕۆیشت و لە دوورەوە لە دووری تیرهاوێژێک بەرامبەری دانیشت، چونکە گوتی: با مەرگی کوڕەکە نەبینم. ئیتر بەرامبەری دانیشت و دەنگی بەرزکردەوە و گریا.

---

[62] هەمان سەرچاوە ٢٠: ٨ -١٥
[63] هەمان سەرچاوە ١١: ٣٠
[64] هەمان سەرچاوە ١٦: ١٦
[65] هەمان سەرچاوە ٢١: ١٥ ـ ١٦

ئەو حەوت خاڵەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە لەناو دەقەکانی تەورات ناکۆکییەکان ئەوەندە گەورەن، ناکرێ ئیبراهیم چیرۆکی یەک تاکە کەس بێ. کێشەکە لەنێاون دوو گریمانە دایە. ئەویش یان ئیبراهیم چەند کەسایەتییەکی جیاوازە و چیرۆکی بەسەرهاتەکانیش تا ڕادەیەک ئەو گریمانەیە پشتڕاست دەکەنەوە. لەلایەکیتر نووسەرانی تەورات لەبەر زۆری و نەبوونی هاوکاری، و گوێلەیەک نەگرتن. ئەو کەلێن و ناکۆکیانەیان لە نێوان دەقە جیجیاکانی تەورات دروستکردبێ. ڕەنگە هەردووک گریمانە ڕاستبن و دواتر بە درێژی دەگەڕێینەوە سەریان.

## ناکۆکییەکانی نێوان تەورات و تالمود[66]

[66] تالمود وەک پەرتووکێکی کەلەپووری یەهودی، لە ئاستی تەورات دایە. تێکستەکانی بریتین لە هەواڵ و ڕاڤەی دەقەکانی تەورات. جا بۆ ئەوەی تێکەڵاوی، لەگەڵ پەرتووکی تەورات دروست نەبێ. تالموود وەک ووشە بەمانای لێکۆڵینەوە (دراسە) دێ. کاتی میشنا وەک پەرتووکی ڕاڤەو فەرموودەی جیاجیا دەرکەوت، چەند حاخام گرووپێکیان بەناوی (ئەمورائیم) پێکهێنا. ئەوانە لە نێوان سەدەی سێ تا شەشی زایینی، دەستیان کرد بەڕاوێژ و نووسینەوەی پەرتووکێکی نوێ. ئامانجی سەرەکیان لەو پەرتووکە، هامووارکردن و نەهێشتنی ناکۆکییەکانی نێوان دەقەکان بوو. ئەنجامی ئەو کارەشیان پەرتووکی (گەمارا) ی لێدەرچوو. واتە هەردووک پەرتووکی میشنا و گەمارا، بە شێوەی هاوتەریب لەلایەن دوو گرووپ حاخام دەنووسرانەوە.
دواتر هەردووکیان (میشنا و گەمارا) کرانە یەک پەرتووک بە ناوی تالمود. لە ڕاستیدا دوو تالمود هەیە. تالمودی ئۆرشەلیم و ئەویتریش تالمودی بابل کە تێکستەکانی سەبارەت بە سەردەمی کۆیلایەتیە. تالمودی ئۆرشەلیم کورترو نووسەینەکەی چڕترە. هەندێ جار لێڵی و ناڕوونی لە تێکستەکانی دا هەیە. ئاڕاستەی نووسینەکانی کاروباری یاساییە و لێکدانەوەی دەقەکانی پەرتووکی تەوراتە. بەرامبەر بەوە تالمودی بابل زۆربەی ووتارەکانی تەورات و ڕاڤەکردنیانە. بۆیە دەقەکانی سادەتر و ئاسانتر دیالۆگیان لەسەردەکرێ.
هەردوو تالمودی ئۆرشەلیم و تالمودی بابل، بێجگە لە ئامانجی بنەڕەتی دینی، زانیاری گرنگیان لەسەر ڕووداو و نەرێت پرۆسە جیاجیاکانی پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل تێدایە. دەقەکانی تالمود بریتین لە تێگەیشتنی حاخامەکان بۆ چ تێکستەکانی تەورات یان ڕووداوە مێژووییەکان. هەم گێڕانەوە و هەم ڕاڤەشیانکردوون. بۆیە زۆر جار ناکۆکیش لە نێوان دەقە جیاجیاکان هەیە. یان زۆر جار هەڵەی مێژوویی یان جوگرافی تێدا دەردەکەوێ. ئەوەش وایکردووە کە زۆر جار چ ڕووداوەکان یان لێکدانەوەیەک لەگەڵ

لەبەر ئەوەی دواتر بۆ بەراوردکردنی تالمود و تەورات لەگەڵ قورئان. لە جێگای خۆیەتی هەندێک لەو ناکۆکیە زەقانەش بخەینە ڕوو کە لە نێوان تەورات و تالمود دا هەن.

١. لە تەورات هیچ کێشەیەک لە نێوان تارەح و ئەبرەهام نییە. کاتی لە ئوری کلدانی دەردەچن تارەح سەرکردەی کۆچکردنەکەیە بۆ خاکی کەنعان و ئەبرەهام تەنیا ئەندامێکی گوێڕایەڵی باوکییەتی. کەچی لە تالموود ناکۆکی لە نێوان ئەبرهام و تارەحی باوکی هەر لە منداڵیەوە دەستی پێکردووە. دوایی لە تەمەنی ٥٠ ساڵی دا، دەگاتە ئەو ئاستەی ئەبرەهام بوتەکانی باوکی دەشکێنێ. شانۆی ڕووداوەکانیش سەرجەمی لە ئوری کلدانییە [67].

٢. لە تەورات هاران کە براگەورەیە کوڕێک و دوو کچی هەن. کوڕەکە بەناوی لوت و کچەکانیش بە ناوی میلکا و یێسکا. کە ناحوری برای ئەبرەهام هاوسەرگیری لەگەڵ میلکا دەکات. کەچی لە تالمود ناوی کچەکەی تر یێسکا نییە ولە جیاتی ئەوە دوو کچەکە ناویان میلکە و سارای. بە پێی دەقی تالمود ئەبرەهام هاوسەرگیری لەگەڵ سارای کردووە. کەچی لە تەورات ئەبرام بۆ ئەبیمالخ دان بەوە دادەنێ کە سارا زڕخوشکیەتی و واتە لە باوکییەوە خوشکییەتی و دایکیان جیایە [68].

---

دەقی تەورات ناکۆک بێ. لەلایەکیتر تالموود وەک کەلەپوورێکی بەنی ئیسرائیل دەبینرێ و زۆر چیرۆکی تێدایە کە بوونیان لە تەورات نییە.

لە ساڵی ١٥٢٠ - ١٥٢٣ ز بۆ یەکەمین جار تالمود چاپکرا. شێوەی دیزاین و نووسینەکانی هەروەک خۆیەتی تا ئێستاش هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. لە دەرەوەی تالمود کۆمەڵێک دەق و ڕاڤەی تر، بۆ تەورات کراون. ئەو دەقانە بە ناوی میدراش ناسراون. جا زۆر چیرۆک و بەسەرهاتی مێژوویی و ئەفسانە، کە لە تالمود دا هاتوون و دواتریش لە میدراش دووبارە بۆنەتەوە. بۆ نووسینەکانی ناو ئەو دەقەی بەردەستت، سوود لە تالمودی بابل بە ئینگلیزی وەرگیراوە.  دواتر بە بەراوردکردنی لەگەڵ پەرتووکی تالمود بە عەرەبی کە دکتۆراحمد ایبش. وەک پوختەیەکی تالمود پێشکەشی خوێندەواری عەرەبی کردووە، بە ناوی التالمود کتاب الیهود المقدس. (٢٠٠٦) جا خۆشبەختانە لەو تالمودە عەرەبیە سەرجەم چیرۆکی ئەبرەهامی تێدابوو لە نێوان لاپەڕە ٨٢ تا ٩٦. بە شێوەیەکی گشتی جیاوازیەکی وا نەبوو ، لە نێوان دەقی عەرەبی و دەقە ئینگلیزییەکە. بۆیە بە ئاسانی بەراورد دەکران.

[67] The Babylonian Talmud (1918) Volume 8

[68] هەمان سەرچاوە

٣. له تەورات باسی منداڵی و گەنجی ئەبرەهام ناکا. بەڵکوو خوێنەر لەتەمەنی ٧٥ ساڵی پێی ئاشنا دەبی. کەچی لە تالموود هەر لەگەڵ لەدیکبوونی باسی منداڵی و گەنجی بە شێوەیەکی درێژ و پڕ ووردەکاری دەکا [69].

٤. لە تەورات ئەبرەهام لە تەمەنی ٧٥ ساڵی بە خودا ئاشنا دەبێ. و دوای ئەوە حاران بەجێ دێڵێ. کەچی لە تالمود دەڵێ: کاتی ئەبرەهام حارانی بەجێهێشت تەمەنی ٥٥ ساڵ بوو [70].

٥. لە تەورات ئەبرەهام دوای مردنی باوکی تارەح، حاران بەجێ دێڵێ و بۆ خاکی کەنعان کۆچ دەکا. و هەرگیز ناگەڕێتەوە. کەچی لە تالمود دەڵێ ئەبرەهام دوای مردنی نوح بۆ سەردانی دایک و باوکی گەڕایەوە حاران. لەوەش سەیرتر لە تالمود دەڵێ دوای سێ ساڵ مانەوەی ئەبرام لە خاکی کەنعان نوح لە تەمەنی ٩٥٠ ساڵی مرد. لە کاتێکدا بەپێی دەقی تەورات دووری نێوان ئەبرام و نوح ١٠ پشتە [71].

# چەند خاڵی گشتگیر لەسەر کەسایەتی ئەبرام

١. ئەبرام لە ئور کەسێکی گوێڕایەڵ و تارەح سەرقافڵە چییە. کاری تەنیا جێبەجێکردنی فەرمانەکانی باوکییەتی. کەچی لە خاکی کەنعان ئەبرام کەسایەتییەکی سەربازی و دیپلۆماتە و گفتوگۆ لەگەڵ یەهوای پەروەردگار دەکا.

[69] هەمان سەرچاوە
[70] هەمان سەرچاوە
[71] هەمان سەرچاوە

٢. لەلایەکی ترئەبرام کەسێکی خۆپەرستە. دوو جار لە پێناوی سامان و دەربازبوونی ژیانی خۆی. سارای ناچارکردووە، بڵێ ئەوە برامە. و لەبەر ئەوەی ئەبرام بەرژەوەندی خۆی لەپێش پەیوەندی خێزانی داناوە. لەهەردوو جارەکەدا دیسان یەهوە دێت و لە خەودا هەڕەشە لە فیەرعەون و ئەبیمالەخ دەکات. کە نزیکی سارا نەبن و خاوەن مێردە.

٣. لە تەوراتدا باسی یەک نیشتمان (خاک)ی هەمیشە بۆ ئەبرام ناکا. بەڵکوو باسی نیشتمانی جیاجیا و کەسایەتی جیاجیاش دەکا. ئەوەش دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی ئەبرام یەک کەسی دیاریکراو نییە. بەڵکوو چەند کەسایەتیە لەژێر یەک دەمامکدا. بە ئاکار و کردەوەی جیاجیا دەردەکەوێ. بۆ ساخکردنەوەی ئەو پرسە ئاڵۆزەش دەبێ بەناو دەقەکانی تەورات ـ ئەفراندن دابچینەوە و بۆ هەر یەک لەو کەسایەتیانە شرۆڤەیەکی تایبەتی بکەین و بەراوردی لەگەڵ کەسایەتییەکانی تر و لە هەمان کاتدا کولتووری جوگرافی و مێژووی کۆمەڵایەتیش ڕەچاو بکەین.

٤. یەهوە هەمیشە بەردەوام دێتە ناو کێشەکانی ئەبرام گەورە تا بچووک. ئامادەیە لەسەر هەر کێشەیەک گفتوگۆ لەگەڵ ئەبرام بکا و ڕێگەچارەی بۆ بدۆزێتەوە و دەربازی بکا.

٥. کاتی خودای یەهوە بانگی ئەبرەهام (ئیبراهیم) دەکات بۆ بەڵاگێرکردنی کوڕەکەی دەڵێ: ئینجا خودا فەرمووی: کوڕەکەت، تاقانەکەت، ئەوەی کە خۆشت دەوێت، ئیسحاق، ببیە و بڕۆ خاکی مۆریا. لەوێ بیکە بەڵاگێری سووتاندن [72].
یەکەم ئیسحاق تاقانە نییە و ئیسماعیلی برای لەخۆی گەورەترە. دەتوانرێ بڵێین ئیسحاق بۆ سارا تاقانەیە. بەڵام نەک بۆ ئەبرەهام.

[72] تەورات ـ ئەفراندن ٢٢: ٢

# ڕیشەی ناوی ئەبرام و سارا

سارا کە ژنی ئەبرامە ناوی سارایە و بە عیبری (سری = بەێز، خانم) کە نازناوی تایبەتییە بۆ ژنی خانەدانی بەتەمەن (لە کوردی بە: دادە یان داپیرە دێ). هەروەها ناوی ئەبرامیش (ءب رَم) واتە باپیرە گەورە. جا بەو پێیە هەر هۆزێک یان خێڵێک یان نەتەوەیەک سارای (داپیرە) خۆی هەبێ. بە هەمان شێوە دەبێ ئەبرامی باپیرەشی هەبێ. بۆیە شتێکی سەیر نییە، کە ئەبرام لە ناو هەر نەتەوەیەک یان هۆزێک هەبێ. و ئاکار و ڕەفتاری، بەپێی کولتوور و جوگرافیای ناوچەکە وەرگرتبێ. و ئەنجامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و ژینگەی جیاواز ئەویش گۆڕانی بەسەر کەسایەتیدابێ. ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەلایەک شێوەی کەسایەتی باوە گەورە. لەلایەکیترکولتووری ژینگەی کۆمەڵایەتی. کە دەبێتە بنەڕەتێک، بۆ پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی سنووری ناوچەیەکی جوگرافی. کە باوەڕی ڕۆڵەکانی ئەو هۆزە یان نەتەوەیەی لەسەر بنیاد دەنرێ. کە دەبێتە مەرجەکانی، بەرجەستەکردنی باوەگەورەی خۆیان. و دەبێتە نموونەیەکی پیرۆز بۆ پەرستن [73].

سەبارەت بە پرسی باپیرە گەورە لە ناو هۆزەکانی کۆنە سامییەکان، شتێکی گرنگ هەیە کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ. ئەویش دکتۆر جواد علی باسی ئەوە دەکا، کە لە سەردەمی کۆندا لە ناو نەتەوە سامییەکان دینێک هەبووە بەناوی (عبادة الاسلاف، Ancestor worship) واتە پەرستنی پێشینان یان باووباپیران. ناوەرۆک و ئاکاری ئەو دینە، بریتی بووە لەوەی کە ئەندامانی هۆزەکە، ڕێزێکی بێ ئەندازەیان بۆ پاڵەوان، شەڕکەران و سەرکردە مردووەکان دادەنا. و شانازیان پێوەدەکردن. باوەڕیان وابوو کە ئەو سەرکردە و قارەمانانە لە کاتی تەنگاوەدا، بەرگری لە بنەماڵە و هۆزەکەیان، بەرامبەر بە دوژمن دەکەن. ئەوەش دەری دەخا

---

[73] الصليبي، دكتور كمال ( ٢٠٠٦) خفايا التوراة وأسرار شعب إسرائيل .الطبعة السادسة. ص ١١٥

کە پەرستن و ڕێزگرتن لە پێشینان لە بەر ترس بووە. هەر ئەوەش بووە، گەیاندوویەتییە ئاستی پەرستن. کە تەنانەت بۆ شتی گرنگ و چارەنووسسازی هۆز یان بنەماڵە، لێیان دەپاڕێنەوە و ڕاوێژیان لەگەڵ دەکردن.

زۆر جار لەگەڵ ڕاوێژ و پاڕانەوە لەسەر گوڕی پێشینان بەڵاگێڕیان کردووە. تا پاڕانەوەیان وەربگیرێ و ئارەزوویان لە نزاو پاڕانەوە بگاتە مەرام [74]. لە پەرستنی پێشینان سەرتاشین، خۆبریندارکردن، ئاهەنگی مردوو شاردنەوە، و جلوبەرگی تایبەتی لەبەرکردن. و سرووتی دینی ئەنجامدان هەبووە. پیشاندانی نیشانەی تایبەتی یان دانانی لە سەر گۆڕی ئەو پێشینەیە، وەک هێمای ڕێز و پیرۆزی بۆ ئەو باپیرەگەورەیە بووە [75].

ووشەی ئەبرام (آب - رَم) (ئەب= باوک و رَم= مەزن، گەورە). بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەردوو زمانی عیبری، ئاوەڵناوی بەراورد نییە، وەک مەزن مەزنتر. بۆیە آب - رَم دەبێتە (باپیرە گەورە). ئەوەش ڕێی تێدەچێ، کە پەیوەندی لە نێوان پێشینە پەرستن و ئەبرام هەبووبێ. لەبەر ئەوەی هەر هۆزێک یان نەتەوەیەک باپیرە گەورەی خۆی، یان هەر پێشڕەوێکی بۆ پەرستن هەبووبێ. هەر ئەوەش وایکردووە، چەندین ئەبرامی هاودەم لەناو هۆزە جیاوازەکاندا هەبووبن. بەپێی شوێنی جوگرافی جیاجیا و بە ئاکاری جیاجیاوە، دەرکەوتبن [76]. لە ئەنجامدا نەبی ئەبرەهام (ئیبراهیم) وەک دێوجامەیەک گشتیانی، بە هەموو جیاوازیەکانیان لە پەنای خۆی حەشاردابێ.

تێبینی: ئەو باسە متمانەی سەرەکی لەسەر تەوراتی یەهوودییە، نەک پەیمانی کۆنی کریستیانی.

---

[74] علی، دكتور جواد (١٩٩٣) مفصل فی تاريخ العرب قبل الإسلام. جلد السادس. ص ٤٦-٤٧


[75] هەمان سەرچاوە ص ٤٨

[76] الصليبی، دكتور كمال (٢٠٠٦) خفايا التوراة وأسرار شعب إسرائيل .الطبعة السادسة. ص٩٥

# نیشتیمانی ڕەسەنی یەهودی لە ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبیە، نەک خاکی کەنعان

بەر لەوەی بچینە ناو ئەو باسە، دەبێ هەندێک زانیاری گرنگ دەربارەی نیشتمانی ڕەسەنی یەهودی وکۆچ و ڕەویان بخەینە ڕوو. ئەوەش بەلای کەمی، بۆ تێگەیشتن لە هەندێک ڕووداوی جیاجیا و ناوێزە، کە لە قۆناخە جیاجیاکان سەبارەت بە بەسەرهاتی ئەبرام و خێزانەکەی، بۆ ئاسانکاری یارمەتی دەر دەبێ.

ئەنجامی لێتۆژینەوە و بەدواداچوونی فراوان و قووڵ. لە دۆکومێنتەکانی سەبارەت بە پەیدا بوون و پەرسەندنی دینی یەهوودی. ئەوەمان بۆ ڕوون بۆتەوە، کە ئەو دینە لە خاکی کەنعان (ئیسرائیلی ئێستا) لەدایک نەبووە.




بەڵکوو شوێنی ڕەسەن و ڕەوتی مێژوویی بەنی ئیسرائیل، لە ڕۆژئاوای دوورگەی عەربی دەستی پێکردووە. هەروەک چۆن لە تەوراتی عیبری باسی دەکا. یەهودی وەک دین لە ڕۆژئاوای نیمچە دوورگەی عەرەبی سەری هەڵداوە و چەکەرەی کردووە. دواتر ئەنجامی کۆچ و ڕەو گەیشتوونەتە خاکی کەنعان و لەوێ پەرەیان بە دین داوە.

بۆ جوانتر ڕوونکردنەوەی شوێنی جوگرافی، خاکی تەورات دەکەوێتە ناوچەی بەتول (بطول). خاکەکەی بە درێژایی ٦٠٠ کم و پانی ٢٠٠ کم. لە باشوور سنووری دەگاتە یەمەن. لە باکووریش، تا نزیکی طائف درێژ دەبێتەوە. ناوچەکە بەشیوەی لاکێشەیی، بە درێژایی قەراخی دەریای سوور درێژبۆتەوە. ئەو ناوچەیە ئەمڕۆ پێی دەڵێن عەسیر (عسیر). ئەوەش بە باشی لەگەڵ ئەو نەخشەیە دێتەوە کە تەورات باسی دەکا. بە پێچەوانەوە، زۆر لەو شوێن و ناوانەی لە تەورات دا هەن، نە لە خاکی کەنعان و نەلە میسۆپۆتامیا بوونیان نیە [77].

بەڵام ئەوەش بەو مانایە نایە، کە یەهودیەکان لەسەردەمی تەورات لە خاکی کەنعان نەبووبن. بە پێچەوانەوە. دوای کۆچیان بۆ ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام و خاکی کەنعان ڕۆڵی گەورەیان لە شارستانی و پەرسەندنی ناوچەکە بینیووە. ئەوەی لێرە گرنگە بیخەینە ڕوو، ئەوەیە کە ئەزموونی یەکەم و هەرە سەرەتایی مێژووی دینی بەنی ئیسرائیل، لە خۆرئاوای نیمچە دوورگەی عەرەبی دەستی پێکردووە. دواتر کۆچ و ڕەویان بەرەو باکوور کردوە. و لە شوێنە جیاجیاکان گیرساونەتەوە. بەو شێوەیە دوو وەڵامی گرنگمان دەست دەکەوێ. یەکەم زۆربەی شوێنە جوگرافییەکان و ناوی دێ و سرووشتی ناوچەکە، لەگەڵ تەوراتی عیبری دەگونجێ. دووەمیش ئەفسانە کۆنەکانی کە لە ناو تەورات دا هەن، تا ئێستاش چ شوێنەوار یان ڕەنگدانەوەی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە ماونەتەوە [78].

هەر سەبارەت بەو کۆچەی یەهودیەکان، بەرەو باکوور کردوویانە. مێژوونووسی یۆنانی هیرۆدۆتس دەربارەی ئەو دیاردەیە دەنووسێ، کە خەڵکی یەهودی بەپێی گێڕانەوەی خۆیان، باس لەوە دەکەن، لە کۆندا. لە نزیک دەریای سور ژیاون. لەوێوە کۆچ و ڕەویان پێ بە پێ، بەرەو باکوور بە قەراخی دەریای سووردا کردووە. دواتر لە کۆتایی کۆچ و ڕەوەکەیان، لە

[77] الصليبي, دكتور كمال (١٩٩٧) توراة جاءت من جزيرة العرب. الطبعة السادسة ص ٢٧
[78] هەمان سەرچاوە ل ٢٨

قەراخی دەریا لە سووریا گیرساونەتەوە. کە تا ئێستاش هەر لەوێ دەژین [79]. (قەراخی دەریا مەبەست دەریای ناوەڕاستە، کە ئیسڕائیل دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتی). هەرچەندە مێژوونووسانی هاوچەرخ ئەو دەربڕینەی هێرۆدۆتس، وەک بەڵگەیەکی زانستی و ئەکادیمی ڕەتدەکەنەوە. کە کۆچ و ڕەوی یەهودیەکان بەو شێوەیە بووبێ. بەڵام بەپێی پەرتووکی مێژوو سەبارەت بە تەوراتی عیبری، ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە وولاتی یەکەمی ئیسرائیلییەکان لە کۆتایی سەدەی یانزەم و سەرەتای سەدەی دەیەمی پێش زاین، لە ڕۆژئاوای نیمچە دوورگەی عەرەبی بووە و شوێنەوارەکانیشیان گەواهییەکی ترن بۆ ئەو ڕاستییە.

ئەوەش گریمانەیەکە بە پێی لۆژیک دەگونجێ. و بەڵگەنامەکانیش چ گەواهی هیرۆدۆس و چ شوێنەوارەکان لەگەڵ یەک دێنەوە. دواتر لەدوای کۆچ و ڕەویان بەرەو باکور. و دوای گیرسانەوەیان، دەبێ یەکەمین دەوڵەتی ئیسرائیل لەدایک بووبێ. کە لەلایەن ساوڵی یەکەم لە ساڵی ١٠٢٥ پ.ز دامەزرا. و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ پاشایەتی کرد و دوای ئەو داودی کوڕی بووە جێنیشینی.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، لە ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی، دینی یەهودی دینێکی سەرەتایی و فرەخودایی بووە. دوای کۆچ و ڕەوی بەنی ئیسڕائیل، بۆ باکوور و جێگیربوون و گەشەیان کردنیان. هەنگاو بە هەنگاو پەرەیان بە دینەکەیان داوە و لەلایەک ئەفسانە و چیرۆکەکانی دوورگەی عەرەبیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. لەلایەکیتر بە ئەفسانە و چیرۆکی ناوچەکانی میسۆپۆتامیا، وەک سۆمەری و بابلی، پەرەیان پێداوەو پڕیانکردۆتەوە. تا لە دینێکی سەرەتایی و فرە خودایی، ببێتە دینێکی یەکتاپەرستی. بە ناوەڕۆک و خاوەن پەرتووکی پیرۆز. و بتوانێ چمکێکی پەرەسەندوو لە خوداپەرستی و ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی بەو دینە ببەخشێ.

---

[79] Herodotos. The History 7:89

ئەگەر هەموو ئەو شتانە چ لە باری کۆمەڵایەتی و چ لە باری گەشەسەندنی شێوەی پەرستن ڕەچاوکران. ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەفسانە و چیرۆکەکانی ناو تەورات، سرووش و هزری لەو ناوچەیەوە سەرچاوەیان گرتووە. دواتر هەنگاو بە هەنگاو، لە فۆرمێکی توکمەتر و فراوانتر، وەک دینێکی یەکتاپەرست بەرجەستە کراون. بەو بەڵگانەش بۆمان دەردەکەوێ. کە ئەو دینە، دەبێ توانایەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی گەورەی هەبووبێ. تا بتوانێ بەو شێوە کاریگەرە. خەڵک لە دەرەوەی ناوچەکانی بنەڕەتی، بە کولتوور و بیروباوەڕی جیاواز بۆ ناو دینێکی نوێ و نەناسراو ڕابکێشێ [80].

[80] الصليبي, دكتور كمال (١٩٩٧) توراة جاءت من جزيرة العرب. الطبعة السادسة ص 29

# بەشی پێنجەم
# ئەبرەهام
# پێنج کەسایەتی لە ژێر یەک دەمامک

بە خوێندنەوەیەکی ووردی دەقەکانی تەورات، سەبارەت بە ئەبرەهام (ئیبراهیم) لە چەند گۆشە نیگایەوکەوە. هەست دەکەیت کە ئەو کەسایەتییە، لە شوێنی جوگرافی جیاواز و بە ئاکاری کەسایەتی لەگەڵ یەک جیاوز. لەسەر شانۆی ڕووداوەکان دەردەکەوێ. بە بەدواداچوونێک، بۆت دەردەکەوێ ئەو دەمامکەی کە ناوی لێنراوە ئەبرەهام (ئیبراهیم)، چەند کەسایەتی کۆمەڵایەتی و دینی جیاوازی لە پشتەوە حەشاردراوە. کە هەر یەک لەوانە خاوەن کەسایەتی جیاواز، بە ئاکاری جیاواز و لە شوێنی جوگرافیای جیاوز هەڵسوکەوت دەکەن. بۆیە دەبێ دەرفەتێ وەربگرین و تا بتوانین یەکە یەکە بە سۆراخی هەر یەکەیان دابچین. تا بتوانین بە شێوەیەکی فراوانتر و قووڵتر لە سەر ئەو کەسایەتی /کەسایەتیانە بکۆڵینەوە و ڕوونتر لەو پاشخانە پڕ تەمومژ و لێڵە تێبگەین. ئەوسا دەتوانین زۆر لایەنی شاراوەی ئەو و پرۆسەی پەرەسەندنی دین و کۆمەڵگەش باشتر و ڕوونتر ببینین و بخەینە ڕوو.

پێشتر هەر لەم باسەدا سەبارەت بەو کێشەیە، ئەوەمان خستە ڕوو. کە هەر هۆزێک، نەتەوەیەک دەتوانێ ئەبرەهامێکی تایبەت بەخۆی، وەک پاشخانێکی مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتی سەربەخۆی هەبێ. کە لەسەر بنەما و کەلەپوور و نەرێتە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک. و ئاستی دەستەڵاتی باوەگەورە، پاشخانی لەناو هۆزەکەی. دەبێتە ئەو کەسایەتیەی، کە ڕەچاو دەکرێ ئەو ڕۆڵەی پەبدرێ، و چۆن ببینرێ. جا ئەبرامی هۆز گوێڕایەڵە، سەربازی

و سیاسییە یان جادووگەرە. دەبێتە سیمبۆلێک لە ناو ئەو کۆمەڵگەیە بە کەسایەتییەکی دیاریکراو. کە ڕەنگدانەوەی مێژوویی لە پەرستنی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دادەبێ.

بۆیە وەک پێویستییەک بۆ ناسینەوەی ئەو ئەبرامانە. دووبارە خوێندنەوەیەک بۆ دەقەکانی تەورات دەکەین. تا بتوانین، بە سۆراخی، هەریەک لەو کەسایەتیانەدا وەک شوێن هەڵگریک. و دەمامکەکانیان لەسەر داماڵین. و تا دەکرێ لە ڕێی نیشانە و ڕۆڵی تایبەتیان بیانناسینەوە و لەیەکتریان جیابکەینەوە.

بە خوێندنەوەی سەرجەمی دەقەکانی ئەفراندن. دەتوانین پێنج کەسایەتی ئەبرامی جیاواز لەیەکتری بناسینەوە[81]. هەر ئەبرامێکیش هەم لە شوێنی جوگرافی و هەم لە ئاکارەکانی کەسایەتی، پابەندە بەو ژینگەیەی لێی دروستبووە.

ئەوەش ناوی پێنج ئەبرامەکەیە: ئەبرامی ئارامی، ئەبرامی عیبرانی، ئەبرامی یەمەنی، ئەبرامی شەباعە و ئەبامی شەدای. کەچی بە هیچ شێوەیەک باسی ئوری کلدانی نییە.

---

[81] ڕەنگە ئەبرامی تریش هەبن. بەڵام ئەوەندەی لەم لێکۆڵینەوە، هەوڵدرا توانرا ئەو پێنج کەسایەتییە بدۆزرێنەوە.

# ١. ئەبرامی ئارامی

لە تەورات ـ ئەفراندن ئەوە هاتووە کە ئەبرام برایەکی هەیە، بە ناوی ناحور ئەوەش دووپاتەی ئەوە دەکاتەوە، کە بەنی ناحور وەچەکانی ئارامین. سەرەڕای ئەوە ناحور لە کۆچ و ڕەوی تارەح و ئەبرام بۆ حاران لەگەڵیان نەبووە. کەچی بەپێی دەقەکان لە (فەدان ئارام) ژیاوە. کە ناوچەیەکی ئارامییە لە باکووری میسۆپۆتامیا و نزیکی حاران. کەواتە ناحوری برای ئەبرام بە زمان و شوێنی جوگرافی دەبێ کەسێکی ئارامییێ. هەر بەو بۆنەیەوەش لەجێگای خۆیەتی ئاماژە بە قسەیەکی دکتۆر نجیب میخائیل بکەین. سەبارەت بە ئوری کلدانی. ئەو دەنووسێ شاری ئور، کە لە تەورات هاتووە. بابل نییە و ناکەوێتە ناوچەی خوارووی میسۆپۆتامیا. بەڵکوو دەکەویتە باکووری میسۆپۆتامیا (باکووری عێراق) لە ناوچەی جەزیرە لە نێوان دیجلە و فورات [82]. ئەو بۆچوونە وامان لێدەکا، کە زیاتر گومان لەسەر ئوری کلدانی بکەین. و لە جیاتی ئەوە بیر لە ناوی ئارام نەهرێن بکەینەوە. کە ماناکەی دەبێتە (نێوان دوو ڕووبار). ئەوەش زۆر لۆژیکترە کە ناوچەی حاران بێ، نەک ئوریٔ کلدانی.

تەورات ـ ئەفراندن ٢٥: ٢٠

> (٢٠) ئیسحاق تەمەنی ٤٠ ساڵ بوو، کاتێ رڤقەی کچی بتوئێلی ئارامی کە خوشکی لابانی ئارامی بوو. لە فەدان ئارامەوە هێنا.

تەورات ـ ئەفراندن ٢٨: ٥

> ئیتر ئیسحاق یاقوبی نارد. ئەویش چوو بۆ فەدان ئارام، بۆ لای لابانی کوڕی بتوئێلی ئارامی. برای رڤقەی دایکی یاقوب و عیسۆ[83].

---

[82] میخائیل د. نجیب ( ). مصر و الشرق الادنی القدیم ج ٣ الشرق الادنی القدیم. ص ١٨٢
[83] تەورات ئەفراندن ٢٥: ٢٠؛ ٢٨: ٥

لەوەش زیاتر لە ئەفراندن دەڵێ نەوەکانی ناحور بە ئارامی ڕەوان دەدوێن. لە سەرجەمی دەقەکانی ئەفراندن ١١ و ١٢ ئەبرام ئارامیە.

ئەوەش نیشانەکانی ئارامی بوونی ئەبرامن:

1. ئەبرام برایەکی بەناوی ناحور هەیە.

تەورات ئەفراندن ١١: ٢٦ ـ ٣٠

> (٢٦) تارەح لە تەمەنی حەفتاساڵیدا بووە باوکی ئەبرام و ناحۆر و هاران
> (٢٧) ئەمانەش نەوەکانی تارەحن:
> تارەح، ئەبرام و ناحۆر و هارانی بوو. هارانیش لۆتی بوو. (٢٨) هاران پێش تارەحی باوکی لە ئووری کلدانییەکان مرد. لەو خاکەی تێیدا لەدایک بووبوو. (٢٩) ئەبرام و ناحۆر هەردووکیان ژنیان هێنا. ژنەکەی ئەبرام ناوی سارای بوو، ژنەکەی ناحۆریش ناوی میلکەی کچی هاران بوو، کە هاران باوکی میلکە و یەسکە بوو. (٣٠) سارای نەزۆک بوو، منداڵی نەبوو.[84]

بەپێی لێکدانەوەی مێژوویی و جوگرافی. دانیشتوانی ئور و ناوچەکانی دەوروبەری فورات لە ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا، ئارامی سریانی بووین. ئەوەش بۆمان دەسەلمێنێ کە ئەبرام ئارامییە و هیچیتر.

٢. نیشتمانی ڕەسەنی ئەبرام ئوری کلدانیە و لەوێ لەگەڵ تارەحی باوکی بە مەبەستی گەیشتنە خاکی کەنعان کۆچیان کرد. بەڵام لە حاران وەستان و نیشتەجێ بوون.

---

[84] هەمان سەرچاوە ١١: ٢٦ ـ ٣٠

تەورات ـ ئەفراندن١١: ٣١

(٣١) تارەح ئەبرامی کوڕی و لۆتی کوڕەزای، کە کوڕی هاران بوو، لەگەڵ سارای بووکی، کە ژنی ئەبرامی کوڕی بوو، هەموویانی برد. پێکەوە لە ئووری کلدانییەکانەوە بەڕێکەوتن تاکو بچنە خاکی کەنعان. بەڵام کاتێک هاتنە حاڕان و لەوێ نیشتەجێ بوون [85].

٣ ئەبرام یەهوەی پەروەردگاری دەپەرست. پەیوەندیشی لەگەڵ ئەو خودایە لە حارانەوە دەستی پێکرد (نەک لە ئوری کلدانی). هەمان خودا، فەرمانی پێکرد کە حاران دوای مەرگی باوکی بەجێبێڵێ. و بەرەو ئەو شوێنە بڕوا کە خودا خۆی بۆی دیاردەکا. هەر ئەو کاتەش پەیمانی نەتەوەیەکی مەزنی پێدەدا.

تەورات ـ ئەفراندن ١٢: ١ ـ٢

(١) خودا بە ئەبرامی فەرموو: خاک و کەسوکار و ماڵی باوکت بەجێبهێڵە
و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم
(٢) جا دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن،
دەتکەمە ساماندار،
ناوت مەزن دەکەم،
بڕشتدار دەبێ [86].

یەکەم شت کە ئەبرام لە خاکی کەنعان کردی دروستکردنی بەڵاگێرگایەک بوو [87].

---

[85] هەمان سەرچاوە ١١ :٣١
[86] هەمان سەرچاوە ١٢: ١ ـ٢
[87] هەمان سەرچاوە ١٢: ٧

٤. یەکەم وێستگەی ئەبرام لە خاکی کەنعان لە شوێنێک بوو بە ناوی شەکیم. دواتر گواستییەوە بۆ دارستانی داربەڕووان لە مۆرە. دواتر گواستییەوە بۆ ئەوەی لە خۆرهەڵاتی (بێت ئێل) نیشتەجێ بێت.

تەورات ـ ئەفراندن ١٢: ٦ـ ٨

> (٦) ئەبرام بە خاکەکەدا تێپەڕی هەتا گەیشتە دار بەڕووەکانی مۆرە لە شەکیم. لەو کاتە کەنعانییەکان لە خاکەکە بوون. (٧) یەزدان بۆ ئەبرام دەرکەوت و فەرمووی: ئەم خاکە دەدەمە نەوەی تۆ. ئەویش لەوێ بەڵاگێڕگایەکی بۆ خودا دروستکرد کە بۆی دەرکەوتبوو. (٨) لەوێشەوە گواستییەوە بۆ چیاکەی ڕۆژهەڵاتی (بێت ئێل) و چادرەکەی خۆی هەڵدا. بێت ئێل کەوتبووە ڕۆژئاوایەوە، عای لە ڕۆژهەڵاتییەوە بوو. لەوێ بەڵاگێڕگایەکی بۆ خودا دروستکرد و بە ناوی خوداوە نزای کرد [88].

٥. دواتر ئەبرام گواستیەوە بۆ شوێنەکی تر بە ناوی نجب ( کە لە عەرەبی کراوەتە الجنوب).
دواتر بۆ لێکدانەوە دەگەڕێینەوە سەری.
بەو هەنگاوانە دەتوانین هەر یەک لە ئەبرامی ئارامی و ئەبرامی عیبرانی لە دەقەکانی ئەفراندن بدۆزینەوە:

٦. لە تەورات دەقی ئەفراندن ١٣: ٢ـ ٤ دەربارەی ئەبرام دەدوێ. کە مرۆڤێکی دەوڵەمەند و خاوەن مەڕ و ماڵات و زێڕ و زیوە. لە نجب گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لە سەرەتاوە لێی دەژیا. لە نێوان بێت ئێل و عای کە بە ناوی یەهوە لە بەڵاگێڕگا کە پێشتر لێی بووە. ئەو ئەبرامەی بەو کارە هەڵستاوە، بێجگە لە ئەبرامی ئارامی کەسێکی تر نییە [89].

---

[88] هەمان سەرچاوە ١٢: ٦ ـ ٨
[89] الصلیبی، دکتور کمال (٢٠٠٦) خفایا التوراة وأسرار شعب إسرائیل .الطبعة السادسة. ص ١٠١

٧. له تەورات دەقی ئەفراندنی ١٥: ٧ یەهوەی پەروەردگار بۆ کەسێک بە ناوی ئەبرام دەردەکەوێ. دەڵێ من (یەهوەم لە ئور کسیدیوم دەرتدێنم). لەوەش دەردەکەوێ کە ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ یەهوا کردووە، ئەبرامی ئارامی بووە. کە نیشتمانی ڕەسەنی ئورکسیدیوم بووە[90]. ئورکسیدیوم مەبەست ئوری کلدانییە.

تەورات ئەفراندن ١٥: ٧

(٧) هەروەها خودا پێی فەرموو: من یەهوەم، ئەوەی لە ئور کسیدۆم، تۆی هێنایە دەرەوە، هەتا ئەم زەوییەت بە میرات پێ ببەخشێت

جێگای سەرسوڕمانە کە یەهوەی پەروەردگار فەرمانی بە ئەبرامی ئارامی بۆ دەرچوون کردبێ لە ئوری کلدانی (ئورکسیدیوم). ئەوەی ڕاستی بێ دەرچوونی ئەبرام لە ئوری کلدانی، هیچ پەیوەندی بە یەهوە نە بووە. بەڵکوو ئەوە دەستپێشخەری تارەحی باوکی بوو. تەورات باسی ئەوەی نەکردووە کە یەهوەی پەروەردگار، بە هیچ شێوەیەک سەبارەت بەو کۆچکردنە فەرمانی پێکردبێ. بەڵکوو بڕیاری تارەح بوو[91].

تەورات ـ ئەفراندن دەقی١١: ٣١

(٣١) تارەح ئەبرامی کوڕی و لۆتی کوڕەزای، کە کوڕی هاران بوو، لەگەڵ سارای بووکی، کە ژنی ئەبرامی کوڕی بوو، هەموویانی برد. پێکەوە لە ئووری کلدانییەکانەوە بەڕێکەوتن تاکو بچنە خاکی کەنعان. بەڵام کاتێک هاتنە حاران و لەوێ نیشتەجێ بوون[92].

---

[90] تەورات ئەفراندن ١٥: ٧
[91] هەمان سەرچاوە ١١: ١٢
[92] هەمان سەرچاوە ١١: ٣١

کەچی دواترئەبرام، پاش مردنی باوکی  لە حاران بە یەهوە ئاشنا دەبێ، نەک لە ئوری کلدانی.

تەورات- ئەفراندن دەقی ١٢: ١

(١) خودا بە ئەبرامی فەرموو: خاک و کەسوکار و ماڵی باوکت بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم [93].

٨. لە تەورات - ئەفراندن دەقی ٢٢ بە شێوەی پچڕ پچڕ هەواڵی ناحوری برای سەبارەت بە وەچەکانی دەزانێ. ئەو هەواڵانە دووپاتەی ئەوە دەکەنەوە، کە ئەبرام، ئەبرامی ئارامییە و برای ناحورە.

تەورات - ئەفراندن دەقی ٢٢: ٢٠ - ٢٤

(٢٠) دوای ماوەیەک بە ئیبراهیم گوترا: وا میلکەی براژنیشت چەند کوڕێکی بۆ ناحۆری برات بووە، (٢١) عوچ کە نۆبەرەکەیەتی و بووزی برای، هەروەها قەموئێلیش کە باوکی ئارامە. (٢٢) هەروەها کەسەد و حەزۆ و پیلداش و یدلاف و بتوئێل. (٢٣) بتوئێلیش ڕڤقەی بوو. ئەم هەشتە لە میلکە بوون بۆ ناحۆری برای ئیبراهیم. (٢٤) کەنیزەکەشی کە ناوی ڕەئوومە بوو، ئەویش تەڤەح و گەحەم و تەحەش و مەعکای بوو [94].

لە ئەفراندن ئەبرەهام کۆیلەیەک لەگەڵ ماڵێکی زۆر کە هەیبوو دەنێرێ بۆ خاک و هۆزەکەی. بۆ ئەوەی ژنێک بۆ ئەسحاقی کوڕی بێنێ. کۆیلەکە بەپێی چیرۆکەکە، بەرەو ئارام نەهرێن [95]

---

[93] هەمان سەرچاوە ١٢: ١

[94] هەمان سەرچاوە ٢٢: ٢٠-٢٤

[95] ئارام نەهرێن واتە دوو ڕووباری ناوچەی ئارامیەکان

( دەقی عیبری: ءرم نهریم) لە ناوچەیەک کە ناحوری برای ئەبرەهام لێی دەژیا. کۆیلەکە یەک لە نەوەکانی ناحوری هێنا و گەڕایەوە بۆ ئەوەی ئیسحاقی کوڕی ئەبرەهام هاوسەرگیری لەگەڵ بکا [96]. ئەوەش بەڵگەیەکە، کە ئەبرەهام ئارامییە و برای ناحورە. نیشتمانی ڕەسەنیشی دەبێ ئارام نەهرێن بێ ( کە دەکاتە نێوان دوو ڕووبار). جا فەدان ئارام و حاران بێجگە لە ئەبرامی ئارامی کەسێکی تر نییە.

[96] هەمان سەرچاوە ٢٤: ١-٦١

# ٢. ئەبرامی عیبرانی

ئەوەی لە تەورات سەبارەت بە ئەبرام باسدەکات. کوڕی تارەح و لە بنەماڵەی عابر (عبر). عابریش لە ڕەچەڵەکی سامی کوڕی نوحە [97]. کە باوکە گەورەی سەرجەم بەنی عابرە [98]. لە یەک تاکە پەرەگراف دەڵێ کە ئەو (ئەبرام) عیبریە (عیبرانی) [99].

تەورات - ئەفراندن ١٤: ١٣

> (١٣) یەکێک لە دەربازبووان هات و بە ئەبرامی عیبرانی ڕاگەیاند. ئەو کاتە لەلای دار بەڕووەکانی مەمرێی ئەموری، براکەی ئەشکۆل و عانێر، نیشتەجێ بوو. ئەمانیش لەگەڵ ئەبرام هاوپەیمان بوون.

ئەگەر ووردبوونەوەیەک بەپێی دەقی ١٤ ئەفراندن بۆ ئەبرام بکەین دەبینین کەسایەتییەکی مێژوویی و سەربازییە. هەر بە سەرنجدان لە باسکردنی ئاکار و ڕەفتارەکانی، وەک سەرکردەیەک دەردەکەوێ. وەک سەرکردەیەکی شەڕی خۆجێی دەردەکەوێ. کە هەم سەرکردایەتی شەڕدەکا و هەم وەک دیپلۆماسییەک هەڵسوکەوت دەکا. [100]. سەرەڕای ئەو توانا و لێهاتوویەی لەشەردا، وەک سەرکردەیەک سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەی بەدەست دێنێ. لە هەمانکاتدا بەردەوام ڕەچاوی بەرژەوەندی هاوپەیمانانی دەکات. هەوڵدەدا دەرئەنجام بە سوودی هەموو لایەک بێ. وتا لە توانای دابێ، نەیەڵێ دۆستەکانی زیانیان لێ بکەوێ.

---

[97] هەمان سەرچاوە ١١: ١٠ -٢٧
[98] هەمان سەرچاوە ١٠:٢١
[99] هەمان سەرچاوە ١٤ :١٣
[100] هەمان سەرچاوە ١٤:١٤

ئەوەش ئاکار و نیشانەکانی کەسایەتی ئەبرامی عیبرانی لە ٣ خاڵدا دەبینرێن

١ ئەبرامی عیبرانی لە دارستانی مەمرێ (ءلنی ممرء) دەژی، کە بەداری بەڕوو داپۆشراوە.

٢ ئەبرام برازایەکی هەیە بە ناوی لوت و لە سەدوم دەژییێ [101].

٣ ئەبرام باوەڕی بە خودای (ئێل علیون) خودای مەزن هەیە [102]. ئیتر لێرەوە خودای یەهوا دەگۆڕێ و هیچیتر ناوی نابیسترێ.

با هەڵوێستەیەک لەسەر کارە دیپلۆماسییەکانی ئەبرامی عیبرانی بکەین:
١. کاتی شونکارەکانی ئەبرام ناکۆکیان لەگەڵ شوانکارەکانی لوت لێ دروست دەبێ، ئەبرام بۆ ئەوەی بەر لە ناکۆکی و ئاژاوە بگرێ، لوت سەرپشک دەکا. کە لە نێوان ءلنی ممرء و سەدوم یەکیان بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێ [103].

٢. خودای یەهوە دەیەوێت بە هۆی خراپەی خەڵک، شاری سەدوم کاول بکا. لە هەمانکاتدا داوا لە ئەبرەهام (ئێستا ناوی گۆڕاوە) دەکا. کە بەو کارە هەڵبستێ. کەچی ئەبرەهام لە گەڵ ئێل دەست بە گفتوگۆدەکا. ئەوەش بۆ دڵنیابوون و پاراستنی ژیانی کەسوکاری [104].

٣. کاتێ ئەبرەهام، دوای ئەوەی هاوسەری (سارا) لە گوندی ئەربەع (ئێستا: حبرون) دەمرێ، وەک وەفایەکی ژن و مێردایەتی، ئەبرەهام بێ ئەندازە گرنگی پێدەدا. تا بە شێوەیەکی

---

[101] هەمان سەرچاوە ١٤: ١٣-١٦
[102] هەمان سەرچاوە ١٤: ١٣
[103] هەمان سەرچاوە ١٤: ١٢، ١٤، ١٦
[104] هەمان سەرچاوە ١٤: ١٣

بەرێزەوە لە شوێنێکی شیاو بینێژێ. هەڵسا گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە کرد. تا ڕازیان بکا زەویەکی پێبفرۆشن لە خۆرهەڵاتی ءلنی ممرء [105].

ئەوەش بۆمان دەردەخا، کە ئەبرامی عیبرانی کەسێکی لێزان و نەترس و پلان داڕێژەرە. لە هەلومەرجەکانی شەڕ و گفتۆگۆ و سیاسی چاڵاک و بە توانایە، نەک کەسایەتییەکی دینی!!. یان تەنیا گوێڕایەلێکی سادە بۆ باوکی [106].

دوای ئەوە شتێکی تر ئاشکرا دەبێ. ئەویش ئەبرامی عابری (عیبرانی) کەسێکی دیارکراو نییە. ڕەنگە چەند کەسی جیا بن و سەر بە هۆزو خێلی پەرتوبڵاو بن. بۆ نموونە هۆزێکی کۆنی یەمەنی هەیە، کە تا ئێستاش هەر بەو ناوە دەناسرێ. لەو ناوچەی ئەو هۆزەی لێدەژیێ گوندێک هەیە بە ناوی (بنو بروم).

[105] هەمان سەرچاوە ١٨: ١٦-٢٢
[106] هەمان سەرچاوە ١٨: ٢٣-٣٢

# ٣. ئەبرامی یەمەنی

ئەگەر سەرنجێک لە دەقی ئەفراندن ١٥ بدەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەبرام لەو دەقەدا کەسایەتییەکی جیاواز و سەربەخۆیە. لەگەڵ هیچ لە ئەبرامی ئارامی و ئەبرامی عیبرانی ناگونجێ. ئەبرام لێرەدا ڕەفتار و ئاکاری سەیر و ناوێزەی هەیە. مرۆڤێکی ئاسایی نییە. ڕەفتارەکانی زیاتر وەک هی کەسێکی لە مرۆڤ بەرزترە. کاهین یان جادوکەرە، نەک مرۆڤێکی ئاسایی. جادوو دەکا. ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ یەهوەی پەروەردگار دەکا. دەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیە پەیمانێکی سەیر لە نێوان یەهوە و ئەبرام دەبەسترێ. لێرەدا زیاتر نیشانەکانی خودای تێدایە.

لە یەمەن لە سەردەمە هەرە کۆنەکان، خودایەک هەبووە بەناوی بەرم (ءبرم). ئەو خودایە ناوی لەسەر چەند نەخش و نیگاری یەمەنی کۆندا هاتووە. کاتی دەقی ١٥: ٢ -٧ دەخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێ. لە ناو چیرۆکەکەدا شتێکی هاوبەش لە نێوان خودای بەرمی یەمەنی و ئەبرامی یەمەنی دا هەیە. ئەویش خودای بەرم خودای نەزۆکییە. و ئەبرامیش نەزۆکە. لە سەرتای دەستپێکردنی چیرۆکەکەدا یەهوە و ئەبرام یەکسانن. هەردووکیان خودان. بەڵام زوو هەست پێدەکەین کە ئەبرام لە دووڕیانێک دایە لە نێوان وەک خودا مانەوە یان بوونە مرۆڤ. بە واتایەکی تر دەستەڵاتی ڕەها یان زاوزێ و بڕشت [107]. با پێشوەخت سەیرێکی دەقی ١٥ بکەین.

---

[107] هەمان سەرچاوە ٢٣: ٣-١٨

*لە وەرگێرانی عەرەبی بە هەڵە ناوی (دمسق ئێلعیزەر) کراوە بە ئەلعیزەری دیمەشقی. وا زانراوە کە خەڵکی دیمەشقە. کەچی لە دەقی عیبری کە سەرچاوەی یەکەمە دمسق لە پێش ناوی ئێلعیزەر دێ. کەواتە دمسق ناوی کەسەکەیە.

**بەپێی یاسایەک کە لەو سەردەمەدا، باوبووە. هەر هاوڕێیەک یان کۆیلەیەک کە خزمەتی پیاوێکی وەچاخکوێری کردبێ، ئەوە دوای مردنی دەبێتە میراتگری.

تەورات ئەفراندن ١٥: ٢ ـ ٧

(٢) ئەی یەهوەی مەزن. چیم دەدەیتێ، کە من هەروا نەزۆک بم و میراتگری ماڵم (دیمسەق ئەلعیزەر)* بێ؟ (٣) هەروەها ئەبرام گوتی: هیچ وەچاخێکت نەداومەتێ. ئەوەی لە ماڵەکەم لە دایک بووە وا دەبێتە میراتگرم **

(٤) لەو کاتەدا فەرمایشتی یەزدانی بۆ هات، فەرمووی: ئەمە نابێتە میراتگرت. بەڵکو ئەوەی لە پشتی تۆوە دێت، ئەو دەبێتە میراتگرت. (٥) ئینجا بردییە دەرەوە و فەرمووی: سەیری ئاسمان کە و ئەستێرەکان بژمێرە، ئەگەر دەتوانیت بیانژمێریت. هەروەها پێی فەرموو: نەوەکەت ئاوا دەبێت

(٦) جا ئەبرام باوەڕی بە خودا هێنا، ئەویش ئەمەی بە ڕاست ودروستی بۆ دانا

(٧) هەروەها خودا پێی فەرموو: من خودام، ئەوەی لە ئووری کلدانییەکانەوە تۆی هێنایە دەرەوە، هەتا ئەم زەوییەت بە میرات پێ ببەخشێت [108].

لەجێگای خۆیەتی بە کورتیش بێ باسێکی ئەو چیرۆکە بکەین کە لە تەورات دا هاتووە [109]. چیرۆکە ئەفسانەییەکە ئەوەیە: پەیمانێک لە نێوان یەهوای پەروەردگار، و خودای بەرم یان (آلە بەرم) دەبەسترێ. کە بریتییە لەوەی پەروەردگار یەهوە، داوا لە خودای بەرم دەکا. واز لە خودایەتی بێنێ و ببێتە نەبییەکی پەیرەوکاری ئەو. لە بەرامبەر ئەوەدا، یەهوە ئاکاری نەزۆکی لەسەر لادەبا (مەبەست ئەوەیە ببێتە ئەبرامی باوە گەورە). تا وەچەی مەزنی ببێ لەسەر زەوی. خودای بەرم بەو داواکارییە ڕازیدەبێ. و واز لە خودایەتی و ژیانی نەمری

[108] الصلیبی، دکتور کمال )٢٠٠٦ (خفایا التوراة وأسرار شعب إسرائیل .الطبعة السادسة. ص ٩٦ ـ٩٧

[109] هەمان سەرچاوە. ل ١٠٦

دێنێ [110]. بەپێی پەیمانەکە، یەهوەی پەروەردگار، مەرجەکانی پەیمانی نێوان خۆی و ئەبرام دیاردەکا. هەر لە پەیمانەکەشدا ناوی دەگۆڕێ بۆ ئەبرەهام (ئیبراهیم) [111].

تەورات ئەفراندن ١٧: ١٠- ١٤

(١٠) ئەمەش پەیمانەکەمە کە بەجێی دەهێنن لەنێوان من و ئێوە و نەوەی دوای خۆت، هەموونێرینەیەکتان خەتەنە دەکەن. (١١) خۆتان خەتەنە دەکەن. ئەمەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و ئێوە. (١٢) هەموو نێرینەیەکی هەشت ڕۆژەش لە ئێوە دەبێت خەتەنە بکرێت، لە نەوەکانتان، ئەوەی لە ماڵەکەت لەدایک بووە. یان ئەوەی بە زیو لە بێگانە کڕاوە و نەوەی خۆت نییە. (١٣) دەبێت ئەوەی لە ماڵەکەت لەدایک بووە یان بە زیو کڕاوە، سەرجەم خەتەنە بکرێن. جا پەیمانەکەم لەگەڵ ئێوەدا پەیمانێکی هەتاهەتایی دەبێت. (١٤) هەر نێرینەیەکی خەتەنە نەکراویش، کە خەتەنە نەکرابێت، ئەوە لە نەتەوەکەی دادەبڕێت، چونکە پەیمانی منی شکاندووە [112].

بە ووردبوونەوەیەک بۆمان دەردەکەوێ، کە خودای بەرم لێرە بەدواوە، ئەو خودایە ڕەهایە نییە، کە تا ئێستا بووە. بەڵکوو پابەندی پەیمانێکە، کە تێیدا دەبێتە ملکەچ و پەیرەوکاری یەهوەی پەروەردگار. بەرامبەر بەوە نەزۆکی دەکرێتەوە و بنەماڵەکەی زاوزێ دەکا. بەم شێوەیە ئەبرام بە ڕازیبوونی بە مەرجەکانی پەیمانەکە. دەستەڵات و ناوی خودایەتی لێ دادەماڵرێ. و دەبێتە مرۆڤێکی ئاسایی. یەکەم شت دەبێ، وەک نیشانەی ڕەزامەندییەتی

[110] تەورات -ئەفراندن ١٥: ٢-٧
[111] هەمان سەرچاوە ٢٢: ١ -١٨
[112] هەمان سەرچاوە ١٥: ١٥، ١٧: ١٠- ١٤

(مۆری پێوه بندریێ) خەتەنە بکرێ. لە بەرامبەر ئەوە، دەرگای جووتبوونی لێدەکرێتەوە، و توانای منداڵ دروستکردنی پێدراوە و دەبێتە باوەگەورەی بنەماڵە[113].

لەو دەقەدا ناکۆکییەک هەیە. ئەویش ئەوکاتەی پەیمان، لە نێوان یەهوە و ئەبرام بەسترا، ئیسماعیل لە تەمەنی هەرزەکاری دابووە. کەواتە ئەبرام وچاخکوێر نەبووە. بۆیە ناکرێ ئەو ئەبرامە هەمان ئەبرام بێ، کە ئیسماعیلی لە هاجەر بووە. بە لێکدانەوەیەکی لۆژیکانە ئەبرام بێجگە لە خودای (بەرم) کە پێشتر باسکرا، کەسێکی ترنییە. سەرەڕای ئەوە لەو سەردەمەدا ململانێیەک لە نێوان خوداکان هەبووە. و دینی یەهودیش هەنگاو بە هەنگاو لە دینێکی فرە خودایی بۆ یەکتا پەرستی دەڕۆیشت. ئەو چیرۆکەش هەنگاوێکە بۆ کەمبوونەوەی خودایەک و ملکەچی بۆ یەهوای گەورە.

دواتر کاتی یەهوا دەیەوێ لەوە دڵنیابێ کە ئەبرام وازی لە خودایەتی هێناوە. دەیەوێ تاقی بکاتەوە. داوای لێدەکا، کوڕە تاقانەکەی بکاتە بەڵاگێڕ، لەسەر فەرمانی خودا. لە بنچینەدا ئەوە ئەبرام نییە تاقیدەکرێتەوە. بەڵکوو (خودای بەرم)ە. نەک ئەبرامی ئارامی و نەک ئەبرامی عیبرانی. بۆیە وەک تەواوکەری چیرۆکی دەقی ١٥ یە. لە تەورات هێمایەک لە دەقی گێڕانەوەکە هەیە (ءلیهم) کە دەکاتە ئەی اللهی تاک یان اللهی مەزن. لە تەورات مەبەستی ئێلی پەروەردگارە، دەیەوێ ئەبرەهام (ئیبراهیم) تاقی بکاتەوە. ئەگەر سەیرێکی پرۆسەی نەزۆکی، و پەیمانی نێوان یەهوا و ئەبرام بکەین، جێگای سەرسوڕمانە. کە بەو ئاسانییە لەبەر ئارەزوو و خۆزگەی بۆ زاوزێ، دەستبەرداری خودایەتی ببێ. ڕەنگە سیناریۆی فەرمانی یەهوا بە سەربڕینی ئیسحاق، بۆ ئەوە بووبێ کە ئەبرام بە بڕیارەکەی خۆی دابچێتەوە. وەک لە تەورات ئیسحاق کۆری تاقانە و خۆزگەی ژیانی بووە. لە خاکی مەرویە بباتە چیا. ئەو شوێنەی دواتر بە یەهوە یەرئا (یرءە) ناسرا. لەوێ بەڵاگێرگایەک دروستبکا.

113 الصليبی، دكتور كمال (٢٠٠٦) خفايا التوراة وأسرار شعب إسرائيل .الطبعة السادسة. ص١١٠

ئەگەر یەهوە ڕێگەی بدایە، ئەبرام کوڕەکەی سەرببڕێ، واتە واز لە مرۆڤ بوون و زاوزێ و وەچەنانەوە دێنێ. و دەگەڕێتەوە ڕیزی خودایان و دەبێتەوە خوداوەندی بەرم.

لەو پرۆسەیەدا دەبینین لە ناو تێکستەکانیشدا. شتەکان لە گۆڕاندان. ناوەکان هەمان ناوی کۆن نین. بەڵکوو بەپێی بنەچەکەی چیرۆکە ئەفسانەکە و بەسەرهاتەکان. و بەراوردکردنیان لەگەڵ دەقەکانی تەورات. کە لە کۆتاییدا گشت خوداکان ملکەچی (ئێل یان ئێل علیون دەبن) ئێلیش دەبێتە خودایەکی ڕەها و سەرتاسەری.

بەپێی تەورات دەبینین، لە پرۆسەی سەربڕینەکەدا، چۆن کوڕەکەی (ئیسحاق) بردە شوێنی دیاریکراو. داری پێ کۆکردەوە. ئەبرەهامیش خەریک بوو بەڵاگێرگاکە ئامادە بکا. لە هەمان کاتدا ئەبرەهام خۆی ئاگر و چەقۆی هەڵگرتبوو.

تەورات - ئەفراندن ٢٢: ٦-١٤

(٦) ئەبرەهام داری بەڵاگێڕی سووتاندنەکەی هەڵگرت و خستییە سەر پشتی ئیسحاقی کوڕی، خۆشی ئاگر و چەقۆکەی هەڵگرت، هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. (٧) ئیسحاق بە ئەبرەهامی باوکی گوت: باوکە!

ئەویش وەڵامی دایەوە: ها کوڕم!

ئیسحاق گوتی: ئەوەتا ئاگرەکە و داری سووتاندنەکە، ئەی کوا بەران بۆ بەڵاگێڕی سووتاندنەکە؟

(٨) ئەبرەهام وەڵامی دایەوە: خودا بۆ خۆی بەرانێک بۆ بەڵاگێڕی سووتاندنەکە دابین دەکات، کوڕم. ئیتر هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن

(٩) کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی خودا پێی فەرمووبوو، ئەبرەهام بەڵاگێڕگایەکی دروستکرد و دارەکانی لەسەر ڕێکخستن، ئیسحاقی کوڕی بەستەوە و خستییە سەر دارەکانی سەر بەڵاگێڕگاکە. (١٠) ئیتر ئەبرەهام دەستی درێژکرد و چەقۆکەی هەڵگرت هەتا کوڕەکەی خۆی

سەربېڕێت. (١١) بەڵام فریشتەی خودا لە ئاسمانەوە بانگی کرد و گوتی: ئەبرەهام ! ئەبرەهام!

ئەویش وەڵامی دایەوە: ئەوەتام. (١٢) پێی گوت: دەست بۆ کوڕەکە مەبە و هیچی لێ مەکە. ئێستا زانیم تۆ لە خودا دەترسیت، چونکە لە پێناوی من دەستت بە کوڕە تاقانەکەتەوە نەگرت

(١٣) ئەبرەهام چاوی هەڵبڕی و بینی وا بەرانێک لەدوایەوە لەناو دەوەنەکە، بە هەردوو قۆچی گیربووە. ئەبرەهام چوو و بەرانەکەی گرت و سەری خست، وەک بەڵاگێڕی سووتاندن لە جیاتی کوڕەکەی. (١٤) ئیتر ئەبرەهام ئەو شوێنەی ناونا، (خودا دابینی دەکات). هەتا ئەمڕۆش دەگوترێت، (لەسەر کێوی خودا دابین دەکرێت) [114].

کاتێ ئەو سیناریۆیە بە ووردی دەخوێنییەوە، بۆت دەردەکەوێ کە یەهوەی پەروەردگار. بۆ ئەو پرۆسەیە، پلانی پێشوەختی هەبووە و بەرانێکی ئامادە کردووە. کاتی کە دڵنیابوو ئەبرەهام ئامادەیە، کوڕەکەی سەرببڕێ. ئەوسا خودایەتی بە یەکجاری لە ئەبرەهام (خودای بەرم) وەرگرتەوە، لە جیاتی ئەوە بەرانێکی پێ بەڵاگێڕکرد [115].

ئەوەی کە لێرە ماوەتەوە باس بکرێ ئەوەیە. سەرەڕای هەردوو هۆزی ئارامی و عیبری کە گەڵی ئیسرائیل پێکدێنن. هۆزی تریش هەن، لە قۆناخە جیاجیاکانی مێژوودا، لەگەڵ گەلی بەنی ئیسرائیل تێکەڵ بووین. لەوانە هۆزەکانی یەمەن و هەندێک هۆزی تریش لە گۆمی دۆڵی بیشە لە ناوچەی عەسیر. ئەو هۆزانەش هەروەک ئارامی و عیبرانیەکان خۆیان بە هۆزێکی بەنی ئیسرائیل ژماردووە و ماونەتەوە. بەڵام نەریت و کەلەپوور و یادە

---

[114] هەمان سەرچاوە ص١١٠ -١١١

[115] هەمان سەرچاوە ص ١١٣

فۆلکلۆرییەکانی خۆیانیان، هەر وەک خۆی پاراستووە. هەر یەک لەو گەلانەش خۆی بە نەوەی ئەبرەهام (باپیرە گەورە) دەزانێ و وای دادەنێ کە تایبەتە بەوان.

ڕیتوال و سرووتە هاوبەشەکانی کە بە درێژایی مێژوو ماونەتەوە. بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنی جوگرافی یان هەر شتێکی تر لەلایەن گشت یەهودیەک پەیرەو بکرێ، ڕیتوالی خەتەنەیە. کە بەستراوەتەوە بە کاتی دیاریکراوی خۆی.

ڕیتوالی (بەرم) کە خودای نەزۆکی و بێ بەر بووە. سەرەڕای جیاوازی نەریت و کەلەپووری، لە نێوان هۆزەکانی گەلی ئیسرائیل. چ لە ڕووی ڕەچەڵەک و خوێن یان جیاوازی بیروباوەر، پابەندن بە نەریتە دینییەکانی یەهودی. گشتیان یەکێتی گەلی ئیسرائیل، لە ڕێگای دینی یەهودییەوە دەپارێزن. نیشانەی ئەو یەکێتی پاراستنەش، لە کاتی قەیران لەسەر دابەشبوونی دەوڵەتی یەهودا و دەوڵەتی ئیسرائیل بە ڕوونی دەرکەوت. کە دوای مردنی سولەیمان پاشا، سیستەمی کاهینی توانییان بۆ کۆکردنەوەی نەریت و بۆنەکانی هۆزەکانی بەنی ئیسرائیل، لە یەک سیستەم دا. و ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی یەکگرتوو بکەنە بەردی بناخەی یەکێتییەکی هەزاران ساڵە. بەو شێوەیە (باپیرە گەورە) ئەبرەهام بووە باوکی گشت هۆز و نەتەوەکانی ژێر چەتری بەنی ئیسرائیل. ئەوەش دواتر ناو نرا ئەبرەهام (ئیبراهیم) [116].

---

[116] هەمان سەرچاوە ص ١٢٤-١٢٥، تەورات - ئەفراندن ١٧: ٤ -١٤

## ٤. ئەبرامی شەباعە

شباع یان بئرسبع لە سەرتاسەری خاکی کەنعان و ئیسرائیل، شوێنێک نییە بەو ناوە ناسرابێ. بەڵکوو گوندێکە الشباعە (شبعە) لە ناو خاکی عەسیر لە خۆرئاوای دوورگەی عەرەبی. لە بەرزاییەکانی بیشە، ئێستا بەشێکە لە شاری خمیس مشیط. جەرار (جرر) کە ئێستا بە القرار (قرر)، مصرایم کە لە زۆر وەرگێڕان بە میسر دەینووسن، ئێستا مصرمە (مصرم) . ئەوانە دوو گوندن لە تەنیشت شاری خمیس مشیط. هەروەها (بئر لحی رُئی) بەر لحی رەی یان (بئر وادی رەی) مێرگێکە ناوی رویە (روی) لە خوار دۆڵی بیشەیە. ئەو سێ شوێنە. بەپێی تەورات دەقی ئەفراندن، شوێنی نیشتەجێی ئەبرامن [117].

ئەبرامی شباع نیشتەجێی ناوچەی خمیس مشیط بووە. ئەفسانەی ئەبرەهام و سارا لە تەورات، تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ ئەبرامی شباعە و گۆمی دۆڵی بیشە بووە. لە ڕووی جوگرافییەوە سەرجەمی نیشانە وناوی شوێنەکان، لەگەڵ خۆرئاوای دوورگەی عەرەبی، بە درێژایی سنووری دەریای سوور دەگونجێ. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان خاکی کەنعان (ئیسرائیل) و ناوچەکانی لە لێژاییەکانی خۆرهەڵاتی سرات عەسیرە بکەین بۆمان دەردەکەوێ، کە سەرجەم لێکچوونەکان، چ لە دەقەکانی تەورات و چ لە ئەفسانەکانی، سەبارەت بە کەراکتەراکانی بەرایی دینی یەهودی. بێجگە لە سیرات عەسیر هیچ شوێنێکی تر ناتوانێ ببێ.

لەو تێکەڵاوییەش سارە یان (ءل سره) لەگەڵ فیرعەون خودای جۆگەکان. کە لە چیرۆکی ئەبرام الشباعە و سەردانی بۆ مصرایم هاتووە. ئەو چیرۆکە لە بنەڕەتدا لەسەر ئەبرامی

---

[117] الصلیبی، دکتور کمال (٢٠٠٦) خفایا التوراة و أسرار شعب إسرائیل. الطبعة السادسة ص ١١٥ ـ ١١٦

شەباعە و هاوسەرەکەی سارای نییە. بەڵکوو خودای آبی روهم و هاوسەرەکەی آل سرة بووە .[118]

سەبارەت بە چیرۆکی هاجەر، کاتی لە دەشتایی گومدەبێ و ئیسماعیلی بەکۆڵەوەیە. فریشتەیەک لەلای یەهوەی پەروەردگارەوە، بەرەو بئر لحی رُئی دەبا [119]. یانی لەسەر بئر رویە لە ناوچەی بیشە. لێرەدا تێکەڵاوییەک دروست بووە. لە تەورات دەڵێ ئەو شوێنە دواتر بووە نیشتمانی ئیسحاق. کە برا بچووکی ئیسماعیلە. ڕاستیەکەی ئەو شوێنە ئیسماعیل لێی نیشتەجێ بووە، نەک ئیسحاق. تێکەڵاوی تێکەوتووە [120].

بە پێی دەقەکانی تەورات دەبێ لە خاکی کەنعان, ووشکە ساڵی هاتبێ و قات و قڕی ووڵاتی گرتبێتەوە. وای لە دانیشتوان کردووە، کۆچ وڕەو بۆ شوێنانی تر بکەن. تا لەدەستی مردن ڕزگاریان ببێ. هەر ئەو ناچارییەشە وای لە ئیبراهیم کردووە کە ڕوو لە میسر بکات.

تەورات ئەفراندن ١٢: ١٠ ـ ١٣

> (١٠) لەو کاتەدا قاتوقڕی لە خاکدا پەیدابوو، جا ئەبرام کۆچی بۆ میسرکرد، تا لەوێ بۆ ماوەیەک بە ئاوارەیی بمێنێتەوە. چونکە قاتوقڕییەکە زۆر گەورە بوو (١١) کە نزیک بوو بچێتە ناو میسر بە سارای ژنی گوت: بەڕاستی من دەزانم تۆ ژنێکی ڕوخسار جوانی (١٢) ئەگەر میسریەکان بتبینن، دەڵێن (ئەوە ژنیەتی) ئەو کاتە من دەکوژن. بەڵام تۆ دەهێڵنەوە (١٣) بڵێ کە تۆ خوشکی منی. بۆ ئەوەی بەهۆی تۆوە، بە چاکی ڕەفتارم لەگەڵ بکەن. لەبەر تۆش گیانم بەزیندوویی دەمێنێتەوە. (١٤) کاتێک ئەبرام هاتە میسر،

---

[118] تەورات ـئەفراندن ١٢: ١٠ـ٢٠

[119] هەمان سەرچاوە ١٦:١٤

[120] هەمان سەرچاوە ٢٤: ٦٢ و ٢٥: ١١

میسرییەکان بینییان کە سارای زۆر جوانە. (١٥) کاتی کاربەدەستانی فیرعەون بینییان، لەلای فیرعەون ستایشیان کرد، ئیتر ژنەکەیان بردە ماڵی فیرعەون. (١٦) ئەویش بەهۆی ژنەکە بە باشی ڕەفتاری لەگەڵ ئەبرام کرد. ئیتر بووە خاوەنی مەڕ و مانگا و نێرەکەر و ماکەر و خزمەتکار و کەنیزە و وشتر.

(١٧) بەڵام خودا بەهۆی سارای ژنی ئەبرامەوە فیرعەون و ماڵەکەی تووشی دەردی گران کرد. (١٨) ئیترفیرعەون بەدوای ئەبرامی دا ناردی و گوتی: ئەمە چییە تۆ بە منت کرد؟ بۆچی پێت ڕانەگەیاندم کە ئەو ژنی تۆیە؟ (١٩) بۆچی گوتت خوشکمە، هەتا بردم بۆ ئەوەی ببێتە ژنم؟ ئێستاش ئەوەتا ژنەکەت. بیبە و بڕۆ ! (٢٠) ئینجا فیرعەون هەندێک پیاوی ڕاسپارد بۆ بەڕێکردنی ئەبرام و ژنەکەی و هەرچییەکی هەیانبوو [121].

هەر لە تەورات، ئەفراندن دەقی ١٣: ١-٤ باسی ئەوە دەکا، ئەبرام خۆی و سارای ژنی و هەرچییەکی هەیانبوو، لەگەڵ لوتی برازای لە میسرەوە کۆچیانکرد بۆ نەقەب لە بیابانی سینا. ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەبرام سەرەڕای ئەو درۆیەی لەگەڵ فیرعەون کردوویەتی. مەڕ وماڵات و زیڕو زیوێکی زۆری پێ بەخشراوە. ئەوەش لەگەڵ پەرتووکەکانی دین خۆیان ناکۆک دەردەچێ. کە فیرعەون بە کەسێکی زۆردار و خوێنڕێژ باسدەکرێ. چۆن ئێستا وا نەرم و پەخشندە دەرچوو. کە ئەو گشت سامانەی بە ئەبرەهام بەخشی. و بە دەوڵەمەندی گەڕاوەتەوە نەقەب و لەوێشەوە، کۆچی بۆ (بێت ئێل) کردووە. ئەو شوێنەی یەکەمجار کە لە حارانەوە کۆچی بۆکردووە و چادری لێ هەڵداوە. و یەکەم بەڵاگێڕگاشی هەر لەوێ دروستکردووە [122].

[121] هەمان سەرچاوە ١٢: ١٠ - ١٣
[122] هەمان سەرچاوە ١٣: ١-٤

دواتر لە ئەفراندن دەقی ٢٠ هەمان درۆی لەگەڵ ئەبیمالەخ پاشای گرار کردووە و بە سارای ژنی گوتووە کە بڵێ خوشکییەتی نەک ژنی. دوای ئەوەی خودا دێتە خەوی ئەبیمەلەخ و پێی گوتبوو: تۆ بەهۆی ئەو ژنەی کە بردووتە دەمری. چونکە ژنێکی بەمێردە.
جا ئەبیمالەخ ئیبراهیمی بانگکرد و، بەرەورووی هەمان پرسیاریکردەوە کە فیرعەون ئاراستەی کردبوو.

تەورات، ئەفراندن، دەقی ٢٠: ٩-١٣

(٩) ئەبیمالەک ( ئەبیمالەخ) ئیبراهیمی بانگکرد و پێی گووت: ئەوە چییە بە ئێمەت کرد؟ چ گوناهێکم بەرامبەرت کردووە تاکو خۆم و شانیشینەکەم تووشی تاوانێکی وا گەورە بکەی؟ ئەو کارەی کە ناشێت تۆ بەمنت کرد. (١٠) ئەبیمالەک بە ئیبراهیمی گوت: چیت بینی تا ئەو کارە بکەیت. (١١) ئیبراهیم گوتی: چەنکە گوتم:  هیچ لە خوا ترسییەک لەو شوێنەدا نییە. لەبەر ژنەکەشم دەمکوژن (١٢) لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕاستیدا ئەو خوشکمە. کچی باوکمە. بەڵام کچی دایکم نییە. ئیتر بووە ژنم (١٣) کاتێکیش خودا لە ماڵی باوکمەوە ئاوارەی کردم. بە ژنەکەمم گووت: ئەو چاکەیەی لەگەڵمدا دەکەی، چوینە هەر شوێنێک ، سەبارەت بە من بڵێ ئەوە برامە [123].

ئەو چیرۆکە دەتوانرێ لە ڕوانگەیەکی ترەوە ببینرێ. و بە تێگەیشتنێکی دیکە و لۆژیکانە لێک بدرێتەوە. ئەوەش ئەو دەرفەتەمان دەداتێ کە بزانین، نە ئەبرام و نە سارا هیچیان کۆچیان بۆ میسر نەکردووە. بەڵکوو ئەفسانەیەکە، خزێنراوەتە ژێر دەمامکی ئیبراهیم.

چیرۆکی ئەو ئەفسانەیە تا ئێستاش لە ناوچەکانی خۆرئاوای دوورگەی عەرەبی هەر باوە. خەڵکی بۆ گاڵتە و جەفەنگ، بۆ یەکتری دەیگێڕنەوە.

---

[123] هەمان سەرچاوە ٢٠: ٩-١٣

گەڕۆک و شوێنەوارناسی بەریتانی فیلبی لە ساڵانی ٣٠ سەدەی ڕابردوو، لە خۆرئاوای دوورگەی عەرەبی خەریکی پشکنین بووە. کاتی گەڕانی لە دۆڵی بیشە، بەڕێکەوت دەبێتە گەواهی چیرۆکێکی ناوازە. کورتەی چیرۆکەکە بەو شەوەیە:

فیلبی لە کاتی گەڕان بۆپشکنین لەگەڵ هاوڕێکەی کە ناوی حەلەف بوو. بە ناوچەکەدا دەسووڕێنەوە. حەلەف خەڵکی گوندێکی نزیکی ئەو دەڤەرە بووە. لە کاتی گەڕان چاویان بە کچێکی گەنج دەکەوێ، مێگەلە بزنێکی بەرەو ڕووی ئەوان لێدەخوڕی. فیلبی ڕوو لە (حەلەف)ی هاوڕێی دەکا و پێی دەڵێ: ئەگەر بکرێ جامێک شیر زۆر خۆشە و لەجێی خۆیەتی. ئەوەیش ڕەزامەندی دەربڕی. بەدەنگێکی برز بانگ دەکا (هۆ شوانی مەڕان) کچەکەش بەرەو ڕوویان دێ. لە نزیکیانەوە دەوەستێ و یەک لە بزنەکانی، شیر لە جامێکی دارین دا دۆشی. دوایی بەزەردەخەنە لەسەر ڕوو و پڕ متمانە بەخۆ، شیرەکەیان بۆ دەهێنێ.

فیلبی دەیەوێ زیاتر لەگەڵ کچە گەنجەکە قسە بکا. تا زیاتر دەربارەی ژیان و گوزەرانی بزانێ. بەڵام حەلەف گفتوگۆکەی دەبڕێ و خۆی لە جیاتی کچە ووەڵامی دەداتەوە. دەڵێ (ئەوە خوشکمە، هێشتا مێردی نەکردووە). کچەکەش بە زەردەخەنەیەکەوە سەری دەلەقێنێ. دوای ئەوە دەبوایە حەلەف لە قۆناخەکانی دواتریش لەگەڵ فیلبی دابێ. بۆ پشکنین لە ناوچەکە. بەڵام حەلەف داوای بووردن دەکا و دەڵێ: هەندێک کارم لەگەڵ خوشکم هەیە!!

فیلبی بەتەنیا لە گەڕانەکەی، بەردەوام دەبێ. کە لە کۆتایی بۆ چادرەکە دەگەڕێتەوە. دەبینێ بێجگە لە باوکی حەلەف کەسی تری لێنیە. ئەوەی فیلبی هەستی پێدەکا، باوکی حەلەف نیشانەی پێڕابواردنی، بە دەم و چاویەوە دیارە.

پرسیاری لێ دەکا و دەڵێ (چیت لە کوڕەکەم کرد؟) فیلبی وەڵاممی دەداتەوە: لەو بەرزاییە لەگەڵ خوشکی و بزنەکانی بەجێم هێشتن. پیرەمێرد بە پێکەنینەوە دەڵێ: گوتی خوشکی؟؟؟

ئێستا دەڵێ خوشکمە؟ نەخێر ئەوە ژنیەتی!! دوای ئەوە باوکی حەلەف سەربردەی ئەو چیرۆکە و شوێنی لە ناو کۆمەڵگەی ئەو دەڤەرە، بە درێژی بۆ فیلبی دەگێڕێتەوە. چۆن لەسەرەتادا ئەو ئەفسانەیە دروست بووە، و دواتر بۆتە وێردی سەر زمانی خەڵک. کە هەمیشە بۆ گاڵتە و ڕابواردن، بەرامبەر یەکتری دیهێننەوە. چیرۆکی ئەبرەهام و سارا و فیرعەونیش هەر دەبێ لەوەوە هاتبێ. بەڵام دواتر هاتبێتە ناو پەرتووکە پیرۆزەکانی یەهودی. کەچی لای باوکی حەلەف و خەڵکی ناوچەی بیشە، بێجگە لە گاڵتە و ڕابواردن بەرامبەر یەکتری دەیهێننەوە، ڕۆڵێکی تری نییە [124].

[124] Arabian Highland pp188. (1952) JB Philby

# ٥. ئەبرامی شەدای

لە دەقی ١٧: ١ یەهوە بۆ ئەبرام دەرکەوت و پێی فەرموو من (خودای شدای)م (ءل شدی). ئەو چمکە لە پەیمانی کۆن لە ئینجیلی کریستیان گۆڕانی بەسر داهاتووە و کراوەتە (خودای بە توانا یان بە دەستەڵات). سەیر لێرەدایە، کە یەهوە بۆ ئەبرام دەردەکەوێ و پێی دەڵێ (من اللەی شەدای)م. هەرچەندە یەهوە لە شوێنیتر، بۆ ئەبرام دەرکەوتووە و خۆی بە ئێل یان یەهوا ناساندووە. بەڵام یەکەم جارە بە شەدای خۆی بناسێنێ [125].

خودای شەدای لە ناوەرۆکی ووتەکانی ناوی ئەبرام ناگۆڕێ بۆ ئەبرەهام. بەڵکوو پەیمانی بڕشت و بەرەکەتی پێدەدا. وەک خۆی ووتی ( بڕشتێکی زۆرت دەدەمێ). لەوەش سەیرتر ئەوەیە خودای شەدای پەیمانی بە ئەبرەهام دا، کە سارای ژنی کوڕێکی دەبێ. ئەو ڕستەیە بە بەراورد لەگەڵ دەقی ١١ لە ئەفراندن کە سارای نەزۆکە و منداڵی نابێ. کەچی لە دەقی ١٥ نە ک ئەبرامی ئارامی، و نەک ئەبرامی عیبرانی نەک ئەبرامی یەمەنی، بەڵکوو ئەبرامی (بەرم) گلەیی لە نەزۆکی خۆی لەبەردەم خودا دەکات. ئامادەیە واز لە خودایەتی خۆی بێنێ، بۆ زاوزێ و وەچە نانەوە. کەچی لێرەدا دەگۆڕێ ئەبرام نەزۆکە. ئەوەش لە پەیمانی کۆنی کریستیانی کراوەتە (وچاخکوێر) [126].

پوختەی باسەکە ئەوەیە کە بۆچی خودای شەدای، بۆ ئەبرام هات و پەیمانی بڕشت و زاوزێی پێدا؟. ئەوە خودای بەرم نییە، کە پێشتر باسمان کرد. چونکە لە دەقی ١٥ باسی ئەوە ناکا کە ئەبرام ژنی هەیە. ئەوەش بەو مانایە دێ، کە خودای شەدای سارای کردە ژنی ئەبرام. دوای گۆڕینی ناوی بۆ ئەبرەهام و نەزۆکیشی لێ داماڵی. لە جیاتی ئەوە ئاکاری زاوزێی پێبەخشی.

---

[125] تەورات - ئەفراندن ١٧: ١

[126] الصلیبی، دکتور کمال ( ٢٠٠٦) خفایا التوراة وأسرار شعب إسرائیل. الطبعة السادسة ص ١٣٠

له چیرۆکی پێشتر سارا نەزۆک بووە و منداڵی نابێ. بەڵام کە بووە ژنی ئەبرەهام (نەک ئەبرام) سکی پڕبوو و ئیسحاقی بوو. دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو سارایە، هەمان سارا نییە و ئەبرەهامیش هەمان ئەبرەهام نییە.  بەڵکوو سارای ئێستا، بەر لە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەبرەهام، مێردی تری هەبووبێ. جا لەبەرهەر  هۆیەک بووبێ، منداڵی نەبووبێ وهاوسەرگیرییەکەی هەڵوەشابێتەوە. ئەوە تەنیا گریمانەیە و ڕەنگە مێردەکەی تری نەزۆک بووبێ. و کاتی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەبرەهام کرد سکی پڕبووبێ.

بە لێکدانەوەیەکی تر، ئەو چیرۆکە پەیوەندی بە ئەفسانەی کۆنی پەرستن و بڕشتەوە هەیە. پاڵەوانی چیرۆکەکەش ئەبرەهامە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەبرەهام خودای بڕشتە (زاوزێ). هەرچەندە لە چیرۆکەکەدا پێشتر خودای نەزۆکی بووە. تا ئەو کاتەی خودای شەدای هاتوو، ئەو بارەی گۆڕی و ئەو ناوەشی دایێ. کە ئەمڕۆ پێی دەناسین ئەبرەهام (ئیبراهیم) [127].

با پێکەوە شرۆڤەیەک بۆ چەند ناوێک بکەین کە لە چیرۆکەکەدا هاتوون. بە هەمان شێوەی چۆن لە تەورات دا هاتوون.

| | |
|---|---|
| ءل شدی | خودای شەدای |
| ءبرهم | ئەبرەهام (ئیبراهیم) |
| سره | سارا |
| یصحق | ئیسحاق |

بە لێکدانەوەی ئەو ناوانە ڕەنگە ئاسانکارییەک بۆ دۆزینەوەی نهێنی چیرۆکەکە بکرێ:

[127] هەمان سەرچاوە ل١٣٠

١. ناوی (ءل شدی) یان خودای شەدای بەپێی درکاندنی باو لە زمانی ئەکەدی دەکاتە (چیا). بەو پێیەش (ءل شدی) خودای چیایە. دەکرێ یەکێک بێ، لە خوداکانی چیا. گوندێک لە بەرزاییەکانی زەهرانی خواروو لە سرة عسیر ئەمڕۆ ناوی آل سادی (ءل سدی) کە گۆڕانی ناوی ءل شدی (خودای چیایە).

٢. ءب رهم یان (ئەبرەهام) بە درکاندنی عیبری. لە سەردەمی جاهیلی لە ناو عەرەب ناسراو بوو دووایی نەما. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بووبێ، ئەو ناوە پەیوەندی بە یەک لە پەرستنەکانی کۆنەوە هەبووبێ. دوایی بە هاتنی ئیسلام لە ناوچووبێ [128].

ووشەی أبو روهم (أب رُهم) لە الرهم هاتووەکە لە زمانی عەرەبی بە (نمە بارانی بەردەوام) دێ. کە باشترین بارانە بۆ کشتوکاڵ و زەوی بە نەرمی پاراو دەکا، بەبێ دارمان و داشۆرینی خاک. بە تایبەتی لە بناری چیا و شوێنە لێژەکان، کە کشتوکال تەواو متمانەی لەسەر بارانە. کەواتە (ءبرهم) أبو روهم دەکاتە (أبو مطر- باوکی باران) یان خودای باران. هەڵبەتە بارانیش کۆلەگەی بژشتە.

٣. سره ئەوە درکاندنی عیبریە بۆ ناوی سارا. ئەوەش ناوی بەرزاییەکانی خۆرئاوای دوورگەی عەرەبییە. کە هەر لە طائف درێژ دەبێتەوەتا دەگاتە سنووری یەمەن. ئەو (سرة) لە خاکی عەسیرە. هەر لە گۆمی دۆڵی بیشەوە لە ناوچەی خۆرئاوا درێژ دەبێتەوە و ئاوەکەی دەرژێتە ناو دۆڵی بیشە و سرة عەسیر. لەوێش گەندێک هەیە بەناوی آل سرة (ءل سره) واتە خودای سره. لە تەورات ئەفراندن سارا (سره) یە و هاوسەری ئەبرەهامە. واتە هاوسەری (آبی رُهم). بەوەش بۆمان دەردەکەوێ کە خودای (آل سرة) لە سەردەمی خۆی خودایەکی مێینە بووە (نەک نێرینە).

---

[128] هەمان سەرچاوە ل ١٣١

٤. یصحق بە درکاندنی عیبری (یصحاق). ڕەگی ئەو ناوە (صحق) بەرامبەر (ضحک) لە زمانی عەرەبی دێ. کە بە مانای خۆشی، دڵکراوەیی و گەشبینی دێ. بەڵام بە مانا فەرهەنگییەکەی لە زمانی عەرەبی دەکاتە (فیضان). کە دەڵێن ( ضحکت البئر ) واتە (ئاوەکەی هەڵسا). یان ماناکەی تری دەکاتە (قاقای پێکەنین). یان لە خۆشیان هەڵچوون و دڵگەشانەوە. لە ناو عەرەبە کۆنەکان ناوی (ضحاک) بە ( هەڵسان یان هەڵچوون) دێ. نەک مرۆڤ پێبکەنێ. بەڵکوو دڵفراوان و دەستکراوە. یصحق بە شێوەی ئێستا واتە (یضحک = پێدەکەنێ) یان (یفیض = هەڵدەستێ، هەڵدەچێ).

دوای ئەو شرۆڤەکردنە دەتوانین ئەفسانەکە وا لێکدەینەوە:

کە سارا (آل سره) زەوی قەدپاڵ بە ئەبرام (خودای باران) تێراوبوو. تا ئیسحاقی بوو. هەڵبەتە هەڵسانی ئاو لە ئەنجامی بارانی (ءل برهم) زەوی پاراوکرد و بیرەکانی پڕکردن. باران هاوسەرگیری لەگەڵ زەوی قەدپاڵی سره کرد و بیر لەدایک بوو [129].

با هەوڵدەین سیناریۆکە بەم شێوەیە بگێڕینەوە:

خاکی سرات لە سەرەتادا، وشک و ڕووتەن بووە. هیچ بەروبوومی نەدەبوو (آل سره) نەزۆک بوو و منداڵی نەدەبوو. سەرچیاکانیش گشت ووشک و ڕووتەن بوون. لەو دەمەی خودای باران هێشتا نەبووە. دوای ئەوەی خودای بەرم کە خودای نەزۆکی و ڕێگرتن لە بڕشت بوو. ئەو نەهاتی و قات و قڕیە لە خاکی آل سره بەردەوام بوو. تا پەیدابوونی آل شادی (ءب رهم) کە هاوسەرگیری لەگەڵ آل سرەی نەزۆک کرد، جا لە هەر تەمەنێک دابووبێ، تا ئێستا منداڵیان نەبووە [130]. بەڵام دوای هاوسەرگیری لەگەڵ (ءب رهم) باوکی رۆهەم، توانای بڕشتی بۆ دێ و سره منداڵێکی دەبێ، کە دەمێک بوو پێویستی پێبوو و چاوەڕوانی دەکرد.

---

129 هەمان سەرچاوە ل١٣٢

130 تەورات ئەفراندن ١٧: ١٧

ئەویش خودای بیرەکان بوو. بۆ پاراوکردنی زەوییەکانی. ئەوەی سەردانی خاکی سرات و گۆمی دۆڵی بیشەی کردبێ بەرەو خۆرهەڵات. دەزانێ ئاوی بیرەکان چەند گرنگن بۆ کشتوکاڵ. ئەوەش ئەو نموونەیە کە گەڕیدەی بەریتانی فیلبی لەسەر سرووشتی کشتوکاڵی ناوچەی خمیس مشیط، باسی دەکا و دەڵێ: بەروبوومی بنچینەیی لە ناوچە کشتوکالییەکان، دانەوێڵەیە. گرنگترینیان گەنم، هەرزن، کرشنە و زوڕاتە. ڕووبەرێکی زۆری زەوەی بە بڕشت لەتەک ئاوەڕۆی بیشە و ڕووبارەکانی هەیە. بەشێک ئاودێری لە ئاوی بارانەوە دێ. بەشەکەی تر لە ئاوی بیرەکانە. زۆربەی ئاوەدێری ناوچەکە بە شێوەیەکی فراوان لەسەر بیرەکانە [131].

کشتوکاڵ لە خاکی سرات و دۆڵی بیشە، متمانەیان تەنیا لەسەر ئاوی بیرەکان نییە. بەڵکوو ئاوی باران و ئاوەڕۆ وەرزییەکانیش ڕۆڵی گرنگیان هەیە. بۆیە خودایەکی تایبەتی جۆگە و ئاوەڕۆش هەیە، بەناوی (ءل فرعە) واتە فرع یان جۆگە، ئاوەڕۆ. تا ئێستاش گوندێک لە سیرات عەسیر هەیە بەناوی (آل فرعە). ڕەنگە ئەو آل فرعە هەمان فیرعەونی مصریم بێ. بۆ زانین مصرایم لە تەورات ئێستا گوندێکە بەناوی (مصرمة) لە تەک خمیس مشیط. فیەرعەونی مصرایم لە دەقی تەورات (فرعة). کە لە تەورات بە (ءل فرعة) یان (خودای جۆگە) دێ [132].

بە لێکدانەوەیەکی تر ئەو چیرۆکانەی دەربارەی نەبی ئیبراهیم هاتوون و بە شەوەیەکی بەربڵاو لە تەورات لەلایەک و کەلەپووری ناوچەکانی عێراق، دوورگەی عەرەبی و شام و خاکی کەنعان (ئیسرائیل) بڵاون. و ڕۆچوونەتە ناو ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵگە. لە بنەڕەتدا ئەفسانەی کۆنی خودا و دینە سەرەتاییەکان بووین. بەپێی تێپەڕبوونی کات شوێنی خۆیان

131 Arabian Highland pp132. (1952) JB Philby

132 الصليبي، دكتور كمال ( ٢٠٠٦) خفايا التوراة وأسرار شعب إسرائيل. الطبعة السادسة ص ١٣٤

لەناو دەقەکانی تەورات کردۆتەوە و بوونەتە چیرۆکی خودایی و پیرۆز. کە دینداران باوەڕی ڕەهایان پێیان هەیە.

# بەشی پێنجەم
# ئەبرەهام لە ئینجیلی کریستیانی

ئەبرەهام یان ئیبراهیم لە ئینجیلی کریستیانی (پەیمانی نوێ)، هەروەک دینی یەهودی، کەرەکتەرێکی مەزنە. بە سەرچاوە و بنیاتنەری یەکتاپەرستی دادەنرێ. و یەکەمین نەبیە کە خودا ڕاستەوخۆ پەیمانی پێدابێ. سەرای ئەوە، باپیرەگەورەی یەسوە (عیسا). بۆیە بە گەورەترین و پیرۆزترین کەسایەتی دادەنرێ. لە هەرچوار ئینجیلەکە زیاتر لە ٩٠ جار ناوی هاتووە. بەڵام پاشخان و ژیانی نەبی ئیبراهیم، لە هیچ لەو چوار ئینجیلانە باس نەکراوە. بەڵکوو پرۆسەی ژیان و ئاکار و ئاشنایەتی بە خودا. و سەرجەمی پیرۆزییەکانی نەبی ئەبرەهام، سەرچاوەی لە پەرتووکی تەورات وەرگرتووە. ئەوەش بنەڕەتێکی دینی و مێژوویی خۆی هەیە.

یەسو خۆی وەک چاکسازێک، دەستی بە بانگهێژکردووە. هەر بۆیە تەورات وەک سەرچاوەیەکی دین و دواڕۆژ. تاکە پەرتووکی پیرۆز بووە، بۆ بانگهێژی چاکسازی یەسو. هەر ئەوەش وایکرد، لە سەدەی یەکەمی زاینی بۆ یەکەم جار تەورات وەک سەرچاوەیەکی دینی بۆ یاسا و ژیانی پەیامبەران، لە ناو ڕێبەرانی دینی کریستیانی بەکارهات. و ناوی لێنرا پەیمانی کۆن، کە تا ئێستاش هەر بەو ناوە، لە ناو کرستیانیزم دەناسرێ.

بەو پێیە تەورات (پەیمانی کۆن)، تاکە پەرتووکە، لە ناو کریستیانیزم، وەک پاشخانێکی دینی و یاسایی بۆ ڕاگرتن و پەرەپێدانی ببینرێ. بۆ زیاتر ئاشنایەتی. پەیمانی کۆن تەنیا پەرتووکی تەورات نییە. بەڵکووسەرجەم پەرتووکەکانی یەهودی دەگرێتەوە. و بە (تەناخ) ناو دەبرێ. کە کورتکراوەی تەورات، نیبییەکان و دەستنووسەکان (توراە، نێڤییم و کێتوڤیم) و بریتییە لە

٣٩ پەرتووک و ئامادەکردن و نووسینەوەی هەزار ساڵی بردووە. لە ١٢٠٠ - ٢٠٠ پێش زاین [133].

پەیمانی کۆن وەک سەرچاوەی ژمارە یەک بۆ دینی کریستیانی بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەوتەکانی ناو ئەو دینە. وەک بناخەیەک بۆ بەهاکانی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ دەبینرێ. سەرەڕای ئەوەش یەسو وەک چاکسازێک لەناو دینی یەهوودی بینیوە. ئەوەش لە ووتار و ئامۆژگارییەکانی دا بە ئاشکرا دەربیڕیووە. کە ئەو (یەسو) بانگهێژیەکەی درێژە پێدانی بانگهێژی پێش خۆیەتی. بریتیە لە پەرەپێدانی یاساکانی موسا و بەرگریکارێکی سەرسەختی ڕەگای خودای یەهودییە. ئەگەر باوەڕمان بە دەقی ئەنجیلی مەتی هەبێ. ئەوا یەسو خۆی لە ووتاردان و ئامۆژگاری بۆ خەڵکی و قوتابیەکانی. بە ڕاشکاوانە ئەو پەیامە دەگەیێنێ.

ئینجیلی مەتی ٥: ١٧ - ٢٠

> (١٧) وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان نووسراوی پەیامبەران بسڕمەوە، نەهاتووم بۆ سڕینەوەیان، بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان (١٨). ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، پیتێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێت، هەتا هەمووی دێتە دی (١٩). بۆیە ئەوەی بچووکترینی ئەم ڕاسپاردانە بشکێنێت و خەڵکیش ئاوا فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە بچووکترین ناودەبردرێت. بەڵام ئەوەی پەیڕەوی بکات و خەڵکی فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە مەزن ناودەبردرێت (٢٠). ئیتر پێتان

---

133 Världshistoria 2015 april 22 گۆڤاری مێژووی جیهان

دەڵێم: ئەگەر ڕاست ودروستیتان لە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمان [134].

ئەوەش بەو مانایە دێ. پەیمانی کۆن دەبێتە ئالقەی پەیوەندەی دینی کریستیانی بە ئیبراهیمەوە. بۆیە هەر بە دواداچوونێک سەبارەت بە ئیبراهیم و ڕۆڵ و کردەوەکانی ، لە چوارچێوەی دەقەکانی تەورات دەرناچێ. بۆیە لێرەوە کۆتایی دێنین.

---

[134] ئینجیلی مەتی ٥: ١٧ - ٢٠

# بەشی شەشەم
# ئیبراهیم لە قورئان، بە بەراورد لەگەڵ دەقەکانی یەهودی

لەقورئاندا ناوی ئیبراهیم و بەسەرهاتەکانی، بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە ٢٢ سورەت و ٦٨ ئایەت دا هاتووە. ئەو ئاماژانەش بەشێوەی بچڕ بچڕن. لەلایەک بەشێوەی لەناکاو لەناو سورەتێکی قورئان دەردەکەون ، هەر لە ناکاویش گوم دەبن. زۆر جار خوێنەر نازانێ چۆن دەستی پێکرد و چۆنیش کۆتایی هات. چونکە هەر لەناکاو باسەکە دەگۆڕێ بۆ پرسێکیتر. لەلایەکی تر، ڕووداوێک کە ئەبرەهام تێیدا بەشداربووە، چەندین جارە دووبارە دەبێتەوە. کەچی چیرۆکی پرۆسەی ژیان و کەسایەتی، وەک کرۆنۆلۆژیایەکی پڕ ووردەکاری لە سەرتاسەری قورئان نابینین. هەر ئەوەشە وایکردووە. ئەگەرکەسێک ئاشنایەتی لەسەر پاشخان و مێژووی کەلەپووری ناوچەکە نەبێ، ئەوا تێگەیشتنی ئاسان نییە.

خاڵی دووەم کە زۆر گرنگە: خوێنەری هوشیار زوو هەست دەکا، کە نووسەری قورئان بۆ ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە، سوودی لە کەلەپووری یەهودی و نەسرانی لە حیجاز و شام وەرگرتووە. هەر لەڕێی ئەوانیشەوە ئاشنایەتی لەگەڵ سەرچاوەکانی دینی یەهودی پەیدا کردووە. بە مانایەکی تر سەبارەت بە بەسەرهات و ئەفسانە کۆنەکان، زانیاری لە سەرچاوەی دەستی دوو وەرگرتوون. بۆ نموونە تالمود و میدراش و هتد. هەر ئەوەشە وایکردووە، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتیکی ئەفسانەیی، ناکۆک بێ لەگەڵ تەورات. یان ئەو ڕووداوە لە تەورات بوونی هەر نەبێ. بۆیە هەوڵ دەدەین، بۆ بەراوردکردن و هەڵسەنگاندن، سوود لە هەردوو تەورات و کەلەپووری یەهوودی، بەتایبەتی تالمود وەربگرین [135].

---

[135] محمد فوءاد عبدلباقی (١٣٦٤) المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم. مطبعة دار الكتب المصرية

# ژیانی ئیبراهیم و ناکۆکی لە نێوان قورئان و پەرتووکەکانی یەهوودی

لە تەورات ئیبراهیم تەمەنی ٧٥ ساڵە، ئەوسا ئێمە پێی ئاشنا دەبین. کەچی لە ناو دەقەکانی قورئان بە پێچەوانەوەیە. لە تەمەنێکی زۆر گەنجتر لەسەر شانۆی ڕووداوەکان بەدیار دەکەوێ. هەرچەندە قورئان ئەوە دیارناکا، کە لە کام تەمەن دەردەکەوێ و هەستی بە جیاوازی بیرکردنەوەکردووە. بەڵام بە بەراوردیک لەگەڵ تالمود. دەبێ هیشتا لە تەمەنی منداڵیدابێ، کە هەستی بە جیاوازی کردووە. و بەدوای خودا دا دەگەڕي. لە تەمەنی ٥٠ ساڵی بەرەنگاری بوتپەرستی دەبێتەوە. لە هەردوو قۆناخی تەمەنی منداڵی و گەورەیی، سەوداسەری گەڕانە، بە دوای ئەفرینەریک دا. ئەوەش وادەکا، لەسەر بوتپەرستنی. لەگەڵ باوکی بکەوێتە دەمەقاڵی.

ئەو دەمەقالییەش لە ٤ سورەتی قورئان دا. سورەتی الانعام، مریم ، الأنبياء و الزخرف دا دووبارە بۆتەوە. چیرۆکەکان لەلایەک وەک نیمچە دووبارەیەک وان. لەلایەکیتر وەک ئاماژەی پێکرا. ئەو ڕووداوانە هیچیان لە تەورات دا نین. کەچی لە ناو کەلەپووری یەهوودی هەیە و خزێنراوەتە نا دەقەکانی تالمود. ئەوەش ئەو بۆچوونەمان پشتڕاست دەکاتەوە، کە قورئان ئەو چیرۆکانەی، وەک زۆر چیرۆکیتر لە کەلەپووری ناوچەکە، کە لە ناو خەڵکی یەهوودی بڵاوبوون، وەرگرتووە، نەک لە دقەکانی تەورات. ئەوەش بە بەراوددردێکی سەرپێی دەردەکەوێ. لە تالموود و کەلەپووری گەلێری یەهودی دەمیکە خەڵکی پێیان ئاشنایە. و دەماودەم دەگێڕدرێنەوە.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێین، کە نووسەری قورئان پەیوەندییەکی لەمیژینەی میژوویی، لەگەڵ کەلەپووری یەهوودی هەبووە. ئەو پەیوەندییەش لە ڕێگای هۆزی بەنی نەجاڕ کە ماڵە خاڵەکانی عبدالمطلبی باپیرەی بوون. ولە یەثرب هاوسێی یەهودیەکانی هۆزی خەزرەج

بوون. عبدالمطلب زۆربەی تەمەنی منداڵی خۆی لە ماڵە خاڵەکانی بەسەر بردووە، نووسەری قورئانیش پەروەردەی دەستی باپیرەی بووە بۆیە ناکري ئاشنایەتی لەگەڵ کەلەپووری یەهودیەکان نەبووبي [136] و سوودی لي وەرنەگرتبن. بەڵگەیەکی تریش ئەوەیە لە کۆچی موسوڵمانان لە مەککە بۆ مەدینە و تێکەڵاوی موسوڵمانانی کۆچکردوو لەگەڵ خەڵکی مەدینە، ئەو خزمایەتییە جارێکیتر دووپاتە دەکاتەوە. و بەلگەیەکی ترە بۆ سەلماندن و پشتڕاسکردنەوەی ئەو ئاشنایەتیە. و سوودوەرگرتنی نووسەری قورئان لە کەلەپووری یەهودی لە یەثرب.

136 خليل عبدالكريم (١٩٩٧) قرويش من قبيلة الى الدولة المركزية. الطبعة الثانية ص ٧٢

# ئەبرام و هزری یەکتاپەرستی

## لە قورئان ئیبراهیم وێڵی دوای پەروەردگارە

لە قورئان ئیبراهیم وێلە بە دوای گەڕان بۆ خودا. بەڵام باسی ئەوە ناکات لە چ تەمەنێک دابووە.

سورة الأنعام ٧: ٧٤ ـ ٨٠

ئیبراهیم بە ئازەری باوکی خۆی گوت: تۆ بۆچی ئەو بوتانە دەپەرستی؟ من تۆ و نەتەوەکەت دەبینم گومرابووین (٧٤). هەر ئەو کاتەی ئەمە نیشانی ئیبراهیممان دا ئەو ئاسمان و زەوییە سەر بەکێیە، تا بکەویتە ڕێزی باوەڕدارە ڕاستەقینەکان (٧٥). کە شەوداهات و تاریکی بەسەرداهات، ئەستێرەیەکی دی بەدیکرد، گوتی ئەوە پەروەردگارمە. کاتی لەبەر چاوی ئاوابوو، گوتی هەرچی ئاوابێ من خۆشم ناوێ (٧٦) ئەو کاتەی بینی مانگ هەڵات، گوتی ئەوە پەروەردگارمە. کە ئەویشی لەبەرچاو گومبوو، گوتی ئەگەر پەروەردگاری ڕاستەقینە، خۆیم پێ نەناسێنێ. منیش لێی گومرایی دەبم (٧٧). کاتی دیتی خۆر لەکەڵ سەردەکەوێ، گوتی ئەوە لەوانیتر مەزنترە. ڕەنگە پەروەردگاری من هەر ئەوە بێ. کە خۆریش ئاوابوو، گوتی: گەلۆ من لەو کارە بێ گوناهم و هاوەبەشی بۆ الله دروستناکەم (٨٩). وا من بەدڵپاکی ڕوومکردە ئەو کەسەی کە ئاسمان و زەوی وەدیهێناون و لەوانە نیم هاوبەشی بۆ پەیدابکەن (٧٩). نەتەوەکەی لەسەر ئەوە، گێچەڵیان پێکرد. گوتی ئێوە چۆن لەگەڵ من سەبارەت بە اللهیەک گێچەڵ دروست

دەکەن، کە خۆی ڕێگای نیشانداوم و هیچ ترسم لەوانە نییە، کە ئێوە دەیانکەنە هاوبەشی ئەو. هەر شتێکی پەروەردگارم ئارەزووی بێ، هەروا دەبێ. پەروەردگاری من هەموو شتێک دەزانێ. ئێوە بیری لێناکەوە (٨٠). (الأنعام ٧: ٧٤- ٨٠) [137].

لەقورئان بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ باسی پرۆسەی گەشەکردن و تێگەیشتنی ئیبراهیم دەکات. لە ئایەتی سەرەتا پرسیار لە باوکی دەکات کە، لەگەڵ گەلەکی گومرابووین. دواتر خۆی بەدوای پەروەردگارێکدا دەگەڕێ و دەڵێ ئەگە نەیدۆزمەوە، منیش گوڕا دەبم. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو چەند ئایەتە لێکدانەوەی بۆ بکەین. دەبینین ئیبراهیم بەر لە گومان دەمەقاڵێ لەگەڵ باوکی دەکا. بۆیە هەندێک نا لۆژیکی لە گێڕانەوەی قورئاندا هەیە.

## لە تالموود ئەبرام وێڵی دوای پەوەردگارە

ئەو کاتی هێشتا منداڵ بوو، لە نیوەڕۆ سەیری ڕووناکی خۆری دەکرد. و دەیدیت تیشکەکانی هەموو شتێک ڕووناک دەکەنەوە. گوتی: بێگومان ئەو ڕووناکییە بەهێزە دەبێ خودابێ. کە بۆ پەرستن ڕووی تێبکەم. ڕووی لە خۆرکرد و پارایەوە. کاتی شەو هات و خۆر لەبەچاو گومبوو. تیشکەکانی لە ئاسۆی دوور کوژانەوە. لە ناخەوە دوودڵی و گومان کەوتە سەری. و گوتی: نابێ ئەوە خودابێ. لەکوێ ئەو خودایە بدۆزمەوە، کە ئاسمان و زەوی دروستکردبێ؟ سەیرێکی بەرەو ڕۆژئاوا و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کرد. بینی

[137] سورة الأنعام ٧: ٧٤ ـ٨٠

خۆر لەبەر چاو گومبوو. سرووشت بە تاریکی شەو داپۆشرا. دوایی مانگ هەڵات. کاتی ئەبرام بینی مانگ لە ناوەڕاستی ئاسمان دەدرەوشێتەوە و بە هەزاران ئەستێرە دەورەدراوە. گوتی: ڕەنگە ئەوە خودابێ، کە گشت شتێکی ئەو گەردوونەی دروستکردووە. دەستپێشخەری پاڕانەوەی بۆ کرد. بەڵام کاتی بەرەبەیان داهات، ئەستێرەکان گومبوون. درەوشانەوەی مانگیش، لەبەر گزنگی بەرەبەیانی بەرەو نەمان دەچوو. ئەبرام تێگەیشت کە خودا لەوانە گەورەترە. گوتی: دەبێ خودا ناو و توانا و بوونی، لە گشت ئەوانە گەورەتر و بەهێزتربێ! ئەو ئەستێرە پڕشنگدارانە، تەنیا شتێکی دروستکراوی ئەون.[138]

گێڕانەوەی تالمود سەبارەت بە دەستپێکی گومانی و گەڕانی بە دوای ئەفرێنەرێکدا زۆر لە ڕووی کرۆنۆلۆژی و لۆژی گونجاوترن. بۆیە هەرچەندە ئەگەر نووسەری قورئان سوودی لێوەرگرتبێ، دەبێ ڕاستەوخۆ نەبێ و لە ڕێگای گێڕانەوەی دەماودەم بێ. دووبارەبوونەکە پاش و پێشی تیکەوتووە.

# کیشەی ئەبرام ئیبراهیم لەگەڵ باوکی

## کێشەی ئیبراهیم و باوکی لە قورئان

سورة مریم ١٩: ٤١-٥٠

ئەوسا بە باوکی خۆی گوت: باوکە تۆ بۆ شتێکی وا دەپەرستی، نە دەبیستێ و نە دەبینێ و هیچ بەهرەیەکیشت ناداتێ (٤٢) باوکە! ئەوەی من دەیزانم تۆ

[138] The Babylonian Talmud (1918) Volume 8

نایزانی، شوێنم کەوە ڕێگای ڕاستت نیشان دەدەم (٤٣) باوکە شەیتان مەپەرستە. شەیتان لە فەرمانی خودا سەرپێچیکرد (٤٤) باوکە من ترسی ئەوەم هەیە، خودا سزات بدا و ببیە هاودەمی شەیتان (٤٥) ئاخۆ ئەی ئیبراهیم! تۆ واز لە خوداکانی من دێنی؟ ئەگەر دەست لەو کارە هەڵنەگری، بەردە بارانت دەکەم و بۆ ماوەیەکی درێژیش لە ماڵ دەرت دەکەم (٤٦) گوتی: سەلامت لێبێ و لە پەروەردگارم دەپاڕێمەوە، لێت ببوورێ و ئەو لەگەڵمن میهرەبانە (٤٧) من لە ئێوە و لەوانەش، بێجگە لە خودا دەپاڕێنەوە بە دوور دەگرم و لە پەروەردگارم دەپاڕەمەوە، هیوادارم لە پاڕانەوە و نزای پەروەردگارم، بێ هیوا نەبم (٤٨) [139].

سورة الانبياء ٢١: ٥١-٧٠

(٥١) لەمەوبەریش ئیبراهیممان ڕێنمایی و شارەزاکرد، هەمیشە لێی ئاگاداربووین. (٥٢) کاتێک بە باوکی و هۆزەکەی گوت ئەو پەیکەرانە چین ئێوە دەیانپەرستن؟ (٥٣) گوتیان باوک و باپیرانمان هەر ئەمانەیان دەپەرست. (٥٤) گوتی: ئەگەر ڕاستیتان دەوێ! باوک و باپیرانتان وەک خۆتان گومران (٥٥) گوتیان: ئاخۆ ڕاستیت بۆ هێناوین یان گاڵتەمان پێدەکەی؟ (٥٦) گوتی: ڕاستیم هێناوە، بەڵکوو پەروەردیگای ئێوە، پەروەردگاری ئاسمان و زەمینە. هەر ئەویش دروستی کردوون و منیش لە گەواهی و ئاگادارانم (٥٧) سوێند بە خودا، هەر ئێوە پشتبکەنەوە ئێرە بەجێ بێڵن، دەبێ گێچەڵێک بەو بوتانە بکەم (٥٨) ئینجا هەموو بوتەکانی ووردکردن، بێجگە لە بوتە هەرە گەورەکەیان نەبێ.بە هیوای ئەوەی بگەڕێنەوە بۆلای (مەبەست بۆ لای ئیبراهیم) (٥٩) گوتیان ئاخۆ کێ ئەوەی

---

[139] سورة مريم ١٩: ٤١-٥٠

بەسەر خوداکانمان هێناوە؟ دیارە لە ستەمکارانە. (٦٠) گوتیان گوێمان لە لاوێک بوو، لەبارەی ئەوان دەدوا. ناوی ئیبراهیمە. (٦١) گوتیان کەواتە بیهێنن، لەپێش چاوی خەڵک بیوەستێنن، بەڵکوو ئەوانیش گەواهی لەسەر بدەن. (٦٢) گوتیان: ئەی ئیبراهیم ! ئەوە تۆ ئەوەت بە خواکانمان کردووە (٦٣) گوتی: نەخێر گەورەکەیان ئەو کارەی کرد. ئەوە تە نییە!! لێی بپرسن. دە لێیان بپرسن، ئەگەر دەتوانن با وەڵامتان بدەنەوە. (٦٤) زۆر بەخۆ داشکانەوە (تەریق بوونەوە) ئەوسا گوتیان: دیارە خۆتان ستەمکارن (٦٥) دوایی سەری خۆیان داخست. خۆت دەتزانی کە ئەوانە قسە ناکەن (٦٦) گوتی: ئاخر بێجگە لە خودا، ئەوە شتێک دەپەرستن کە هیچ قازانج و سوودێکتان پێناگەیێنن. و زیانیشتان پێ ناگەیێنن؟ (٦٧) بێزم لتان دەبێتەوە، کە ئەوشتانە، بێجگە لە خودا دەپەرستن. بۆ تێناگەن؟ (٦٨) گوتیان: بیسووتێنن و یارمەتی خوداکانتان بدەن و سەریانخەن. (٦٩) وتمان: ئەی ئاگر ساردبە و بۆ ئیبراهیم بێ زیان بە (٧٠) ئەوان ویستیان گێچەڵی پێبکەن. بەڵام ئێمە ئەوانمان زیانمان پێگەیاندن [140].

سورة الزخرف ٤٣: ٢٦ ـ ٢٨

کاتێ ئیبراهیم بە باوکی و هۆزەکەی خۆی گوت: من لەوەی کە ئێوە دەیپەرستن بەریمە (٢٦) بێجگە لەوەی کە منی دروستکردووە، کە خۆی ڕێگەم نیشان دەدا (٢٧) کارێکی وای کرد کە ئەو ووتانەی لە دوای خۆی بۆ نەتەوەکەی هەر بمێنێ. تا بگەڕەنەوە (٢٨) [141].

[140] سورة الانبياء ٢١: ٥١-٧٠
[141] سورة الزخرف ٤٣: ٢٦ -٢٨

## کێشەی ئیبراهیم و باوکی وله تالمود*

له تالمود هەر له ڕۆژی لەدایکبوونی ئەبرەهام، که ئەستێرەناسان پێشبینی بۆ دەکەن و نەمرود فەرمان دەدا. گشت ئەو منداڵانه دەبێ بکوژرێن. تا بەر له لەدایکبوونی ئەبرەهام بگرن. به شێوەیەکی بەرفراوان و پڕ ووردەکاری باسی لەدایک بوونی دەکات. دوایی درێژەی پێدەدا. تا گەنجی و تەمەنی پیربوون.

له تالمود تەمەنی ئەبرەهام ٥٠ ساله، که دەمەقاڵی لەگەڵ باوکی دەبێ و دواتر بوتەکانی باوکی دەشکێنێ. بۆیه ئێمەش بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ قوڕئان، هەر لەو تەمەنه (٥٠ ساڵی) دەست پێدەکەین.

## دەقی تالمود سەبارەت به بوت شکاندنی ئەبرەهام

دوای ئەوەی ئەبرام تەمەنی گەیشته پەنجا ساڵ، نوحی مامۆستای بەجێهێشت و گەڕایەوه ماڵەوه. کاتێ بینی ١٢ بوت له ماڵی باوکی دانرابوون، له دڵی خۆی زۆر ڕقی هەڵسا. دوایی له باوکی پرسی گوتی: باوکه پێم بڵێ. من خودا دەدۆزمەوه که ئاسمان و زەوی ئەفراندبێ. تۆ و منیشی ئەفراندووه، هەموو بوونەوەرەکانی ئەو جیهانەش؟
تارەح وەڵامی دایەوه گوتی: کوڕم، ئەفرێنەری گەردوون لێره لەگەڵمانه.
ئەبرام گوتی: کوا، پیشانمده، باوکه.

تارەح ئەبرامی بردە ژووری ناوەوە و دوانزە بوتەکەی پیشاندان. هەندێکی لەوان بچووکتریش هەبوون. گوتی: ئەوانە ئەو خودایانەن ئاسمان و زەویان ئەفراندووە. تۆ و منیشیان ئەفراندووە و سەرجەمی جیهانیش.
ئەبرام ڕووی لە دایکی کرد و گوتی: دایە، ئەوە باوکم ئەو خودایەی پیشاندام کە سەرجەمی زەوی، و هەموو ئەو شتانەی لەسەریەتی دروستکردووە. لەبەر ئەوە تکات لێدەکەم شتێک ئامادەبکەیت، تا پێشکەشی خوداکانی باوکم بکەم. تا بیخۆن بەچاوی ڕەزامەندی سەیری بکەن.

دایکی وەک چۆن داوای لێکرد، وایکرد. ئەبرام خواردنەکەی پێشکەشی بوتەکان کرد. بەڵام هیچیان دەستیان بۆ نەبرد بیخۆن. ئەبرام بە گاڵتەوە گوتی: ڕەنگە تامیان بەدڵ نەبێ، یان خواردنەکە کەمبێ. بەڵاگێڕییەکی گەورەتریان بۆ دەکەم. و هەوڵدەدەم خواردنەکە خۆشتربێ.

بەو شێوەیە ڕۆژی دووەم دوو مەنجەڵ خواردنی خۆشتری بۆ ئامادەکردن. کەچی ئەو ڕۆژەش، هەروەک ڕۆژی پێشتر بوو. بۆیە بەسەرسوڕمانەوە گوتی: هاوار بۆ باوکم و ئەو نەوەیەی لەتاریکی دان. هاوار بۆ ئەوانەی دڵیان ئارەزووی هیچ گومان ناکا. و وێنەیەک دەپەرستن، نە دەبینێ، نە دەبیستێ، دەمی هەیە و قسەناکا، نەدەخوا، نە دەبینێ. گوێی هەن نابیستێ ودەستی هەن و ناجوولێن. پێی هەن و ناڕوا (تێبینی: ئەوە لە زەبووریش دووبارە بۆتەوە) چیتری لەدەست دێ؟ مەگەر تەنیا ئاسنەک بێنی و بوتەکانی پێ بشکێنی. کە بوتەکانی شکاند، بێجگە لە بوتە گەورەکەیان نەبێ. دوای تەواوبوون، ئاسنەکەی لەدەستی ئەو دانا. کە ئەو بوتە گەورەیە، ئەو کارەی کردووە.

دەنگ و زرمەی شکانی گەیشتە گوێی تارەح. بەپەلە چووە ژوور، و بەرەوە
رووی بوتە شکاوەکان و ئەو خواردنەی ئەبرەهام پێشکەشی کردبوون. بە
ڕقەوە هاواری بەڕووی کوڕەکەیدا کرد. ئەو کارە چییە کردووتە؟ ئەبرەهام
وەڵامی دایەوە: خواردنێکی خۆشم بۆ هێنان بەڵام نەیان ویست.

ئەبرەهام وەڵامی دایەوە: کەواتە پەرستنت بۆ خودایەک، نە هەستی هەیە. نە
هێزی شتێکی تێدایە؟ خودایەک بەبێ یارمەتی تۆ، هیچی پێناکرێ.
پاڕانەوەی تۆ نابیستێ؟ ئەوە خراپە کە تۆ و هاوشێوەکانت دەیکەن. پەیکەری
بەرد و دار دەپەرستن. خوداتان لەبیر چووە، کە ئەفرێنەری زەوی و هەر
شتێکی نێوانیان [142].

ئەو چیرۆکە لە تالمود زۆر درێژە بۆیە لێرە وازی لێدێنم!!

بە بەراوردی نێوان هەرچوار دەقی قورئان و تالمود، بۆمان دەردەکەوێ. کە نووسەری قورئان سوودی لە کەلەپووری ناوچەکە وەرگرتووە، کە سەرچاوەیەک بووە بۆ تالمودیش. چونکە تالمود لە نێوان سەدەی ٣ تا ٦ زایینی کۆکراوەتەوە[143]. بۆیە دەبێ سەرچاوەی هەردووک قورئان و تالموود چیرۆک و ئەفسانەکانی ناوچەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بن.

---

[142] The Babylonian Talmud (1918) Volume 8

[143] بۆ زانیاری زیاتر، بروانە پەراوێزی لاپەڕە

# موژدەی لەدایکبوونی ئیسحاق

## لە قورئان

قورئان - سورة الحجر ١٥: ٥١ - ٥٦

هەواڵیان دەربارەی میوانەکانی ئیبراهیم پێبدە (٥١) کاتێ چوونە ژوور بۆ لای گوتیان: سەلامت لێبێ. گوتی: بەڕاستی لێتان دەترسین (٥٢) گوتیان: مەترسە. ئێمە موژدەت دەدەینێ تۆ کوڕێکی لێزانت دەبێ (٥٣) گوتی منێکی هێندە پیر، بەچیم موژدە دەدەنێ؟ (٥٤) گوتیان: ئەو موژدەی پێمان دای، ڕاستەو دەبێ و هیوابڕاو نەبی (٥٥) گوتی: جا کێ لە میهرەبانی خودا بێ هیوایە، مەگەر گومراکان (٥٦) [144].

## لە تەورات

تەورات - ئەفراندن ١٨: ١ -٥

(١) ئینجا یەزدان لەلای دار بەڕووەکانی مەمرێ بۆ ئیبراهیم دەرکەوت، لەو کاتەدا کە لەبەر گەرمای ڕۆژ، لە دەرکی چادرەکەیدا دانیشتبوو. (٢) سەری هەڵبڕی و بینی وا سێ پیاو لە نزیکی وەستاون. کاتێک ئەوانی بینی، لە دەرگای چادرەکەیەوە بەرەو ڕوویان ڕایکرد، و کڕنۆشی برد و سەری

---

[144] سورة الحجر ١٥: ٥١ -٥٦

خسته سەر زەوی (٣) ئینجا گوتی: گەورەم، ئەگەر جێی ڕەزامەندیتم، بەسەر خزمەتکارەکەتدا تێمەپەڕە. (٤) با تۆزێک ئاو بهێنرێ و پێتان بشۆن. لەژێر دارەکە پاڵ بدەنەوە (٥) پارووە نانێکیشتان بۆ دێنم هەتا بەری دڵتانی پێ بگرن و پاشان تێپەڕن. چونکە ئێوە بۆ لای خزمەتکارەکەتان هاتوون.[145]

دواتر لە هەمان دەق بەردەوام دەبێ:

تەورات ـ ئەفراندن ١٨: ١٠ ـ ١٤

(١٠) ئینجا خودا فەرمووی: بێگومان ساڵێکی دیکە ئەم کاتانە دێمەوە لات و سارای ژنیشت کوڕێکی بووە

ساراش لە دەرگای چادرەکەی خۆیەوە کە لە پشتی ئەمەوە بوو، گوێی گرتبوو. (١١) ئەبرەهام و سارا دوو پیری بەساڵدا چووبوون. ساراش تەمەنی منداڵبوونی بەسەرچووبوو. (١٢) سارا لە دڵی خۆیدا پێکەنی و گوتی:ئایا لەدوای ئەوەی لە کەڵک کەوتووم و مێردەکەم پیر بووە، خۆشیم بۆ دەبێت؟

(١٣) ئینجا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: بۆچی سارا پێکەنی و گوتی: وا من پیر بووم، ئایا بەڕاستی منداڵم دەبێت؟ (١٤) هیچ شتێک هەیە بۆ خودا ئەستەم بێت؟ ساڵی داهاتوو لە کاتی دیاریکراو دێمەوە لات و ساراش کوڕێکی بووە [146].

---

[145] تەورات ـئەفراندن ١٨: ١ ـ٥

[146] تەورات ـئەفراندن ١٨: ١٠ ـ١٤

له تالمود تەنیا ئەوە هاتووە: خودا سارای بەسەرکردەوە، لە تەمەنی پیری سکی پڕبوو و کوڕێکی بۆ ئەبرەهام بوو.

هەردوو دەقەکە لە قورئان و لە تەورات وەک یەکن. کەچی لە قورئان دا ئیبراهیم دەترسێ. بەڵام لە تەورات دەزانێ میوانەکەی کێیە و کڕنۆش دەبا. کەچی لە هەردوو دەقەکان هەمان هەواڵە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاکاری دینەکان. کە دەتوانرێ لە دوو خاڵ دیاربکرێ:

١- ئەبرەهام چەند جارێک خودای لە نزیکەوە بینیووە و ڕاوێژی لەگەڵ کردووە و فەرمانبەرداری ئارەزوو و خواستەکانی خودا بووە. کەچی لە قورئان ئەوە جوبڕائیلە محمد دەبنێ و فەرمانەکانی خودای پێ ڕادەگەیێنێ.

٢- پەیوەندی خودا و ئەبرەهام لەسەر ئاستێکی نزیک و پەیوەندی بە سەرجەم گەلی ئیسرائیلەوە هەیە. بۆیە دەبینین خودا، هەمیشە نەرمە و گوێ لە ئەبرەهام دەگرێ. کەچی لە پەیوەندی نێوان خودا و نووسەری قورئان خودا بە سام و تۆقێنەرە، باکی بەتاکی موسوڵمان نییە. تەنیا ئارەزووەکانی خۆی و پەیامبەرەکەی ڕەچاودەکا. هەر ڕۆژە بە فەرمانێک و گەف و گوڕی نوێ جوبڕائیل دەنێرێ. بۆیە کاتی باسی ئیبراهیم دەکات خودا وەک تۆقێنەرێک نیشان دەدا. و ئیبراهیم نایشارێتەوە، کە نایناسێ و لێیان دەترسێ.

# ئیبراهیم و بەڵاگێڕکردنی یەک لە کوڕەکانی

یەک لە چیرۆکە هەرە ناسراوەکانی ناو هەر سێ دینە ئیبراهیمییەکان، ئەوەیە کە خودا داوا لە ئیبراهیم دەکا کوڕە تاقانەکەی بکاتە بەڵاگێڕ. تا لەڕێیەوە ملکەچی و باوەڕی خۆی پیشانی خودا بدا. لە قورئان سورەتی الصافات باسی ئەو بەڵاگێڕکردنە دەکات، کە بریتیە لە ٧ ئایەت.

# بەڵاگێڕکردن لە قورئان

قورئان - سورة الصافات ٣٧: ١٠٢ - ١٠٨

کاتێ گەیشتە تەمەنێک کە توانی بەرگە بگرێ. گوتی: کوڕی خۆم! من لە خەونمدا وام دیوە تۆ سەر دەبڕم. خۆت چۆنی لێکدەدەیتەوە؟ گوتی: باوکە، هەر شتێ پێت سپێردراوە، بە جێی بێنە! خودا حەزبکا، بەم زوانە تێدەگەی کە منیش لە خۆڕاگرانم (١٠٢) کاتێ هەردوو ملکەچ بوون و لەسەر ڕوو درێژیکرد (١٠٣) بانگمان کرد: ئەی ئیبراهیم! (١٠٤) ئەوا خەونەکەت هاتەدی. ئێمە ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە (١٠٥) دیارە ئەوە تاقیکردنەوەیەکی ئاشکرابوو (١٠٦) ئێمە ئەومان بە بەڵاگێڕییەکی هەرە گەورە کڕیەوە (١٠٧) واشمانکرد نەوەی دوای ئەویش هەر بە چاکە باسی بکەن (١٠٨) [147].

لە دەقی تێکستی قورئان بە هیچ شێوەیەک باس لەوە ناکات کام لە کوڕەکانی دەبێ بەڵاگێڕ بکرێ. ئەوەش کێشەی بۆ ڕاڤەکارانی ئیسلام دروستکرد. کە بە ناچاری بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە لە مێژووی پیرۆزی دین. کەوتنە هۆنینەوە و لێکدانەوەی بابەتەکان بەشێوەیەک کە بتوانن پشتڕاستی گریمانەکەی خۆیان بکەنەوە. کە ئیسماعیلە بەڵاگێڕ دەکرێ، نەک ئیسحاق.

# بەڵاگێڕکردن  لە تالمود

فەرمانی پەروەردگار بۆ ئەبرەهام هات: ئێستا ئەو کوڕەی خۆشت دەوێ، لە بەڵاگێڕگا وەک بەڵاگێڕی، پێشکەشیکە. لەسەر چیایەک کە بۆت دیاردەکەم.

---

[147] قورئان -سورة الصافات ٣٧: ١٠٢ -١٠٨

کاتی فرمان بۆ ئەبرەهام هات، تووشی خەمۆکیەکی گەورەبوو. بە ئازار و دڵەڕاوکێ، لەبەر جیاکردنەوەی ئیسحاق لە دایکی.

دواتر کاتی سارا بەو هەواڵە دەزانێ زۆر خەمبار دەبێ. بۆ بەیانی دوای لەخەو هەڵسان، بە ئەبرەهامی گوت: بیبە گەورەم. ئەو شتە بکە کە گوتت. باڵام کوڕیژگە زۆر دوور ببە. لەبەر چاوی منی دوورخەرەوە. ئەبرەهام گوتی: فەرمانی خودایە، لە پێناوی بەختەوەری کوڕەکەت. بەختەوەری من و بەختەوەری تۆ.

ئەبرەهام و ئیسحاق لەگەڵ دوو کوڕەکەی تر ڕۆیشتن. ئەوانیش ئیسماعیل کوری ئەبرەهام و ئێلعیزەر بوون. لە ڕێگا ئیسماعیل لەگەڵ ئێلعیزەر قسەیکرد و گوتی: باوکم دەیەوێ ئیسحاق بکاتە بەڵاگێڕ لە بەڵاگێڕگە. من دەبمە میراتگری. و من کوڕی نۆبەرەشم. ئێلعیزەر گوتی: نەخێر تۆ باوکت لەماڵ دەریکردی و بەو پییەش، هیچ میرات ناگری. بەڵکوو ئەوە منم وەک خزمەتکارێکی دەستپاک، گشت میراتەکە دەگرم.
کاتی گەیشتنە ئەوێ ئیسحاق بە باوکی گوت: باوکە، ئەوە ئاگر و دار. ئەی کوا بەرانەکە بۆ بەڵاگێڕی؟ ئەبرەهام وەڵامی دایەوە: ڕاستی پەروەردگار تۆی هەڵبژاردووە کوڕم، ئەفرێندراوێکی بێ هەڵە. بەڵاگێڕی ئاگرەکە ئەوە، لە جیاتی بەران.
ئیسحاق گوتی: کەواتە وا من کڕنۆش بە گوێڕایەڵی دەبەم، بە سەنا و سوپاسگوزارییەوە، بۆ ئارەزووی خودا.
ئەبرەهام گوتی: ئەی کوڕەکەم، هیچ شتێک هەیە تۆ لە دڵتدا لێی بترسی؟ یان خەیاڵێک بە بیرتابێ؟ ئەگەر شتی وا هەیە، لە پێشم بیڵێ. شەرم مەکە کوڕەکەم. هیچ شتێک لەمن مەشارەوە، لەو کاتە مەزنەدا!!.

ئیسحاق وەڵامی دایەوە: بەگیانی خودا باوکە، دڵم هیچ شتێکی خراپی تێدانییە. هیچ شتێک لە دڵم دانییە، دوودڵی لێیکەم. پیرۆزە کە ئەوڕۆ پەروەردگار منی هەڵبژاردووە[148].

ئیتر شێوەی سەرمۆنیەکە وەک تەورات بەردەوام دەبێ....

## بەڵاگێڕکردن لە تەورات

تەورات- ئەفراندن ٢٢: ٢ - ١٨

(٢) ئینجا خودا فەرمووی: کوڕەکەت، تاقانەکەت، ئەوەی کە خۆشت دەوێت، ئیسحاق، ببیە و بڕۆ خاکی مۆریا. لەوێ بیکە بەڵاگێڕی سووتاندن، لەسەر یەکێک لە کێوەکان کە خۆم پێت دەڵێم.

(٣) بۆ بەیانی ئەبرەهام زوو لە خەو هەستا و گوێدرێژەکەی کورتان کرد. لەگەڵ خۆیدا دووان لە خزمەتکارەکانی و ئیسحاقی کوڕی برد، داریشی بڕی بۆ بەڵاگێڕ سووتاندن. ئینجا هەستا و بەرەو ئەو شوێنە چوو کە خودا پێی فەرمووبوو. (٤) لە ڕۆژی سێیەم ئەبرەهام چاوی هەڵبڕی و لە دوورەوە شوێنەکەی بەدی کرد.(٥) ئیتر ئەبرەهام بە دوو خزمەتکارەکەی گوت: ئێوە لێرە لەگەڵ گوێدرێژەکە دانیشن، من و کوڕەکەم، هەتا ئەوێ دەچین. کڕنۆش دەبەین و دەگەڕێینەوە لاتان.

(٦) ئەبرەهام داری بەڵاگێری سووتاندنەکەی هەڵگرت و خستییە سەر پشتی ئیسحاقی کوڕی، خۆشی ئاگر و چەقۆکەی هەڵگرت، هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. (٧) ئیسحاق بە ئەبرەهامی باوکی گوت: باوکە!

---

[148] The Babylonian Talmud (1918) Volume 8

ئەویش وەڵامی دایەوە: ها کوڕم؟
ئیسحاق گوتی: ئەوەتا ئاگرەکە و داری سووتاندنەکە، ئەی کوا بەرانەکە کە بۆ بەڵاگێڕی سووتاندنەکەیە؟
(٨) ئەبرەهام وەڵامی دایەوە: خودا بۆ خۆی بەرانێک بۆ بەڵاگێڕی سووتاندنەکە دابین دەکات، کوڕم. ئیتر هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن.
(٩) کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی خودا پێی فەرمووبوو، ئەبرەهام بەڵاگێڕگایەکی دروستکرد و دارەکانی لەسەر ڕێکخست، ئیسحاقی کوڕی بەستەوە و خستییە سەر بەڵاگێڕگاکە لەسەر دارەکان. (١٠) ئیتر ئەبرەهام دەستی درێژکرد و چەقۆکەی هەڵگرت هەتا کوڕەکەی خۆی سەرببڕێت.(١١) بەڵام فریشتەی خودا لە ئاسمانەوە بانگی کرد و گوتی: ئەبرەهام !ئەبرەهام!
ئەویش وەڵامی دایەوە: ئەوەتام
(١٢) پێی گوت: دەست بۆ کوڕەکە مەبە و هیچی لێ مەکە. ئێستا زانیم تۆ لە خودا دەترسیت، چونکە لە پێناوی من دەستت بە کوڕە تاقانەکەتەوە نەگرت
(١٣) ئەبرەهام چاوی هەڵبڕی و بینی وا بەرانێک لەدوایەوە لەناو دەوەنەکە بە هەردوو قۆچی گیربووە. ئەبرەهام چوو و بەرانەکەی گرت و سەری خست، وەک بەڵاگێڕی سووتاندن لە جیاتی کوڕەکەی.1(١٤) ئیتر ئەبرەهام ئەو شوێنەی ناونا، (خودا دابینی دەکات). کە هەتا ئەمڕۆش دەگوترێت، لەسەر کێوی خودا دابین دەکرێت.
(١٥) فریشتەکەی خودا جارێکی دیکە لە ئاسمانەوە ئەبرەهامی بانگکرد و (١٦) گوتی: خودا دەفەرموێت سوێندبێت بە خۆم، لەبەر ئەوەی تۆ ئەمەت کرد و دەستت بە کوڕە تاقانەکەتەوە نەگرت، (١٧) بێگومان بڕشتت دەدەمێ. و نەوەکەت وەک ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان و وەک لمی سەر کەناری دەریا زۆر دەکەم. نەوەت دەبێتە میراتگری دەرگای دوژمنەکانی (١٨) لە

ڕێگەی نەوەی تۆشەوە هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی بڕشتیان دەبێ،
چونکە تۆ گوێڕایەڵی فەرمایشتەکەی من بوویت [149].

ئەگەر سەیرێکی ئەو گێرانەوەی قورئان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ ،کە سەرچاوەی ئەو چیرۆکە تێکەڵاویەکە لە نێوان تەورات و تالمود. ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی نزیکبوونی نووسەری قورئان، لە کەلەپووری یەهوودی. ئەوەش بە هۆی ماڵە خاڵەکانی عبدالمطلبی باپیرەی بنی نجاڕ لە یەثرب و تیکەڵاویان لەگەڵ هۆزی خەزاعەی یەهودی. بەکورتی ناوەرۆکی ڕووداوەکەی لە نێوان تەورات و تالمود کە بە هۆی کەلەپووری زارەکی خەڵکی وەرگرتووە و ئەو ئایەتانەی لێ هەڵێنجاون. ئەگینا لە هەردوو دەقەکانی تەورات و تالمود، بەبێ ڕەچاوکردنی کەمێک جیاوازی لە ووردەکاری ناوەرۆکی چیرۆکەکە. کەچی پەیامی هەمان ناوەرۆک دەگەیێنن. سەرەڕای ووردەکاری زیاتر لە تالموود دا.

لەلایەکیتر لەکاتی ڕۆیشتن بۆ بەڵاگێرگا بێجگە لە ئەبرەهام ئیسحاق دوو کەسیتریان لەگەڵدان. لە تەورات هەردووکیان خزمەتکارن. کەچی لە تالموود دوو کەسەکان ئیسماعیلی کوڕی ئەبرەهام و خزمەتکارەکەی ئێلعیزەر. هەرچەندە جیاوازییەکە زۆر کەمە کەچی بە بوونی ئیسماعیل و گفتوگۆی لەگەڵ ئێلعیزەر شتەکان ڕەوتێکی تر وەردەگرن.

---

[149] تەورات -ئەفراندن ٢٢: ٢ -١٨

# موسوڵمانان و کێشەی بەڵاگێڕکردنی یەک لە کوڕەکانی ئیبراهیم

بەڵاگێڕی ئیبراهیم بۆ الله، لە نێوان ئیسحاق و ئیسماعیل لە قورئاندا. تەنیا لە سورەتی (الصافات) دا هاتووە. سەرەڕای ئەوە دیارنییە ئیبراهیم دەیەوێ کام کوڕی سەرببڕێ. کەچی موسوڵمانان تێکڕا هەم لە ڕاڤە و هەم لە ووتاری ڕۆژانە، دەڵێن ئیسماعیلە. کەچی ئەو بۆچوونە لە قورئان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی، پشتڕاستی ناکاتەوە. بە هیچ شێوەیەک ناوی هیچ کام لە کوڕەکانی ناهێنێ..

لەدەقی ئایەتەکان تەنیا باسی ئەوە دەکا، کە ئیبراهیم خەونی بینیوە کوڕێکی سەردەبڕێ. لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ کوڕەکەی. ناوی ناهێنێ کامەیانە، دەیەوێ سەری ببڕێ. ئەو شێوە دەربڕینەی قورئان، لە سەرەتای دەوڵەتی ئیسلام و دوای کۆچی دوایی محمد، لە ناو موسوڵمانان بۆ یەکلاکردنەوەی، کە ئایا کامە کوڕیانە، ئیسحاقە یان ئیسماعیل کێشەی گەورەی دروستکرد. و تا گەیشتە ئەو ئاستەی موسوڵمانانی بەرایی کردبووە دوو (بەرە) بەش .(ثعلبی النیسابوری) دەگێڕێتەوە:

موسوڵمانانی بەرایی سەبارەت بە سەربڕینی کوڕەکەی بووبوونە دووبەش. ئەوانەی دەیانگوت ناوی ئیسحاق بوو، بریتی بوون لە عومەری کوڕی خەتاب، عەلی کوڕی ئەبی تالیب و دواکەوتووەکانیان وەک کعب الاحبار. ئەوانەی کە دەشیان گوت نەخێر ئیسماعیل بووە، بریتی بوون لە عبدالله کوڕی عومەر، سعید کوڕی المسیب و الشعبی. هەرچەندە ثعلبی النیسابوری باسی چۆنییەتی چارەسەری ئەو ناکۆکییە ناکا [150]. بەڵام بۆمان ڕوونە، کە کێشەکە

---

[150] الثعلبی ابو اسحاق. قصص الانبیاء المسمی عرائس المجالس ص ٩١

له نێوان دوو نەوەی دوای یەکە. ئەوەش نیشانەیەکە، بە نەمانی نەوە بەراییەکە، کێشەکەش یەکلایی بۆتەوە کە ئیسماعیلە.

دواتر بۆ پشتڕاستکردنەوە و ڕایی کردنی موسوڵمانان، لە کەلەپووری ئیسلام زۆر هەوڵێتر دراوە. نموونەیەک لەو هەوڵانە ئەوە یە کە محمد کوڕی دوو سەربڕینە (ابن الذبیحین). مەبەست لە دوو سەربڕین یەکیان باوکی خۆی بوو (عەبدوللا) کە باپیری عبدولموطلب خەریک بوو بیکاتە بەڵاگێڕ بۆ خودای هەبل. ئەوەش عبدوالمطب کاتی خۆی پەیمانی بە خودای هەبل دابوو. کە ئەگەر ١٠ کوڕی ببێ دەیەمیان دەکاتە بەڵاگێڕ و سەری دەبڕێ. دەیەمین کوڕی عبدالله بوو. کە ویستی لە پاڵ کەعبە بیکاتە بەڵاگێڕ و سەری ببڕێ. دووەمیش ئیسماعیلی باپیرەی دوورە دەستی، بە پێی ڕاڤەکارانی موسوڵمان خەریک بوو بکرێتە بەڵاگێڕ بۆ خودای ئێل [151].

نموونەیەکی تر لەو هەوڵدانانە، ئەوەیە کاتی الله فەرمانی بە ئیبراهیم کرد، کوڕە تاقانەکەی سەرببڕێ. لە وەرگێڕانی بۆ عەرەبی کراوەتە: (تاقانەی پێش ئیسحاق). دەقەکە بەمەستی پشتڕاستکردنەوەی کە ئیسماعیلە، کاتی ئیبراهیم دەیەویست بیکاتە بەڵاگێڕ، دەستکاری کراوە. نووسینەکەی تەورات لە عەرەبی شێوێندراوە. بەڵام لەوەش سەرنەکەوتوون چونکە لەدەقی بنەڕەتی بە عیبری (پێش ئیسحاق) نییە. بەڵکوو وەرگێڕی عەرەبی بۆی زیادکردووە [152].

تەورات ـ ئەفراندن ٢٢: ٢

---

[151] القمنی، سید محمود. النبی ابراهیم و التاریخ المجهول ص ٨٠

[152] ابن کثیر. البدایه و النهایه ج١ ص ١٤٩

(٢) ئینجا خودا فەرمووی: کوڕەکەت، تاقانەکەت، ئەوەی کە خۆشت دەوێت، ئیسحاق. بیبە و بڕۆ خاکی مۆریا. لەوێ بیکە بەراگێری سووتاندن، لەسەر یەکێک لە کێوەکان کە خۆم پێت دەڵێم

لەجیاتی ئەوە لە عەرەبی کراوەتە: (ئەو کوڕە تاقانەی پێش ئیسحاق).
ئەو دەستکارییە بە مەبەست بووە. دەکرێ لەبەر دوو هۆ بووبێ: یەکەم گونجاندنی لەگەڵ ئەو ئاڕاستەیەی کە ڕاڤەکارانی ئیسلام بانگەیژیان بۆ دەکرد. ئەوەش هەوڵدانێکە بۆ گونجاندنی لە چوارچێوەی، پلانەکە بۆ گۆڕینی سەرجەمی چیرۆکەکە. دووەم لەبنەڕەتدا ئەو تێگەیشتنە، سەرچاوەکەی لە سورەتی الصافات ئایەتی ١١٢ وەرگرتووە.

وَبَشَّرْنَاهُ بِإِسْحَاقَ نَبِيًّا مِنَ الصَّالِحِينَ (الصافات ٣٧: ١١٢)
موژدەی ئیسحاقمان پێدا، کە دەبێتە پەیامبەرێک، لە لێهاتووەکان (الصافات ٣٧: ١١٢) [153].

موسوڵمانان بەپێی ئەو ئایەتە باوەڕیان وایە، خودا مزگێنی بە ئیبراهیم داوە، کە ئیسحاق دەبێتە نەبیەکی لێهاتوو. بۆیە دەبێ ئەوە ئیسماعیل بێ، کە خودا داوای کردووە بکرێتە بەڵاگێڕ. و ئیبراهیم خەریکی ئامادەکردنی بووە بۆ سەربڕین [154].

---

[153] قورئان -سورة الصافات ٣٧: ١١٢

[154] القمنی، سید محمود. النبی ابراهیم و التاریخ المجهول ص ٨٠

# کێشەی لوت و خەڵکی سەدوم و لەناوبردنیان

چیرۆکی نەتەوەی لوت، وەک سزای خودا بۆ تاوانباران، بە سەدان جار بیستوومانە.  بەڵام ئەوەمان نەزانیووە ئەو چیرۆکە یەکێک لە ئەفسانەکانی سەبارەت بە ئیبراهیمە. و لە تەوراتیش بەسەرهاتەکە پڕ ووردەکاری دەگێڕێتەوە. دواتر لە قورئانیش دووبارەی بۆتەوە. با سورەتی الحجر و سورەتی العنکبوت بخوێنینەوە و دواتر بەراوردێک لەگەڵ تەورات بکەین.

## ڕووداوی لوت لە قورئان

### قورئان - سورة الحجر ١٥: ٥٧ - ٧٥

گوتی: ئێوە ئەی نێردراوان! چ کارێکی گرنگتان هەیە؟ (٥٧) گوتیان: ئێمە بۆ سەر گەلێکی تاوانبار ناردراوین. (٥٨) مەگەر تەنیا خاو و خێزانی لوت، کە هەموویان ڕزگار دەکەین (٥٩) بێجگە لە ژنی، کە بڕیارمان داوە ئەو لە ڕێزی تیاچوان دابێ (٦٠) کاتی نێردراوەکان بە میوانی چوونە ماڵی لوت (٦١) گوتی: ئێوە کێن ناتان ناسین (٦٢) گوتیان: ئێمە شتێکمان هێنا، ئەوانە لێی دوو دڵبوون (٦٣) ڕاستیمان بۆ تۆ هێناوە و ئێمە درۆت لەگەڵ ناکەین (٦٤) کاتی شەو ڕاشکا، تۆ خاو و خێزانت بەرە. و خۆت لە دوایان بەڕێکەوە. کەسیش ئاوڕ نەداتەوە. بۆ ئەو شوێنە بڕۆن کە فەرمانتان پێدراوە (٦٥) بە ووردی کارەکەمان بۆ ڕوونکردەوە، کە لە گزنگی بەیانی ئەوانە دوابڕاو دەبن (٦٦) خەڵکی شاریش، بە هەلهەلێ لێدان موژدەیان دەدایە یەکتری (٦٧) گوتی: ئەوانە میوانی منن، ڕووزەردی ئەوانەم مەکەن (٦٨) لە خودا بترسن و ئابڕووم مەبەن (٦٩) گوتیان: ئەدی پێمان نەگوتی، نابێ

کەس لێت نزیک نەبێتەوە؟ (٧٠) گوتی ئەوا کچەکانم، چیتان دەوێ وەرن لەگەڵ ئەوان بیکەن (٧١) دە سوێند بە گیانی خۆت، ئەوانە لەبەر مەستی، سەرگەردان بووین (٧٢) لەگەڵ گزنگی هەتاو شریخەیەکی بەهێز لێیدان (٧٣) شارمان سەراوژێرکرد و بارانێکمان لە خڕکە بەرد بەسەر داباراندن (٧٤) بەڕاستی لەسەر ئەو ڕووداوە زۆر بەڵگە هەن بۆ ئەوانەی کە بیردەکەنەوە (٧٥) [155].

## قورئان - سورة العنكبوت ٢٩: ٣١ - ٣٢

ئەوساش کە نێردەکانمان موژدەیان برد بۆ ئیبراهیم. گوتیان: دەبێ خەڵکی ئەو شارە قڕکەین. چونکە دانیشتوانەکەی ستەمکارن (٣١) گوتی: هەڵبەتە لوتیش هەر لەوێیە. گوتیان: ئێمە چاک دەزانین کێ لەوێیە. خۆی و خاو و خێزانی، جگە لە ژنەکەی ڕزگار دەکەین. کە ئەو لە تیاچوانە (٣٢) [156].

## ڕووداوی لوت لە تالمود

لە تالمود زۆر چیرۆک و بەسەرهات لەسەر خەڵکی سەدوم و خراپەکاریان هەیە. بەڵام هیچ شتێک سەبارەت بە شەڕو داگیرکاری

[155] قورآن -سورة الحجر ١٥: ٥٧ -٧٥

[156] قورآن -سورة العنكبوت ٢٩: ٣١ -٣٢

یان بەردبارانی خودا نییە. بەڵکوو بە دوو ڕستە نووسراوە: لەسەر ئەو کارە خراپانە، سەدوم و چوار شاری دەوروبەری، بە ئاگری ئاسمان کاولبوون. هیچ کەس لەو خەڵکە رزگاری نەبوو. بێجگە لە لوت و خێزانی. ئەوەش لەبەرخۆشەویستی خودا بۆ بەندەی چاک و گوێڕایەلی ئەبرام [157].

## ڕووداوی لوت لە تەورات

تەورات ـ ئەفراندن ١٩: ٢٣ ـ ٢٦

(٢٣) کاتێک خۆر بەسەر زەویدا هەڵهات، لۆت گەیشتە ناو زۆعەر.(٢٤) ئینجا خودا گۆگرد و ئاگری بەسەر سەدۆم و عەمۆرا داباراند. لەلایەن خوداوە ، لە ئاسمانەوە، (٢٥) هەموو ئەو شارانە، دەوروبەرەکەیان و هەموو دانیشتووانی شارۆچکەکان و ڕووەکی زەوییەکەشی لەگەڵدا سەرەوژێر کرد. (٢٦) بەڵام ژنی لۆت سەیری دواوەی کرد، جا بووە ستوونێکی خوێ [158].

157 The Babylonian Talmud (1918) Volume 8

158 تەورات ـئەفراندن ١٩: ٢٣ ـ٢٦

# هاوپەیمانی ئەبرەهام لەگەڵ سەدوم

ئەوەی جێگای سەرنجە، زووتر سەدوم هیچ کێشەیەکی لەگەڵ خودا و ئەبرەهام و لوت نەبووە. تەنانەت ئەبرەهام بۆ هاوکاری پاشای سەدوم بە لەشکرێک لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، لە دژی داگیرکەران بەرەو سەدم دەڕوا. ئەوەش لە تەورات ئەفراندن دەقی ١٤، کاتێ شاری سەدوم دەکەوێتە بەر هێرش و داگیرکردنی ئەمرافیل پاشای شەنعار و هاوپەیمانانی، یەک لەوانەی کە بە دیل دەگیرێ لوتی برازای ئەبرەهامە. بۆیە ئەبرەهام دریخی لە هاوکاری کردنی پاشای سەدوم ناکا، دەچێتە ناو شەڕ و بۆ هاوکاری پاشای سەدوم دژی دوژمانی و سەردەکەوێ.

تەورات ـ ئەفراندن ١٤: ١ ـ ٤

(١) وا ڕوویدا کە لە سەردەمی ئەمرافەلی پاشای شینعار (وولاتی کلدان) و ئەریۆکی پاشای ئەلاسار و کدارلاعۆمەری پاشای ئیلام و تیدعالی پاشای گۆئیم، (٢) ئەمانە جەنگیان بەرپا کرد لە دژی بەرەعی پاشای سەدۆم و بیرشەعی پاشای عەمۆرا و شینئابی پاشای ئەدما و شەمێڤەری پاشای چەبۆئیم، لەگەڵ پاشای بەلەع کە شاری زۆعەرە. (٣) هەموو ئەمانە لە دۆڵی سیدیم هێزەکانیان یەکخست، کە ئێستا پێی دەگوترێت دەریای مردوو. (٤) بۆ ماوەی دوازدە ساڵ ژێردەستەی کدارلاعۆمەر بوون، بەڵام لە ساڵی سێزدەمین لێی یاخی بوون [159].

دواتر بەردەوام دەبێ:

(١٣) یەکێک لە دەربازبووان هات و بە ئەبرامی عیبرانی ڕاگەیاند. ئەو کاتە لەلای دار بەڕووەکانی مەمرێی ئەموری، براکەی ئەشکۆل و عانێر،

---

[159] تەورات ـ ئەفراندن ١٤: ١ ـ ٤.

نیشتەجێ بوو. ئەمانیش لەگەڵ ئەبرام هاوپەیمان بوون. (١٤) کاتێک ئەبرام بیستی کە برازاکەی ڕاپێچ کراوە، بانگەوازی بۆ خزمەتکارە مەشقپێکراوەکانی دەرکرد کە لەدایکبووی ماڵەکەی بوون و سێ سەد و هەژدە کەس بوون، ئیتر هەتا شاری دان بەدوایان کەوت. (١٥) کە شەویش داهات خۆی و پیاوەکانی دابەش بوون، جا هێرشی بردە سەریان و تەفروتونایان کردن و تاکو حۆڤا دەریپەڕاندن، کە لە باکووری دیمەشقە. (١٦) جا هەموو شتومەکەکان و هەروەها لۆتی برازای و شتومەکەکانی و ژنەکان و خەڵکەکەی هێنایەوە

(١٧) دوای گەڕانەوەی ئەبرام لە بەزاندنی کدارلاعۆمەر و پاشاکانی دیکەی هاوپەیمانی، پاشای سەدۆم لە دۆڵی شاڤێ کە دۆڵی پاشایە بۆ پێشوازیکردنی هاتە دەرەوە [160].

لە تەورات ئەفراندن دەقی ١٩ تەنیا باسی ستەمکاری و دوودڵی خەڵکی سەدوم، بەرامبەر خودا ونوێنەرانی دەکا. کەچی لە قورئان خەڵکی سەدوم لەبەر نێربازی تاوانبارن و دەبێ بسووتێن. ئەوەش لە هەردوو بارەکەدا یەک ڕێکەوتەیە. ئەگینا لە قورئان دووبارە نەبۆتەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجدانە، بەپێی تەورات، سەردەمی پێش ئەو کارەساتە. نێوان خەڵکی سەدوم و ئیبراهیم و خودا دەبێ باش بووبێ. بۆیە هاوپەیمانی یەکتر بووین. ئەگەر وا نەبوایە بەبێ فەرمانی خودا ئیبراهیم هاوپەیمانی نەدەکرد. بۆیە دەبێ ئەو خراپەکارییە ئەودەمە دەرکەوتبێ کە گەیشتۆتە ماڵی لوت و سەخڵەتکردنیان. هەرچەندە نازانین سەخڵەتییەکە لەسەر تەنیا قۆڵبرینە وەک تالمود یان نێربازییە وەک قورئان دەڵێ. لە هەردوو بارەکە سەدوم دەسووتێ و خەڵکی دەباز نابێ. هۆکارەکەی جیایە.

---

[160] هەمان سەرچاوە ١٤: ١٣ -١٧

# بەشی حەوتەم
# سەفەر و دەربەدەرکردنی هاجەر و ئیسماعیل لەلایەن ئەبرەهامەوە

## سەفەری ئیبراهیم و هاجەر و ئیسماعیل بۆ باشوور

لە قورئاندا ئیبراهیم بەرەو حیجاز دەڕوا. لێرەشدا دەبینین، هەرچەندە وەک دەربەدەرێک کەوتۆتە وڵاتی حیجاز لە دوورگەی عەرەبی. کەچی بەبێ ڕوونکردنەوەیەکی چۆن و لەبەرچی؟ دوای سەردانی بۆ ئەو وڵاتە. ڕاستەوخۆ لەلایەن الله ئەو خاکەی پێی بەخشراوە. بەڵام هەر دەگاتە ئەوێ. ئیسماعیلی کوڕی لەگەڵ هاجەری دایکی لەوێ بەجێ هێشتووە.

لە پەرتووکی ڕاڤەکارانی ئیسلام زێدە ڕۆییەکی بێ ئەندازەی تێدایە. هەرچەندە هەندێکیان دووبارەکردنەوەی قورئان و هەندێکی تریان بە زێدەڕۆییەوە لە کەلەپووری ئیسرائیلی وەرگیراون [161]. نموونەیەکی بەرچاوی ڕاڤەکارانی ئیسلام دێنینەوە. کە چۆن لە چیرۆک هۆنینەوە دریخی ناکەن. لێرەدا بوراقیش هێنراوەتە ناو چیرۆکی سەفەری ئیبراهیم بۆ دوورگەی عەرەبی:

---

161 القمنی، سید محمود. النبی ابراهیم و التاریخ المجهول ص ٣٥

ابو عبدالله محمد بن سعد دەگێڕێتەوە کە ئیبراهیم بە سواری (بوراق)، ئیسماعیلی لە پێش خۆی و هاجەریش لە پشتی سواری بوڕاق بووین، هاتوونەتە مەککە، لە تەنیشت (بیت) ئیسماعیل و دایکی دابەزاندوون. خۆی بەرەو شوێنێکی تر ڕۆیشتووە و دوایی گەڕاوەتەوە [162].

بە پێی ئەو بۆچوونە دەبێ ئیبراهیم دوای بەجێ هێشتنی هاجەر و ئیسماعیل لە مەککە. خۆی بەرەو شوێنێکی تر ڕۆیشتبێ. چەندین ساڵ دواتر گەڕاوەتەوە بۆ عەرەبستانی حیجاز و هەڵساوە بە بنیاتنانی ماڵی خودا (کەعبە) کە هەر لە سەردەمی جاهیلی لای عەرەبان پیرۆز بووە. و بە شوێنی وەستانی ئیبراهیمی دادەنێن. ئەوەش لە سورەتی آل عمران وەک بنیات نەر ناودەبر.

سورة آل عمران ٣: ٩٦ - ٩٧

یەکەمین ماڵ کە بۆ خەڵکی سازکراوە. ئەوەیە لە بەککە کە پیرۆزە و نیشانەی خودا ناسییە. بۆ گشت خەڵکی جیهان.(٩٦) لەوێ چەند بەڵگە و نیشان هەن. یەکیان شوێن وەستانی ئیبراهیمە [163].

قورئان بە دڵنیاییەوە باس لە بوون و بنیاتی کەعبە لە بەککە دەکات ( هەرچەندە ناکۆکی لەسەر ئەوە هەیە کە بەککە، مەککە بێ). بەڵام هیچ بەڵگەیەکی تر نییە، بێجگە لەو دوو ئایەتە. کە ئەو شتە پشتڕاستبکاتەوە. دوای ئەوە ڕاڤەکاران، وەک پیشەی خۆیان بەردەوام خەریکی هۆنینەوەی کالا بە بالای هەڵومەرجەکانن. بۆیە، باشتر وایە بزانین لە تەورات، چۆن باسی سەفەرکانی ئیبراهیم دەکا.

---

162 أبو عبدالله محمد بن سعد : الطبقات الكبرى. ج ١، ص ٥٠

163 قورآن -سورة آل عمران ٣: ٩٦ -٩٧

لە بنەڕەتدا سەفەری ئەبرەهام، لە چەند جێگایەکی تەورات دا هاتووە. کە باسی نجب (نەقەب) دەکا. ئەوەش وای لە ڕاڤەکارانی ئیسلام کردووە. کە ئەوکۆچکردنەی ئیبراهیم بەرەو نیمچە دوورگەی عەرەبی. بەتایبەتیش حیجاز. دەبێ هاتبێتە مەککە و کەعبەی بنیات نابێ.

تەورات لەو سێ پەرەگرافە باسی سەفەری ئەبرەهام دەکا:

- ئەبرام لەمیسرەوە بەرەو نەقەب (نجب) بەڕێکەوت (تەورات ئەفراندن ١:١٣)
- ئەبرام لەوێوە گواستیەوە بۆ خاکی نەقەب (نجب). لە نێوان قادش و شوور لە گرار دوورکەوتەوە (٢٠: ١)
- سبەی بەیانی زوو ئەبرهام لە خەو هەستا و نان و مەشکەیەک ئاوی هێنا و دایە هاجەر. خستییە سەر شانی و لەگەڵ کوڕەکە بەڕێی کرد. ئەویش ڕۆیشت و لە چۆڵەوانی بیری شەبەع وێڵ بوو (تەورات - ئەفراندن ٢١: ١٤)

لێرەدا دەبێ هەڵوێستەیەک لەسەر ووشەی نجب بکەین کە بە عەرەبی، بە (جنوب) لێکدراوەتەوە. بۆ زیاتر تێگەیشتن چ لە ماناکەی و چ لە پرۆسەی سەفەرەکەی، دەبێ لە دوو ڕەهەندەوە بەدواداچوون و ڕوونکردنەوەی بۆ بکرێ.

لێتۆژەرەوان هەوڵیاندا بۆ ڕاڤەکردنی ووشەی (نگڤ) کە ووشەیەکی لە بنەڕەتدا عیبرییە، دەکاتە نەقەب یان بیابانی نەقەب لە باشووری ئیسرائیل. بەڵام ڕاڤەکارانی موسوڵمان بە باشوور (جنوب) وەریانگێڕاوە. ئەوەش بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەگەڵ سەفەری ئیسماعیل بۆ حیجاز بگونجێ [164]. یەکەم شت، بەڕێکردنی هاجەر لەگەڵ ئیسماعیل، بەرەو باشوور نییە. بە ڕوونی لە تەورات دیاریکراوە بۆ چۆلەوانی بیر شەبەع بووە.

---

[164] القمنی، سید محمود. النبی ابراهیم و التاریخ المجهول ص ٧٤ -٧٥

تەورات ـ ئەفراندن ٢١: ١٤

سبەی بەیانی زوو ئەبرەهام لە خەو هەستا و نان و مەشکەیەک ئاوی هێنا و دایە هاجەر. خستییە سەر شانی و لەگەڵ کوڕەکە بەڕێی کرد. ئەویش ڕۆیشت و لە چۆڵەوانی بیری شەبەع وێڵ بوو (تەورات ـ ئەفراندن ٢١: ١٤)

بە پێچەوانەوە ئەبرام لەگەڵ سارا و لوتی برازای بەرەو نجب یان نەقەب بەڕێ دەکەون، تەورات بە ڕوونی دەنووسێ:

تەورات ـ ئەفراندن ١٣: ١

(١) ئیتر ئەبرام خۆی و ژنەکەی و هەرچییەکی هەبوو، لەگەڵ لۆت لە میسرەوە چووە نگڤ (نەقەب) [165].

ووشەی نجب کە دەکاتە (نەقەب). گۆڕینی بۆ جنب یان جنوب ئاسانە. بۆیە دەرفەتێکە بە مەبەستێکی تایبەتی بە باشوور (جنوب) لێکی بدەنەوە. تا بتوانن ئەوە پشتڕاستکەنەوە، کە سەفەری ئەبرەهام بۆ باشوور بووبێ. ئەو سەفەرەی کە لەگەڵ سارا کردوویەتی. بۆ شوێنێک بووە لە شێوەی بەهەشت وایە. و وەک خاکی میسرە.

تەورات ـ ئەفراندن ١٣: ١٠

(١٠) لۆت چاوی هەڵبڕی و بینی هەموو دەوروبەری ڕووباری ئوردون ئاودارە. وەک بەهەشتی خودایە، وەک خاکی میسر [166].

---

165 تەورات ـ ئەفراندن ١٣: ١

166 هەمان سەرچاوە ١٣: ١٠

یەکەم ئەو سەفەرە دەبێ لەگەڵ هاجەر و ئیسماعیل بووبێ. نەک سارا و لوت. سەرەڕای ئەوەش، ئەو خاکەی کۆچی بۆ دەکەن، دەبێ وەک هەمان ژینگەی میسر بووبێ. ئەوەش لەگەڵ خاکی حیجاز نایەتەوە. کە دۆڵاییەکی ووشک و بێ کشتوکاڵە. هەرگیز ناتوانێ ئەو خاکەبێ، کە لە شێوەی بەهەشتی خودا، و ژینگەکەشی لە خاکی میسر بچێ. بۆیە باشووری ئیسرائیل ناوچەی نەقەب هەروەک تەورات باسیدەکا هەم گونجاوترە و هەمیش ناوی هاتووە. هەر ئەوەش وامان لێدەکا کە باوەر بەوە بێنین، بەپێی دەربڕینی تەورات. ئەو خاکەی کە ئەبرام لە میسر کۆچی بۆ کردووە، بێجگە نەقەب شوێنێکیتر نییە، ئەو ووشەیەش نەقەبە نەک باشوور (جنوب) [167].

## دەربەدەرکردنی ئیسماعیل و دایکی هاجەر لە تالمود

کاتێ تەمەنی ئیسحاق نزیکەی ٥ ساڵ بوو، ئیسماعیل ڕووی تیرەکەی تێکرد و هاواریکرد(ئێستا تێد دەگرم). کاتی سارا ئەو شتەی بینی، لە ژیانی کوڕەکەی ترسا. قینی دژی کارەکەرەکەی کەوتە دڵ. دەستی کردە گلەیی. و بەردەوام لای ئەبرەهام لەسەر کردەوەی کوڕە سوور بوو. داوای لە ئەبراهم دەکرد کە هەردوو هاجەر و کوڕەکەی لێرە دووربخرێنەوە. و بیاننێرن لە شوێنێکی دیکە بژین. بۆ ماوەیەک ئیسماعیل و دایکی لە بیابانی (پاران) فاران دەژیان. دوایی چوونە میسر. لەوێ ئیسماعیل ژنێکی هێناو چوار

[167] القمنی، سید محمود. النبی ابراهیم و التاریخ المجهول ص ٩٩

کوڕی لێ بوون [168] ناوی ئیسماعیل وەرگەڕانکە لە نێوان تیپی سین و شین (یشمع - ئیل) کە دەکاتە (ئێل گوێی لێبوو) خودا بیستی.

بیابانی پاران یان چۆلەوانی پاران ئەو شوێنەیە هاجەر و ئیسماعیلی کوڕی بە فەرمانی ئەبرەهام لە دەربەدەری لێی دەژیان. کە لە تەورات بە چۆلەوانی بیر شەبەع هاتووە. دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی نیمچە دوورگەی سینا. لە باشوور سنووری دەگاتە دەریای سوور. و لە باکووریش پاران سنووری دەگاتە قادش و بیر- شبع [169].

سەرەڕای ئەوە پاولۆس ئۆرۆسیوس (٣٨٥ - ٤٢٠ ز) لە مێژووی جیهان لە بەشی جوگرافیای جیهانی کۆن و سنووری وولاتان. سەبارەت باشوور و باکوور لە میسری کۆن. هەندێک پێچەوانەیە. پاولۆس لە پەرتووکەکەی دا، ئەو ناوچەیەی کە پێی دەگوترێ (میسری باشوور)، دەڵێ مەبەست لە میسری باکوورە.

لێکۆڵەرەوان باوەڕیان وایە کە ئۆرۆسیوس لە میسری باشوور مەبەستی ناوچەی دێلتای نیلە. کە لە میسرەوە بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست دەبێتەوە [170].

ئەو تێگەیشتنەش لەوەوە دێ، لەو سەردەمەدا ئاڕاستەی باکوور و باشوور، بەپێی ئاوەڕۆی ڕووبارەکان بووە. کە دەڵێین باشووری میسۆپۆتامیا مەبەست ئاراستەی ڕووباری فوراتە بەرەو باشوور. بۆیە دەڵێن ئور لە باشووری میسۆپۆتامیایە. بە هەمان شێوە ئاڕاستەی ڕووباری نیل لە باشووری میسرەوە بەرەو دەریای ناوەڕاست بووە. بۆیە جێگۆڕکێ لە نێوان باکوور و باشوور ڕوویداوە.

---

168 The Babylonian Talmud (1918) Volume 8

169 Jewish Virtual library. A project of Aice

170 Paulus Orosius (1965) The seven books of history against the pagans. World history, Ancient. Pp 62

ئاوەڕۆی نیل کە لە سودانەوە بۆ میسر و دەریاسپی ناوەڕاست دێ، بەرەو باکوورە، وا لێکدراوەتەوە کە دێڵتای نیل باشوورە. ئەوەش زیاتر دژی ئەو بۆچوونەی ڕاڤەکارانی ئیسلام و قورئانە، کە بەرەو باشوور کۆچی کردبێ. بۆیە هەروەک چۆن لە تەورات ئاماژەی پێکراوە. دوورگەی عەرەبی و بەدیاریکراویش حیجاز نەبووە. بەڵکوو کۆچیان بەرەو خاکی کەنعان کردووە.

بۆ زیاتر پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆ چوونەش لە تەورات ـ ئەفراندن دەقی ٢٠: ١ـ ٢ بە ڕوونی دەردەبڕێ.

تەورات ـ ئەفراندن دەقی ٢٠: ١ـ ٢

> (١) ئیبراهیم لەوێوە بەرەو زەوی نەقەب کۆچی کرد و لەنێوان قادێش و شووردا نیشتەجێ بوو. لە گرار ئاوارە بوو.(٢) ئەبرەهام سەبارەت بە سارای ژنی گوتی: ئەو خوشکمە. ئینجا ئەبیمەلەخی پاشای گرار ناردی و سارای برد [171].

بەو دو پەرەگرافەی تەورات، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هیچ کام لە ئەبرەهام و ئیسماعیل کۆچیان بۆ باشوور نەکردووە و دوورگەی عەرەبیشیان نەبینیوە.

---

[171] تەورات ـئەفراندن دەقی ٢٠: ١ ـ٢

# بەشی هەشتەم
# ئیبراهیم و کێشەی ساخکردنەوەی کەراکتەری

# بەشی هەشتەم
# ئیبراهیم (ئەبرەهام) و تەمومژی پاشخانی

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین ئەبرام ،ئەبرەهام یان ئیبراهیم لە ڕوانگەیەکی تر و دیمەنێکی تر پیشان بدەین. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کەسایەتییە لە مەیدانێکی فراوانتر و گۆشەنیگای تر ببینین و هەڵسەنگێنین.

ئەگەر لە سەرجەمی ژیان و کەسایەتی ئەبرام ووردبینەوە، بێجگە لە تەمومژ و لێڵی تا دەگاتە ناکۆکی چیرۆک و ئەفسانەکان، هیچیترمان دەست ناکەوێ. ئەستەمە سەرچاوەیەک یان بەڵگەیەکی جێ متمانە بدۆزیتەوە. کە بتوانێ بوون و پرۆسەی ژیان و کارەکانی پشتڕاست بکاتەوە. لە ناو پەرتووکە پیرۆزەکانی هەر سێ دینە ئیبراهیمیەکانیش، بێجگە لە ناکۆکی لەنێوان پەرتووکی دینە جیاوازەکان، ئەوا ناکۆکی لەناو دەقەکانی هەر پەرتووکێکیشدا هەن. ئەوەش دەمانگەیێنێتە ئەو دەرئەنجامەی، کە دەبێ بە دوای سەرەداوی تردا بگەڕێین. جا چ لە ڕووی ئەفسانەکان و یان شوێنەواری کەراکتەری تردا. کە بتوانێ لە بواری مێژوویی و کۆمەڵایەتی، ببێتە هاوکارێک بۆ تێگەیشتن و گەیشتنە دەرئەنجامێکی لۆژیکی.

با جارێکیتر سەر بەسەر پەرتوکەکانی یەهودی و ئیسلام دابگرینەوە. بە هەناسەیەکی قووڵ و لەسەرخۆ، کۆچی ئەبرام لە ئوری کلدانی بەرەو خاکی کەنعان بخوێنینەوە. ئەگەر بە هوشیاری دەقەکان لێکدەینەوە، ئەوا بە ئاسانی هەستێکی نامۆ و بە گومان لە سەر ئەو کۆچکردنە دروست دەبێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، بەپێی تالمود و قورئان بە فەرمانی

نەمروود دەخرێتە ناو ئاگر و دەبێ بسووتێ. لەو کاتدا خودا فەرمان بە ئاگر دەکات ساردبێ و نەیسوتێنێ. لەلایەکی تر هاوکات بەپێی تەورات، کە سەرچاوەی هەردوو تالمود و قورئانە ئەبرام وتارەحی باوکی، لە ئور کۆچ دەکەن، بەرەوە خاکی کەنعان. هیچ گرفتێکیش لە نێوانیان دانییە. بە پێچەوانەوە ئەبرام، تەنیا ئەندامێکی گوێڕایەڵی باوکییەتی . لێرەدا دەبێ هەڵەیەک هەبێ. چونکە لۆژیک ڕێ نادا. مرۆڤ بسووتێنرێ و شەڕی ئاگر و خودا، لەسەر سوتاندنی جەستەی ئەبرام بەردەوام بێ . کەچی لە هەمان کاتدا، وەک ئەندامێکی گوێڕایەڵ و بەرفەرمانی باوکی، بەبێ هیچ هۆیەکی دیارکۆچ بکا. چونکە لە تەورات، هیچ هۆکار یان هێزێک نییە، بووبێتە پالنەری ئەو کۆچ کردنەیان. نە ترسێک یان ڕاونانێک نییە، بۆ ئەوی وولاتی کلدان بەجێبێڵن. بەڵکوو ئەوە تارەح باوکی ئەبرام بەمەبەستی خاکی کەنعان دەستپێشخەری ئەو کۆچەی کردووە.

بە ڕەچاوکردنی ئەو ٣ خاڵەی خوارەوە، دەتوانین گومان بخەینە سەردروستی سەرجەم ئەو پرۆسەی سوتان و کۆچ کردنەی ئەبرەهام:

١. گومان دەکرێ تێکەڵاوکردنێک لە نێوان ئور ur و ئۆر or دروست بووبێ. لەبەر ئەوەی ئور شارێکی کلدانی بووە لە بەری ڕۆژئاوای قەراخی ڕووباری فورات. و ووشەی ئۆر لە سانسکریتی بە مانای ئاگر دێ [172].

٢. گومانێکی تر ئەوەیە، نەمروود وەک کەسایەتییەکی بەشدار لە پرۆسەی ژیانی ئەبرام، جێگای باوەڕ نییە. چونکە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە. نەمروود لە گەڵ ئەبرام (ئیبراهیم) هاوکات نەبووین. و لە سەردەمی جیاواز ژیاون. هەرچەندە هەم لە تەورات

---

[172] العجمی، ا.د فالح شبیب )٢٠٠٦ (صحف إبراهیم. جذور البراهمیه من خلال نصوص الفیدا و مقارنتها بالتطبیقات و الروایات التاریخیه ص ٢١٨

و هەم تالمود ناوی هاتووە و لە قورئانیش ناڕاستەوخۆ لە سورەتی البقرە ئایەتی ٢٥٨ ئاماژەی پێدەکا. بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناوی نابا.

٣. گرفتێکی تر هەیە ئەویش لە لیستی پاشایانی سۆمەری و بابلی، هیچ پاشایەک نییە ناوی نەمرود بێ. هەرچەندە هەندێک لە ڕاڤەکارانی دین دەڵێن نەمرود مەبەست لە (ئەمرافیل)ی پاشای شەنعارە. کەچی لە ئەتلەسی ئینجیل دەڵێ ئەمرافیل پاشای شەنعار[173]؛ حامورابی خۆی بووە[174] کە هاوکاتی ئیبراهیم بووە. و لە وولاتی بابل بۆ داگیرکاری چووە بۆ سەدوم.[175] بەڵام ئەو بۆچوونە ناتوانێ جێی متمانەبێ. چونکە ئەمرافیل تەنیا لە تەورات و تالمود داهاتووە. سەرای ئەوە لە تالمود ئەمرافیل سەرۆکی پاسەوانانی نەمرود بووە. هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی یان شوێنەوارناسی نەیتوانیووە، کەسایەتی ئەمرافیل بسەلمێنێ.

سەبارەت بە حامورابی (١٧٩٢ - ١٧٥٠) هەرچەندە بە پێی لێکدانەوەی مێژوو، هاوکاتی ئیبراهیمە (دەوروبەری٢٠٠٠ -١٧٠٠ پ.ز). بەڵام بە ووردبوونەوەیەکی سەرپێی بۆمان دەردەکەوێ، ئەوەش ڕێی تێناچێ. ڕاستە حامورابی لەو سەردەمە ژیاوە. و داگیرکاریشی کردووە.[176] بەڵام داگیرکارییەکانی، تەنیا دۆڵی میسۆپۆتامیا و هەندێک ناوچەی ئەناتۆلیای گرتۆتەوە. بە هیچ شێوەیەک، پەلی نەهاویشتۆتە خاکی شام و کەنعان، کە لەو دەمەدا بەپێی تەورات دەبێ ئەبرام و لوت و خێزانەکانیان، لەوێ ژیابن و شەڕەکانیش، هەر لەوێ ڕوویاندابێ. سەدومیش کە ئەمرافیل داگیری کردووە. و تاڵانی کردووە، و لوتی برازای ئیبراهیمی بەدیل گرتووە. دەکەوێتە خاکی کەنعان.[177]

---

[173] شەنعار لە کۆندا ناوی ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا بووە.
[174] Smith. S Early history of Assyria to 1000 BC. Pp 70 -71
[175] ئەفراندن ١٤: ١-٩
[176] Westmister historical Atlas to the Bible pp 234
[177] Wikipedia

سەرەڕای ئەوە مێژوونووس و شوێنەوارناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە نەمرود و شوێنەواری لە ئور نین. بەڵکوو دەکەونە باکووری میسۆپۆتامیا. یان چیای نەمرود لە ناوچەی ئەدیامان. کە شارێکی کوردیە. وکورد بە (سێمسوور) ناوی دەبەن. ئەدیامان دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ (یان ئەناتۆلیا) لە تورکیا. بۆ ڕوونتر دەستنیشانکردنی شوێنی، دەکەوێتە باشووری شاری مەلاتیە لە کوردستانی باکوور.[178]

بەم شێوەیە ناتوانین لەوە زیاتر هەنگاو بۆ ساخکردنەوەی نەبی ئەبرام باوێین. بۆیە دەبێ شوێنی تر و کوێرە ڕێی تر هەبێ، کە بتوانێ لە گەڕان بو دۆزینەوەی ئەو مرۆڤە ئەنجامێکی باشتری هەبێ . ئەوەش بە ڕەچاوکردنی گشت ئەو ئاکارانەی کە هەیەتی. لەگەڵ زەمینەیەکی ڕێخۆشکەر بۆ ژیان و ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر دین و کۆمەڵگە.

---

[178] هەمان سەرچاوە

# لە ڕێگای ئاوریشمەوە، بە شوێن پێی نەبی ئیبراهیم بەرەو ڕۆژهەڵات

دوای ئەو هەموو گەڕانە بە دوای ئیبراهیم (ئەبەرهام) دا و ئەو پاشخانە مێژووییە لێڵە. چەند پرسیارێک سەر هەڵدەدەن. ئەو مرۆڤە دەبێ کێ بووبێ؟ و چی کارە بووە؟ ئەوە بێجگە لە ڕۆڵ و کاریگەری مێژوویی و دینی ئەو کەسایەتییە. بۆیە پێویستە لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەین. سەرەڕای ئەوەی پەرتووکی پیرۆزی هەرسێ دینەکان یەهودی، کریستیانی و ئیسلام، بە هەموو ناکۆکییەیان، وەک چەقی پیرۆزی هەرسێ دینەکەی دەبینن. و بەردەوام ناوی لە کات و ناکات دووبارە بێتەوە. کەچی لە بواری زانستی مێژوودا هیچ شتێک سەبارەت بەو مرۆڤە بوونی نەبێت!! سەرەڕای ئەوەی پەرتووکی تەورات هەم ڕەچەڵەک و هەم کۆچ و ڕەوەکانی و تا مردنیشی دیاری دەکات. کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت نە شوێنەوارناسان توانیویانە شوێنەواری بدۆزنەوە. نە لە پرۆسەی مێژووی مرۆڤایەتی و پەرەسەندن و جولانی کۆمەڵگەکان توانیویانە شتێکیان، سەبارەت بە ژیان و بوونی دەستکەوێت.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش، بەرەچاوکردنی هەندێک تایبەتمەندی کاراکتەری ئەبرەهام و کولتوور و کەلەپووری ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و خاکی کەنعان. دەبێ بەلای کەمی چاوێک بە ڕەوتی پەرەسەندنی دین و هاموشۆکانی بازرگانی و کۆمەڵایەتی نێوان میسۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتدا بخشێنین. ڕەنگە لە حەشارگەیەکی ناو تووڵە ڕێکانی بەرەو ڕۆژهەڵات، شوێن پێکانی و کەراکتەری بدۆزینەوە.

عصام الدين حفنی ناصف ئاماژە بەوەدەکا، کە لە ناوچەی میسۆپۆتامیا ئەفسانەیەک بەناوی (براهما) بەر لە یەهودییەکان لە ناوچەکە دا بلاو بووبووەوە. کە لە بنچینەدا لە خاکی هیندستان

و ئێران و دەوروبەری بڵاوبووبووەوە، و خەڵکی ئەو ناوچانە بە کەسایەتی و ئاکارەکانی ئاشنابوون. بە پێی تێپەڕبوونی کات، و لە ڕێگەی پەیوەندی و تێکەڵاوی گەلانی ناوچەکانی هیندستان و ئێران، گەیشتبووە خاکی میسۆپۆتامیا. لێرەدا لەگەڵ ئەفسانەکانی ناوچەکە تێکەڵاو بووە. و توانیویەتی ببێتە یەک لە کاریگەرترین بیروباوەڕی میسۆپۆتامیا.

بەپێی تێپەڕبوونی کات ئەو بیروباوەڕە، نەک تەنیا جێگای خۆی کردۆتەوە. بەڵکوو بۆتە سەرچاوەی پەرستن. و لە دەروونی کۆمەڵگەی سۆمەری جێگای خۆی کردۆتەوە. هەر بەو پێیەش توانیویەتی، ببێتە سەرچاوەیەکی پیرۆزی پەرستن. لێرەدا نووسەر دەوەستێ و زیاتر قووڵ نابێتەوە. تا بتوانین لەوەوە سەرداوێک بۆ هەوڵدان لە دۆزینەوەی ئەبرەهام و ڕەوتی پاشخان و چۆنییەتی کاریگەری لەو ناوچەیە بدەین [179].

لەلایەکیتر لە ڕۆژهەڵاتی میسۆپۆتامیا تا دەگاتە هیندوستان لەو سەردەمە ودواتریش تێکەڵاوییەکی نزیک لە نێوان ئەفسانەکانی دینی هیندۆسی و ئەفسانەکانی کەلەپووری گەلێری هیندی هەبووە. ئەو تێکەڵاویە تا ئێستاش هەر ماوە و هەمان پیرۆزی لە دەروونی خەڵکی دا هەیە. بە تایبەتی ئەفسانەکانی لە (ڕێک - ڤیدا) ڤیدای کۆن دا هاتوون کە کۆنترین دەقەکانن. و بەشێکن لە ئەفسانەی هیندی بەگشتی. لەوانە چیرۆکی براهما و ڤیشنۆ و شیڤا. کە بوونی براهما وەک هێزی خودایی، دەبێتە سەرچاوەی دینی هیندۆسی لە هیندوستان.

لەلایەکی تریش بنچینەی کەلەپووری هیندییە[180]. هەروەها دەکرێ ئەفسانەی ئەبرەهامیش بێ. جا گەر ئەو گریمانەیە، ڕاستبێ و بتوانرێ پشتڕاست بکرێتەوە. ئەوە دەتوانین زیاتر لەو گریمانەیە قووڵببینەوە. و نیشانەی تر لەسەر باوەڕی یەکتاپەرستی براهمایی و بڵاوبوونەوە و کشانی بەرەو وڵاتی سۆمەرییەکان بەدەست بێنین.

---

179 عصام الدین حفنی ناصف (١٩٨٥) الیهودیه بین الاسطوره و الحقیقه ص ٦٠

180 ڕێبوار، سەلاح (٢٠١٧) لە سۆراخی لافاوی نوحدا. هەر لە دۆندی ئاراراتەوە تا قووڵاییەکانی دەریای ڕەش

جا ئەگەر ئەو باوەڕە ڕاستەوخۆ بنیاتنەری ئەو کەسایەتییەش نەبێ. ئەوە بە دڵنیاییەوە تێکەڵاوی و کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دروستبوونی کەسایەتی ئەبرەهام هەبووە. ئاکار و ڕەوتی ژیانی براهما و دروستبوونی کەسایەتی، لە ناو دینی هیدۆیزم. کە دواتر هاتبێتە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا. گومانی تێدا نییە ئەو کاریگەرییەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. بۆتە سەرچاوەی هەم ئەبرەهام وەک چەقی یەکتاپەرستی و باوکی بەنی ئیسرائیل و دینی یەهوودی. تا شۆڕبوونەوەی، وەک چەقی پیرۆزی بۆ ناو هەر سێ دینە ئیبراهیمییەکان .
ئەو شێوە پەرەسەندن و تێکەڵاوییەش لە ناو گەلانی جیهان، لە ڕوانگەی مێژووی کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکی ئاساییە بۆ پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی دین.

دکتۆر جواد علی لەو باوەڕەدایە کە بیروباوەڕ و کولتوور و ئەفسانەکانی سۆمەری، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کەنعانییەکان هەبوو. کەنعانییەکانیش بە ڕۆڵی خۆیان، کاریگەرییان لەسەر ڕابەرانی دینی یەهودی هەبوو. کە پەرتووکی موسایان دەنووسییەوە. ئەوەش بەو مانایە دێ کە دینی یەهودی لە هەناوی ئەو چیرۆک و ئەفسانانە بەرهەم هاتووە، کە لە خاکی میسۆپۆتامیا و خاکی کەنعان باو بووین. بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ لە کەلەپوور و ئەفسانەکانی ناوچەکە ڕەنگی داوەتەوە. دواتر بەپێی تێپەڕبوونی کات، بوونەتە هەوێنی دروستبونی ئەفسانەی ئیبراهیم (ئەبرەهام) و مێژووی چوار هەزار ساڵەی هەرسێ دینەکان [181].

دوای پەیدابوون و پەرەسەندنی دینی یەهودی و بڵاوبوونەوەی، توانرا لەو ئەفسانە بەربڵاوە، شێوەی مرۆڤێکی پیرۆز بەرجەستە بکەن. واتە لە براهمای خودا و باوەڕەوە گۆڕیان بۆ مرۆڤێکی پیرۆز و پێشڕەوێکی خودایی.

---

[181] علی، دکتور جواد (١٩٩٣) مفصل فی تاریخ العرب قبل الإسلام. جلد الاول. ص ٥٥٣

هاتنی کەسایەتی براهما لە هیندوستانەوە بەڕێگای ئێران و میسۆپۆتامیا، گەیشتبێتە خاکی کەنعان گریمانەیەکی لۆژیکی بەهێزە. بۆیە دەکرێ هەر لەوێوە دەرگای بەدواداچوون و بەراوردکردن بخەینە سەرپشت. بۆ گشت ئەگەرەکانی تر و گەیشتنە دەرئەنجامێک.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کاتی یەهودیەکان بۆ ماوەی نیو سەدە لە کۆیلایەتی دەستەڵاتی نەبوخدنەسەر دابوون. لەو ماوەیەش ئەزرای نووسەر (عذراء الکاتب) توانی ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی کۆبکاتەوە و تۆماریان بکا. خۆ دەبێ دواتر لە نووسینەوەی تەورات کەسایەتی ئەبرامیان وەک باوکی دینە سامییەکان لێ بەرجەستەکردبێ. ئیتر بە درێژایی مێژوو لە ناو کەلەپوور و تێکستە پیرۆزەکان، نەک تەنیا ڕەنگی دابێتەوە. بەڵکوو وەک کەرەکتەرێکی سەرەکی، بووبێتە ستوونی ڕاگیرکردنی سێ دینە ئیبراهیمیەکان.

ئەگەر لە کەسایەتی ئەبرەهام (ئیبراهیم) و ووردەکاری ژیان و ئاکار و کردەوەکانی لە تەورات وورد ببینەوە. سەرەڕای تەومژ و گومبوون، لە تارمایی و توونێلەکانی مێژوو. کەچی لە دەقەکانی ئەفراندن کەسایەتییەک بەدی دەکەین، کە دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ، جارێکیتر، بتوانین ئەبرەهام و ڕەوتی مێژوویی دووبارە دابڕێژینەوە و لە چەندین خاڵ و هەلومەرجدا، بیکەینە نموونەیەک بۆ بەراوردکردن. تا دەگاتە دۆزینەوەی ئەو کەسایەتییە و ئەو کوێرەڕێیانەی کە پێیاندا تێپەڕیووە و گەیشتۆتە ئەو پیرۆزییەی کە هەیەتی.

با بۆتاوێکیش بێ، شوێن پێی ئەبرەهام بەرەوە هیندوستان هەڵبگرین و لە گەڵ خودای براهما لە بەرامبەر یەک ڕایانبگرین . بۆ ئەوەی بتوانین هەرچۆنی بێ هەردوو دیمەنی ئەبرەهام و براهما لەگەڵ یەکتری بەراورد بکەین.

بە ووردبوونەوەیەک لە پەرتووکی ڤیدای پیرۆز، دەبینین هەموو ئەو ڕەوتانەی، کە پێیەوە بەندن، کەسایەتییەکە بەپێی دەقەکانی سانسکریتی (براهمایە). و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش

بە ئەبرەهام ناسراوە [182]. ئەوەش لە ڕێگەی بەراوردکردنێکی ورد، ژیان و ئاکارەکانی ئەو دوو کەسایەتییە (براهما و ئەبرەهام). سەرئەنجام بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو کەراکتەرە، براهما لە ڤیدا. تا ئاستێکی سەرسوڕهێن، لەگەڵ کەسایەتی ئەبرەهام لە تەورات لەیەک دەچن. تا دەگاتە ئەو ئاستەی بتوانین بڵێین کۆپی یەکترین [183]. پەیوەندی براهما بە ئاگر، بەو پێیەی هێمای پەرستنە. سووتانی خزمانی نزیک و باسکردنی لە ڤیدا. هەرچەندە لە تەورات باسی ناکات. بەڵام لە تالمود و قوڕئان و کەلەپووری ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام و خاکی کەنعان بە وردەکارییەکی جوان باس لە پرۆسەی سووتاندنی ئەبرام (ئیبراهیم) دەکا. کە ئیبراهیم فڕێدەدرێتە ناو ئاگر، خودا فەرمان بە ئاگر دەدات کە ساردبێ و نەیسوتێنێ!! دیمەنێکە، لە هەردوو کەسایەتییەکەدا، پێچەوانەی یاسای فیزیکە. ناتوانێ لە ئەفسانەیەک زیاتر بێ.

[182] العجمی، ا.د فالح شبیب (٢٠٠٦) صحف إبراهيم. جذور البراهميه من خلال نصوص الڤيدا و مقارنتها بالتطبيقات و الروايات التاريخيه ص ٤٥

[183] هەمان سەرچاوە ل ٤

# خاڵە هاوبەشەکانی نێوان براهما و (ئەبرەهام) ئیبراهیم

لە بەشی پێشتر باسی ئەوە کرا، کە نیشانەی زۆر هەن ببنە بەڵگە، بۆ ئەوەی ئەبرەهام هەمان براهمای هیدۆزی بێ، و لە هیندستانەوە گەیشتبێتە میسۆپۆتامیا و بڵاو بووبێتەوە. و بیروباوەڕی ڕەگی لە ناو سۆمەرییەکان داکوتابێ و پیرۆزییەکەی و سێبەری بیروباوەڕی پەرەی سەندبێ. ئەوەش لەلایەک بەهۆی کۆچکردن و تێکەڵاوی گەلانی ئەو سەردەمە دیاردەیەکی ئاسایی بووە.

لەلایەکیتر وەک نووسەر و بیرمەندی عەرەب عصام الدین حفنی ناصف بەڕاشکاوی باسی ئەو دیاردەیە لە ناو گەلی سۆمەری دەکا [184]. بۆیە لەجێی خۆیەتی، بەراورد لە چەند لایەنێکەوە لە نێوان ئەو دوو کەسایەتیە (براهما و ئەبرەهام) بکەین. تا لەو ڕێگایەوە بتوانین، خاڵە هاوبەشەکانیان بدۆزینەوە. و بتوانین ئەو دوو کەراکتەرە ووردتر هەڵسەنگێنین :

١. براهما، بۆ پەرستن و پاکڕاگرتنی دەروون، دوو بنەمای بنچینەیی هەبووە، ئەوانێش:

- یەکەم بەڵاگێڕکردن.
- دووەم دەروون پاککردنەوە لە ئارەزووی دونیا و خۆدانە ڕەوانی (روح) و پەیوەندی بە جیهانی ئاسمان [185].

ئەو دوو بنەمایە هەردووکیان، لە ئەبرەهام (ئیبراهیم) زۆر بە ڕوونی دووبارە بوونەتەوە.

---

[184] عصام الدین حفنة ناصف، الیهود بین الاستور و الحقیقه ص ٦٠

[185] العجمی، ا.د فالح شبیب )٢٠٠٦ (صحف إبراهیم. جذور البراهمیه من خلال نصوص الڤیدا و مقارنتها بالتطبیقات و الروایات التاریخیه ص ٣٤

٢. هەردوو ناوەکانی (براهما و ئەبرەهام) یەکن. تەنیا جیاوازی ئەوەیە، لە بڕگەی یەکەمی ناوەکەدا یاساکانی دەنگی سانسکریتی، لە زمانە سامییەکان ئەستەمە بگونجێن. هەر بۆیەش بە تیپی بزوێن گونجاندوویانە براهما بۆتە ئەبرەهام.

٣. ئەگەر براهما لە ڕۆژئاوای سند بووە و ئیبراهیم لە ڕۆژئاوای فورات. هەردووکیان پەیوەندیان بە ڕووباری پیرۆزەوە هەبووە. کە لێی پەڕیونەتەوە. پەڕینەوەش لە ڕووبار مانای پاکبوونەوە و گۆڕان و گەیشتنە کۆمەڵگای بەرزتر.
ئەگەر سەرنج بدەین، شوێنی ئەبرەهام لە ناوچەکانی قەراخی ڕووباری هیندۆس بووە. ئەو ڕووبارەی لێشی پەڕیوەتەوە، دەبێ ڕووباری هیندۆس (گانگ) بووبێ. نەک ڕووباری فورات. وولاتی ڕەسەنی خۆشی دەبێ چیای میرۆ بووبێ. نەک شاری ئور وەک سەرچاوەکانی دین دەڵێن، کە دەبێ کۆچی کردبێ بۆ حاران [186].

لە کەلەپووری ئیسلامیش فورات یەک لە ڕووبارەکانی بەهەشتە. بەڵام ڕووباری گانگ، لە سەرجەم سەرزەمینی دینی هیندۆزی بە پیرۆز دادەنرێ.
لەلای یەهوودییەکان ڕووباری فورات سنووری جوگرافیای سرووشتییە لەسەر زەمینی خودا. و ئەو ڕووبارەیە کە ئەبرەهام لێی پەڕیوەتەوە.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە براهما لە ڕووباری گانگ لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە پەڕیوەتەوە بۆ ڕۆژئاوا، کەچی مەحاڵە ئەبرەهام لە فورات پەڕیبێتەوە. لەبەر ئەوەی ئور دەکەوێتە بەری ڕۆژئاوای فورات. کۆچی ئەبرام و تارەح بۆ خاکی کەنعان (ئیسرائیل) بەرەو ڕۆژئاوایە. هەرگیز لۆژیک رێگە نادا، لە رۆژئاوا بەرەو ڕۆژئاوا لە فورات پەڕیبنەوە. لەبەرئەوەی فورات دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئور.

---

[186] هەمان سەرچاوە ص ٢١٨

٤. هاوسەرەکانیان لە زمانی سانسکریتی (سارا‌سڤاتی Sarasvati). تیپی س لە دوای ناوی سارا تیپی پەیوەستییە بۆ بەستنەوەی بە ڤاتی vati- واتە پیرۆز. کە دەکاتە (Sara-s-vati) واتە (سارای پیرۆز). لە زمانە سامییەکان هاوسەری ئەبرەهام ناوی (سارای) بووە، دواتر بۆتە سارا. لە هەردوو پەرتووکی ڤیدا و تەورات، باسی جوانی بێوێنەی سارا و سارا‌سڤاتی دەکات [187].

٥. شتێکی تر وەک نیشانەیەک لە کاروباری هەردووکیاندا هەیە (لە ڕووبار پەڕینەوە) واتە پەڕینەوە بۆ قۆناخی پیرۆزی. لە وولاتی سند بەرەو (کۆمەڵگەی براهما) و لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ ( گەلی هەلبژاردەی خودا) [188].

٦. بەڵاگێڕکردنی براهما لە ڤیدا، و بیرۆکەی بەڵاگێڕی ئیبراهیم بە کوڕ بۆ خودا و دوایی گۆڕینی بە بەران. کە لە هەردوو تەورات و قوڕئان ئاماژەی پێکراوە [189].

٧. سەبارەت بە هاوسەری براهما سارا‌سڤاتی، وەک ژنێکی دەوڵەمەند، سەرچاوەی سامانی براهما بووە. بۆ بەڕێوەبردنی وولات. سامانی ئەبرەهام (ئیبراهیم) لە چیرۆکەکانی تەورات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیاریانەی کە فیرعەونی میسر و ئەبیمالخ پاشای گرار، لە دوای دەستیان لە سارا هەڵگرت وسامانێکی زۆریان دایە ئەبرەهام [190].

٨. هەردوو براهما و ئەبرەهام سەرەڕای ئەوەی گەورەترین کەسایەتی پیرۆزن. کەچی هیچ پەرستگایەکی تایبەتی خۆیان نییە. براهما لە ڕێگای خوداکانی تر دەپرسترێ. ئەبرەهامیش لە ڕێگای سێ دینەکە و پەرتووکی پیرۆز و پەرستگاکانیان ستایشی دەکرێ.

---

[187] هەمان سەرچاوە ص ٥
[188] هەمان سەرچاوە ص ٣
[189] هەمان سەرچاوە ص ٤
[190] هەمان سەرچاوە ص ٥

٩. شتێکی تریش هەیە ئەویش بەپێی کولتووری ناوچەیی هەردوو کەسایەتی لە یەک قۆناخی مێژوو دا دەرکەوتوون. کە دەکاتە دەوروبەری سەدەی ١٨ پ.ز. دوو ناوچەی کە خەڵکەکەی پەیوەندی بیروباوەڕ و تێگەیشتن لە نێوانیان ماوەیەکی دوور و درێژ هەبووە. ئاڵوگۆڕی شارستانی گەشەسەندنی لە هەر یەک لەو دوو سەرزەمینە، کە جیاوزییەکی کەمی جوگرافی هەیە [191].

١٠. لە ناو دەقەکانی ڤیدا، دوودڵی و دڵەڕاوکێی براهما، لە نێوان هۆکار و ئەنجام بە ڕوونی دیارن [192]. بە هەمان شێوە ئەو دیاردەیەش بە ئاشکرا لە ئاکارەکانی (ئەبرەهام) ئیبراهیم دەردەکەوێ. با وەک بەڵگە، لە ئایەتێک لە ناو قورئان ووردبینەوە:

سوره البقره ٢: ٢٦٠

> کاتی ئیبراهیم گوتی: ئەی پەروەردگارم، نیشانمدە. تۆ چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ گوتی: هێشتا باوەڕت پێ نییە؟ گوتی: بەڵێ، بەڵام دەمەوێ دڵنیابم. گوتی: کەواتە چوار باڵندە بگرە و لەتوپەتیان کە. پاشان هەر لەتێکیان لەسەر شاخێک دانێ و بانگیان کە. بە فڕکە دێنەوە لات. ئەوەش بزانە خودا چەند بە دەستەڵات و لێزانە [193].

١١. لە گشت خاڵەکان سەیرتر ئەوەیە کە قورئان باسی پەرتووکی ئیبراهیم دەکا.

---

[191] هەمان سەرچاوە ص ٥
[192] هەمان سەرچاوە ص ٢٩
[193] سوره البقره ٢: ٢٦٠

سورة الأعلى ٨٧: ١٨-١٩

دیاره ئەوەش لە نووسراوەکانی پێشتریش داهەیە (١٨) نووسراوەکانی ئیبراهیم و موسا (١٩) [194].

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئیبراهیم هیچ نووسراوێکی (پەرتووکێکی) نییە و لە هیچ شوێنێکی پەرتووکە پیرۆزەکانی تر باسی ئەوە نەکراوە. بۆیە نووسەری قورئان نەیتوانیوە ئەو مەبەستەی هەیەتی بەبێ هەڵە دەری ببڕێ. لێرەدا دەبێ، مەبەست لە ووشەی (صحف إبراهیم) کە لە قورئان و دوای ئەوش لە کەلەپووری ئیسلامیدا هاتووە. پەرتووکەکانی ڤیدابن. کە بە زمانی سانسکریتی نووسراون. کە بنچینەی کەلەپووری دینی و کولتووری هیندستانن. ئەوەش لە ماوەی ٤ هەزار ساڵ دەبێ، بە سەرچاوەیەکی زۆر پیرۆز لە سەر زەمینی هیندۆسیدا بەهای پیرۆزی هاوتایەکی تری نییە [195]. ئەوەش بەڵگەیەکی بە هێزە کە ئیبراهیم (ئەبرەهام) مەبەست لە براهما بووبێ.

جا ئەگەر ئەو دوو کەسایەتییە (براهما و ئیبراهیم) دوو وێنەی یەک کەس نەبن، کەواتە ئاماژەکردنی قورئان بە (صحف إبراهیم) تەنیا خەیاڵە و وەڵامێکی لۆژیکی نییە. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هیچ پەرتووکێک نییە بە هی ئیبراهیم دابنرێت، وەک پەرتووکی مووسا، عیسا و محمد .... هتد. کەچی لە ووڵاتی سند پەرتووکی ڤیدا هەیە، کە پەیوەندی بە کەسایەتی براهماوە هەیە. کەسایەتیەک هەمان ئاکار و کرداری ئەبرەهامی هەبووە.

١٢. لە ڤێدا باڵندە و کێو (چیا) دوو شتی زۆر پیرۆزن.

1. ڤێدا باسی ئەفراندنی باڵندە بە دوو باڵی جوانەوە دەکا.

---

194 سورة الأعلى ٨٧: ١٨-١٩

195 العجمی، ا.د فالح شبیب (٢٠٠٦) صحف إبراهیم. جذور البراهمیه من خلال نصوص الڤیدا و مقارنتها بالتطبیقات و الروایات التاریخیه ص ٢١٥

2. یان ئەو دوو باڵندەیەی کە یەکیان دەخوا و ئەویتر چاوەدێری دەکا
3. باڵندە سیمبۆلی خودایە لە خەیاڵی سۆفیزم و خودا پەرستی. باڵندە بە دوو باڵی جوان (خودایە) بە تاک و تەنیا [196].

لە قورئانیش لە چەندین ئایەت جوانی و پیرۆزی باڵندە دووبارە بۆتەوە. بەڵام ئێمە تەنیا سێ نموونە دێنینەوە:

آل عمران ئایەتی ٣: ٤٩

من لە پەروەردگارەوە هاتووم و نیشانەم بۆ هێناون. لە قوڕ شێوەی بالندەیەک دروست دەکەم. ئەوسا فووی پێدادەکەم دەبێتە باڵندە [197].

النور ٢٤: ٤١

ئەو باڵندانەی لە ئاسمانیش لەنگەر دەگرن، پەسنی خودا دەکەن [198].

٢. کێو (چیا) لە ڤێدا سەرچاوەی زانینە (معرفە): چیا هەمیشە خاڵی پەیوەندی خودایە بە مرۆڤ. هۆیەکە بۆ گەیاندنی ڕای خۆدا سەبارەت بە چەندییەتی ڕازیبوونی بە کارەکانی مرۆڤ.

---

[196] Bose, A.C. The call of the Vedas. Bhavan´s Book university. Vol.25 Ed.S.Ramakrishnan, 4th Edition. Mumbai (India): Bharatiya Vidya Bhavan1999.

[197] قران سورە آل عمران ئایەتی ٣: ٤٩

[198] قران سورە النور ٢٤: ٤١

بەهای کێو (چیا) وەک شوێنی پەرستن و پیرۆزلە دینی یەهودی بەهایەکی تایبەتی خۆ هەبووە. لە هەمان کاتدا بۆ خەڵکی ئاسایی قەدەخە بووە [199]. ئەوەش لە چەندین ئایەت قورئان دا دووبارە بۆتەوە.

١٣. سەرەڕای هەموو ئەوانەش زمانەوانی، مێژوویی، کولتووری و ئەنترۆپۆلۆژی لە نێوان ئەو دوو سەرزەمینە، زۆر لەیەک نزیکن. و مەودای جوگرافی نێوان هیندستان و میسۆپۆتامیا، ئەوەندە دوور نەبووە، تا ببێتە بەربەست بۆ گواستنەوەی بیرۆکەی دین یان کەسایەتی لە نێوان ئەو دوو ناوچەیەدا [200].

ئەو هەموو بنەمایانەی ئەو دوو کەسایەتییە، لەیەک کات بووین. سەرەڕای لە دوو ناوچەی تا ئاستێکی بەرز پەیوەندییەکی دوور و درێژی هزری بەهێز هەبووە. ئاڵوگۆڕی شارستانی و ئابوری لە نێوان هەردوو سەرزەمین هەبووە.
بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات، لە سرووتەکانی ڤیدا براهما بووە هێزێکی هەفرێنەر، یان ڕیالیستی ڕەها. هەر لەناوی ئەوەوە زاراوەیەک دروستبوو کە بووە هێما بۆ پێشڕەوانی دینی، کە خزمەتی پەرستگاکانیان دەکرد [201].

١٤. لە ڤێدا خودا لە وێنەی مرۆڤدایە. لەبەر ئەوە مرۆڤ باشترین ئەفرێندراوە. ئەو دیمەنی بەراوردەش لە ڕێگای یۆگاوە بەرجەستە بووە. کە ڕێگای بەرەو خودایە. بە هۆی

---

[199] العجمی، ا.د فالح شبیب (٢٠٠٦) صحف إبراهیم. جذور البراهمیه من خلال نصوص الڤیدا و مقارنتها بالتطبیقات و الروایات التاریخیه ص ٢٤
[200] هەمان سەرچاوە ص ٥
[201] Bose, A.C. The call of the Vedas. Bhavan´s Book university. Vol.25. Ed.S Ramakrishnan, 4th Edition. Mumbai (India): Bharatiya Vidya Bhavan1999

خۆشەویستی و هەوڵدانی بەردەوام [202] . لە دینە سامییەکانیش خودا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی دروستکرد. واتە خودا لە جەستەی مرۆڤە.

تەورات - ئەفراندن ١: ٢٦

(٢٦) ئینجا خودا فەرمووی: با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروستبکەین و لە خۆمان بچێت. با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵیماڵی و بەسەر هەموو زەویدا. هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەویدا دەخشێن [203].

لە کۆتایی دا کاتی کەراکتەری ئەبرەهام لە میسۆپۆتامیا بەرجەستە بوو. دەمێک بوو لەڕێی براهماوە، خەڵکی ناوچەکە بە ئەو کەراکتەرە ئاشنا بوون. و بە پیرۆزیان دەزانی. هەر ئەوەش وایکرد کە ئەبرەهام (ئیبراهیم) وا بە زوویی، بەو فراوانیە بڵاوبێتەوە. و ببێتە باوکی هەرسێ دینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هۆکەشی ئەوەیە کە ئەو کەسایەتییە و سرووشتەکەی لە میسۆپۆتامیا لەدایک نەبووە. بەڵکوو وەک پاکێچێکی ئامادە بە کولتوور و مێژوو و پەرتووکێکەوە لە هیندوستان گواستراوەتەوە، بۆ ئەو ناوچەیە و پەرەی سەندووە. دواتر لەگەڵ پەرەسەندن و فراوانبوونی جوگرافیای دینەکان ئەویش بەسەرتاسەری جیهاندا وەک باوکی دینی گواستراوەتەوە.

ئەو هەموو لەیەکچوونە، چ لە ئاکارە کانی کەسایەتی دڵەڕاوکێ و بەگومان بوون. ناوی خێزان. شێوەی پەیوەندی ئابووری. و پەڕینەوە لە ڕووبار وگەیشتنە کۆمەڵگای خودایی و پاک. لە هەردووکیان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن وەک یەکن. واتە یەک کەراکتەری خودایی

[202] العجمی، ا.د فالح شبیب (٢٠٠٦) صحف إبراهیم. جذور البراهمیه من خلال نصوص الڤیدا و مقارنتها بالتطبیقات و الروایات التاریخیه ص ٤٦

[203] تەورات -ئەفراندن ١: ٢٦

له دوو کەس دا. یەکیان بەرزترین خودای هیندۆیزمە. ئەویتریش باوکە گەورە و چەقی پیرۆزی هەرسێ دینە ئیبراهیمیەکانە.

ئەوەش دەبێ  بە ڕەچاوکردن و قووڵبوونەوە. لە کۆمەڵگای دینی و باوەڕ و کولتووری کۆمەڵایەتی و ژینگەی پەرستن، لە هەریەک لەو شوێنانە. بۆ ئەوەی بتوانین، هەڵومەرجی گونجانی براهمای هیندۆزی لە کەراکتەری ئیبراهیم (ئەبرەهام) دا بدۆزینەوە. هەرچەندە ئەگەر کەراکتەرەکانیش تەنیا ڕەنگدانەوەی پەرتووکە پیرۆزەکانبن. و لە خەیاڵی دیندارانی دوو شوێنی جیاواز بە شێوەی جیاواز ڕۆچووبن.

# بەشی نۆیەم
# پوختەی باس
# بۆ ڕەواندنەوەی تارمایی ئەبرام، ئەبرەهام

خوێنەری ئازیز لەو بەشەدا هەوڵدەدرێ سەرەداوی، باسەکان سەبارەت ئەبرەهام (ئیبراهیم) بەگشتی بەیەکەوە گرێ بدرێ. وبە شرۆڤەیەکی کورت، لەگەڵ ئەنجامگیری. ببێتە بەشی کۆتایی ئەو پەرتووکە.

بەدواداچوون و ووردبوونەوە لە کەسایەتی و پاشخانی ئەبرەهام (ئیبراهیم) هەم کارێکی سەختە، کە دەبێ لەناو توونێلەکانی مێژوودا بە ووردی و لەسەرخۆ بە سۆراخی دابچین, هەم دەبێ قووڵبوونەوە وبە بەراوردکردنی کەرەکتەری ئەبرەهام (ئیبراهیم) تاک بە تاک، بە ژینگە جیاجیاکان. تا بتوانین دەرئەنجامێکی بنبڕ و لۆژیک بدۆزینەوە. کە دواتر لەگەڵ ڕێچکەکانی تردا پێکەوە، سەرەداوەکانی پاشخانی لەیەک گرێبدەین. لەو ڕێگایەدا دەتوانین دیمەنێکی لۆژیک و باوەڕ پێکراو بدەینە دەست. کە ببێتە بەشێک لە وەڵامی هەندێک پرسیار، کە لە مێشکی هەر کەسێکی هوشیاردا دنە دەدەن.

لەلایەکی تر ئەبرەهام (ئیبراهیم) وەک کەسایەتییەکی ناو گێژەلووکی مێژووی ئاڵۆزی هەر سێ دینەکان پڕ دەردەسەرییە. بەتایبەتی ئەو کاتەی لێتۆژەرەوە، لە بەردەم دووڕیانی دوو کوێرە ڕێگا دەوەستێ. نازانێ کامە ئاڕاستە وەربگرێ. کەچی لەگەڵ ئەو هەموو سەختی و

کوێرەڕێگایانەدا. لە نێوان گومان و ڕاسیدا، پرۆسەیەکە گەنجینەیەکی بێ هاوتایە. و پڕیەتی لە خەرمانی گوڵ بۆ دۆزینەوە و زاڵبوون بەسەر ئەو ئەفسانانەی، کە توانیویانە بۆ ماوەی نزیکە ٤ هەزار ساڵ لە مێشک و دەروونی کۆمەڵگە بسووڕێنەوە. وەک پیرۆزییەک مرۆڤ بۆیان بێتە سەرچۆک.

ئەو باسەی لێرەشدا هەردووک خۆشی و دەردەسەری پێکەوە بوون. دۆزینەوەی گەنجینەی زانیاریش وەک خەڵاتێکی گرانبەها و خەرمانەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی مێژوویێکی پڕ تەموومژ. کە کۆمەڵگەی جیهانی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی هزری یەکتاپەرستی تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، لێکۆڵەرەوە و مێژوونووسانی لە سەرتاسەری جیهان بەخۆیەوە خەریک کردووە.

ئیبراهیم وەک باوک و نەبی و پێشڕەوی هەر سێ دینی یەهودی و کریستیان و ئیسلام، لە سەرتاسەری جیهان کەس نییە، کەم یان زۆر بە ناوی ئاشنا نەبێ. و وێنەی کەسایەتی لە مێشکی خۆی نەکێشابێ. بەڵام ئیبراهیم کێ بووە؟ شوێنەوارەکانی لە کوێن؟ تا دەگاتە ئەو پرسیارە گەورەیەی. بەڕاست ئیبراهیم ڕاستییە یان ئەفسانە؟ کەم کەس خۆی لێکردۆتە خاوەن.

هەر لە سەرەتای ئەو پەرتووکە. قۆناخ بە قۆناخ، چەندین کوێرەڕێگامان بەسەرکردنەوە. هەریەکەیان بۆخۆی دیمەنێکی ئەبرەهامیان پیشاندااین. کەچی هیچیان نەیانتوانی ئەو ئەبرەهامە بەرجەستە بکەن. کە لە ناو سێ دینەکە وێنەی کێشراوە. بەڵکوو هەریەک لەگەڵ ئەویتر ناکۆک بوون.

ئەو ناکۆکیانەش هەمیشە هەوڵدراوە بە پەرجوو (معجزە) لەلایەن ڕێبەرانی دین، پینە بکرێن. کەچی لە بواری زانستی مێژوو و شوێنەوارناسی، ناتوانن ببنە بەڵگە بۆ پشتڕاستکردنەوە.

لێتۆژەرەوانی وەک عصام الدین حفنة ناصف [204] و ف.ب مایەر [205] بێ دوودڵی ئەوە دەخەنە ڕوو. کە هیچ بەڵگەیەک چ لە ڕووی زانستی مێژوو یان شوێنەوارناسی بۆ سەلماندنی ئەو کەسایەتییە، تا ئێستا دەست نەکەوتووە. ئەوەش وامان لێدەکا کە نەتوانین دان بە بوونی دابنێین. بەڵکوو تەنیا وەک ئەفسانەیەک ببینین. کە بۆمەبەستێکی دیاریکراو خزێنراوەتە ناو تێکستە دینییەکان [206].

دوای بەدواداچوون و قووڵبوونە لە ناو پەرتووکە دینییەکان. و ناکۆکی ئاشکرا بەرۆکی دەگرتین. کە دەبوونە هۆی دوودڵی و گومانکردن لە یەکلاکردنەوە و ڕاستی بوونی ئەو کەسایەتییە. کە لە خۆیەوە دەبووە هۆی، لەلایەک بێهیوایی لە بەسۆراخ داچوون. و لەلایەکیتر دەبێ ڕێگایەکی تر هەبێ بیگرینە بەر. بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی تری جێی متمانە. ئەوەش تەنیا بە گەڕانەوە بۆ مێژوو و ڕووداوەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتری. دوایی لەو ڕێگایەوە دەرکەوت کە ئیبراهیم (ئەبرەهام) ناتوانێ کەسایەتییەکی دیاریکراو بێ. بەڵکوو چەندین ئەبرام و ئەبرەهام هەن [207].(هەر یەکەیان بە ئاکار و کردەوەی لەیەکتر جیا، لەسەر شانۆی ڕووداوەکان دەردەکەون. بۆیە دەبێ یەکەم لە ناوی و چۆنییەتی پێکهاتنی دەست پێبکەین ئەبرام لە (أب - رَم) واتە باوکە گەورە (باپیرە گەورە). بەو پێیەش دەبێ هەر هۆزێک، یان نەتەوەیەک ئەبرامی خۆی هەبووبێ. سەرەڕای ئەوە دکتۆر جواد علی باوەڕی وایە لەوە سەردەمەدا دینێک هەبووە بە ناوی (عبادە الاسلاف) پێشینە پەرستن [208]. ئەوەش باش ڕێی تێدەچێ، هەر هۆزە ئەبرام، ئەبرەهامێکی خۆی هەبووبێ و دوای ئەوە، هەموویان لە ژێر دێوجامەی یەک ئەبرەهام کۆکرابنەوە. ئەگەر ئەو گریمانەیە ڕاستبێ. ئەوا پرسیارێکی

---

[204] عصام الدین حفنة ناصف، الیهود بین الاستور و الحقیقه ص ١٣١

[205] F.B.Mayer (1936) Abraham, or the obedience of Faith

[206] عصام الدین حفنة ناصف، الیهود بین الاستور و الحقیقه ص ٦٠

[207] علی، دکتور جواد (١٩٩٣) مفصل فی تاریخ العرب قبل الإسلام. جلد السادس. ص ٤٦-٤٧

[208] هەمان سەرچاوە ص ٤٨

تر سەر هەڵدەدا: ئەو هەموو هاوبەشییە لەگەڵ براهمای هیدۆزی چۆن لەگەڵ ئەو ئەبرامانە (ئەبرەهامانە) ڕێک دەکەوێ؟

وەڵامەکەی دەکرێ بەو شێوەیە لێک بدرێتەوە. کاتی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی براهمایی لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا. وەک ڕەوتێکی دینی توانی شوێنی خۆی لە ناو خەڵکی پەیدا بکا، بەشێوەیەکی ئاسایی کولتوور و ئەفسانەکانی ناوچەکە، هەنگاو بە هەنگاو بە پێی تێپەڕ بوونی کات دەخزێنە ناو ئەو باوەڕە و دەبنە بەشێکی گرنگ لێی، و سەرچاوەیەکی پیرۆز بەدی دێنن. کە جێگای متمانەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بێ. کە بەپێی تێپەڕبوونی کات وەک پیرۆزییەکی دەروونی دەبێتە بەشێک لە بیر و باوەڕی ناوچەکە. سەبارەت بەپرسی هەردوو کەسایەتی براهما و ئەبرەهامیش، ئەو چیرۆکانەی کە لەسەر ئەبرەهام باس دەکرێن و لە ناو گەلانی سامی ناوچەکە بڵاون، دەبێ پێش ئەو سەردەمە هەبووبن. هەنگاو بە هەنگاو، لەگەڵ ڕەوتی بەنی ئیسرائیل لە ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبییەوە. بەرەو ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام و خاکی کەنعان هاتبن. جا بەو شێوەیە براهما کە بە پیرۆزییەکی ئامادە، بە پاشخانێکی گەورە و ئەزموونێکی مێژوویی، لە هیندستانەوە بەرەو میسۆپۆتامیا خزاوە. و شوێنی خۆی کردۆتەوە. دوای ئەوە بە تێپەڕبوونی کات، بۆتە چەترێک بۆ کۆبوونەوەی سەرجەم بەسەرهات و پرۆسەکانی هۆزە سامییەکان، لە ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبیەوە لەگەڵ خۆیانیان هێناون.

هەنگاوی دووەم گونجاندنی کەراکتەری براهمایە، کە دەبێ درکاندنی بۆ زمانە سامییەکان نامۆ بووبێ. ئەوەش بەپێی کات و فیلۆلۆژی زمانە سامییەکان، بە تیپی بزوێن گونجاوە (براهما ـ ئەبرەهام)[209].

[209] العجمی، دکتور فالح شبیب (٢٠٠٦) صحف إبراهيم. جذور البراهميه من خلال نصوص الڤيدا و مقارنتها بالتطبيقات و الروايات التاريخيه ص ٢

کۆکردنەوەی چیرۆک و ئەفسانەی ئەبرامی- ئەبرەهامی جیا جیا، لە شوێنی جوگرافیا و کولتووری جیا جیا. دەرئەنجامەکەی ناکۆکی هەم لە کەسایەتی ئەبرەهام. و هەم لە مێژووی ژیانی دەردەکەون. ئەوەش سەرەڕای کێشەی ئاکار و ڕەفتارە تایبەتییەکانی. کە سەرجەم لەگەڵ یەکتری ناکۆکن. و چەند کەسایەتی ناکۆک بەیەکی تێدا کۆبووبێتەوە.

لە بەشێکی سەرەتای ئەو نووسینە، باسی ئەوە کرا. کە لە ماوەی زیندانی یەهودیەکان، لە سەردەمی نەبوخودنەسر، کە بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە لە بابل، وەک کۆیلە دەستبەسەربوون. حاخامێک بە ناوی ئەزرای نووسەر (عذرا الكاتب). هەڵسا بە نووسینەوەی ئەو چیرۆک و ئەفسانانە. دوای ئازادبوونیان لە زیندانی بابل و گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائێل. ئیتر پرۆسەی نووسینەوەی تەورات دەستی پێکرد. ئەبرەهامیش بەشێکی گەورەی لەو نووسینەوەیە بەرکەوت. کەسایەتی ئەبرام و کەوتنە ناو دەقەکانی تەورات. نەک تەنیا وەک کارەکتەرێک لەو دینە. بەڵکوو وەک دەستپێشخەر و بنیات نەری دینی یەهودی. و باوکی بەنی ئیسرائیل. و بەرپرسیاری پەیوەندی ئەو نەتەوەیە، لەگەڵ یەهوای خودا.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە. کۆکردنەوە و نووسینەوەی سەرجەمی تەورات، لەلایەن نزیکەی ٣٥ حاخام بووە. و ماوەی هەزارساڵی خایاندووە. سەڕای ئەو ماوە درێژە. کێشەی ناکۆکی و هاودەنگ نەبوونی ئەو حاخامانەی خەریکی نووسینەوە و ڕێکخستنیشی بووین. وایکردووە ناکۆکی لە زۆر لاوە تێبکەوێ. ئەو ناکۆکیانەش لە چەندین ڕەهەند خۆیان دەبیننەوە. بۆ نموونە گۆڕانی ناوی خودا، ناکۆکی مێژووی بەسەرهاتەکان وناکۆکی لە کەسایەتی ئەرام- ئەبرەهام و مێژووی ژیانی، ناکۆکی لە شوێنی جوگرافی. ئەوانە گشتیان پێکەوە دەبنە گرفتی گەورە. بۆ ئەوەی تەورات جێگای متمانە نەبێ. ئەوەش لەخۆیەوە کاری لێتۆژەرەوە، تا بڵێی ئاڵۆزدەکەن.

ئەو جارانە کەم نین کە لێتۆژەرەوە دەکەوێتە بەردەم دووڕیانی دوو ڕێگای بنبەست، کە هەم لە ڕووی کەسایەتی و هەم لە ڕووداوەکان بە گومان دەکەوێ. کە بەپێی لۆژیک ناتوانن تەواوکەری یەک ڕەوتی بەسەرهاتەکان بن. بوونی ئەوەندە باوە گەورە: ئەبرامی ئارامی، ئەبرامی عیبری (عیبرانیی)، ئەبرامی یەمەنی، ئەبرامی شەباعە و ئەبرامی شەدای. هەریەکە کۆمەڵێ چیرۆک و ئەفسانەی خۆی بەپێی ژینگە و بەسەرهاتەکان بۆ ئەبرەهام بەجێهێشتووە، کە ناکرێ چاوپۆشیان لێبکرێ. لەلایەکی تر هەمان ئەبرام، لە گوێرایەڵێک تا سەرکردەیەکی سەربازی جەربەزە، و جادووکەرێک کە ڕاوێژ لەگەڵ خودا دەکا. یان کەسێکی خۆ پەرست، کە ئامادەیە ژنەکەشی بفرۆشی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی. گشت ئەو ڕەهەندە ئاڵۆزو پڕ تەنگژانە. دەبنە هەوێنی ئەوەی ئەبرامێکی فرە ڕەهەندیی و ئاڵۆز دروستببێ. بۆیە هەرگیز لێتۆژەرەوە، نە بەدواداچوونی کۆتایی دێ و نە دەشتوانێ بڵێ ئۆخەی. هەمیشە پرسیاری نوێ، کەلێنی نوێ و جیهانێکی تری شاراوە سەرەتاتکێ دەکا.

جا ئەو هەموو ئەبرامە بخزێنە ژێر چەتری براهما کە ئەویش کەراکتەرێکی خۆی، بە دەیان ڕەهەندەوە هەیە. ناتوانێ کارێکی ئاسانبێ، لە هەمان کاتدا جیهانێکی تایبەتییە کە دەتوانێ هەر شتێک بێ.

بە ڕەچاوکردنی ئەو کەسایەتییە جیاوازانە لە پشت دەمامکی ئەبرام، ئەبرەهام یان ئیبراهیم، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی دەبێ لەپشت دەمامکی ئەبرام، چەند کەسایەتی جیاواز هەبن. بەڵام هەر هەموو ئەو ئەبرامە جیاوازانە، بە گەورەیی و جیهانبینی براهما بوونەتە ئەو نەبی ئەبرام یان ئیبراهیمەی کە ئێمە پێی ئاشناین. و بە درێژایی مێژووی ٤ هەزار ساڵی ڕابردوو بۆمان بەرجەستەکراوە. و بە باوکی هەرسێ دینەکانی دەزانین. کەچی ئەبرام یان ئەبرەهام ناتوانێ لە تەنیا ناوێک زیاتر بێ. کە لە بەر تارمایی مێژوو و لە ژێر چەتری براهما بەرجەستە بووە.

له کۆتایی دا ئێمە ئەبرام - ئەبرەهام (ئیبراهیم) وەک کەسایەتییەکی مێژوویی نادۆزینەوە. بەڵکو پرۆسەی پەیدابوون پەرسەندنی ئەفسانەیەکە لەژێر چەتری براهما و چیرۆکی چەندین ئەبرامی پەرت وبڵاو، کە سامییەکان لە کۆچ و ڕەویان بۆ میسۆپۆتامیا و خاکی کەنعان، لەگەڵ خۆیان هێناون. ژیان و ڕۆڵ و کردەوەکانیشی، وەک گشت ئەفسانەکانی تری خودایی، خزاونەتە ناو خەرمانی ئەفسانەیەکی گەورە و ناسراو بە ناوی ئەبرام. بە مەبەستی ڕایی کردنی  دیندار بۆ ملکەچی وپەرستن. ئەگینا هیچ بەڵگەیەک نییە ئەوە بسەلمێنێ کە ئەبرام (ئیبراهیم) وەک مرۆڤێکی فیزیکی بوونی هەبووبێ.

# سەرچاوەکان:

قورآن الكريم (١٩٧٩) دار الإيمان. بيروت
ابن كثير. البدايه و النهايه ج١
أبو عبدالله محمد بن سعد : الطبقات الكبرى. ج ١.
ابيش، دكتور احمد (٢٠٠٦) التالمود كتاب اليهود المقدس.

الثعلبى ابو اسحاق. قصص الانبياء المسمى عرائس المجالس

ڕێبوار، سەلاح (٢٠١٧) لە سۆراخی لافاوی نوحدا. هەر لە دۆندی ئاراراتەوە تا قووڵاییەکانی دەریای ڕەش.

الصليبى, دكتور كمال (١٩٩٧) توراة جاءت من جزيرة العرب. الطبعة السادسة
الصليبى، دكتور كمال (٢٠٠٦) خفايا التوراة وأسرار شعب إسرائيل. الطبعة السادسة.

ضيف، الدكتور شوقى (١٩٦٠) تاريخ الادب العربى، جزء الاول العصر الجاهلى – دارالمعارف

عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قرويش من قبيلة الى الدولة المركزية. الطبعة الثانية
العجمى، دكتۆر فالح شبيب (٢٠٠٦) صحف إبراهيم. جذور البراهميه من خلال نصوص الڤيدا و مقارنتها بالتطبيقات و الروايات التاريخيه
العضم، دكتورصادق جلال (١٩٧٠) نقد الفكر الدينى
عصام الدين حفنى ناصف (١٩٨٥) اليهوديه بين الاسطوره و الحقيقه

على، دكتور جواد (١٩٩٣) مفصل فى تاريخ العرب قبل الإسلام. جلد الاول.
على، دكتور جواد (١٩٩٣) مفصل فى تاريخ العرب قبل الإسلام. جلد السادس.

فراس السواح (٢٠٠٢) دين الإنسان. بحث فى ماهية الدين و منشأ الدافع الدينى. دار علاء الدين.
فم الذهب (٢٠١٧) تاريخ الخلق السومري و الخلق التوراتي.

القصيمى، عبدالله (٢٠٠١) فيرعون يكتب سفر الخروج. الطبعه الثانيه.
القمنى، الدكتور سيد محمود. قصه الخلق او منابع سفر التكوين
القمنى، الدكتور سيد محمود. النبى ابراهيم و التاريخ المجهول.
القمنى، الدكتور سيد محمود (١٩٩٩) الاسطوره و التراث. الطبعة الثالثة. المركز المصرى لبحوث الحضاره. القاهره

الماجدى، الدكتور خزعل ( )علم الاديان
محمد فوءاد عبدلباقى (١٣٦٤) المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم. مطبعة دار الكتب المصرية
ميخائيل، د. نجيب ( ) مصر و الشرق الادنى القديم ج ٣ الشرق الادنى القديم. ص ١٨٢

# سەرچاوە بیانییەکان

Bibel (på svenska: Innehåller både det gamla och nya testamente)
Bible (in english: Contains the old and new Testaments)
Bose, A.C. The call of the Vedas. Bhavan´s Book university
Vol.25. Ed.S.Ramakrishnan, 4th Edition. Mumbai (India): Bharatiya
Vidya Bhavan1999
Cassierer, Ernst. The philosophy of symbolic forms vol 2.Yale, New
Haven. Pp 104-105
Durkheim, Emile (1912) The Elementary forms of the Religous life.
F.B.Mayer (1936) Abraham, or the obedience of Faith.
Herodotos. The History 7:89
Arabian Highland . (1952) JB Philby
Joseph Campbell(1968) The masks of God. London
Jewish Virtual library. A project of Aice
Koranen på svenska
Max Müller (1882) Introduction to science of Religion
Max Müller (1875) Lectures on the science of Language.
Meslin, Michel (1973) For a Science of Religion.
Paulus Orosius (1965) The seven books of history against the pagans.
World history Ancient. Pp 62,
Smith. S Early history of Assyria to 1000 BC. Pp 70 -71

God: The Failed Hypothesis. How Science  Stenger, Victor John ( )
Shows That God Does Not Exist. pp14
The Babylonian Talmud (1918) Volume 8
Torah. Den heliga skriften inom Judendomen
Westmister historical Atlas to the Bible pp 234
Wikipedia
William, James ( ) The varieties of Religious Experience pp31- 32
William Robertson Smith. The Prophets of Israel and their place in
pp 60 history, to the close of the 8th century B.C. 1882, 1895.
گۆڤاری مێژووی جیهان Världshistoria 2015 april 22